
STOP
populism
STOP populism



# پۆپۆلیست و تیرۆریست

## خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوانیان

لەوانەیە یەکێک لە خراپترین ئاکامەکانی مامەڵەکردنی ڕۆژئاوا لەگەڵ وڵاتانی بلۆکی سۆشیالیستیی پێشوو، دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ بووبێت بۆ حزبی سیاسی، ڕۆژئاوا لە بری ئەوەی پشتگیری حزبی سیاسی دیموکراتی بکات بۆ بەرپەرچدانەوەی حزبە کۆمۆنیستییە شمولییەکان، کەوتە پشتگیریکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاندانی خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین، بە بێ ئەوەی حزبێکی سیاسیی دیموکراتی بوونی هەبێت، کە بتوانێت ئەو نارەزاییەی خەڵک ڕێکبخات و بەرەو قۆناخی راگواستن بەرەو دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرن. ئەم سیاسەتەی ڕۆژئاوا بووە هۆکاری ئەوەی زەمینە خۆش بێت بۆ رووخانی دیواری بەرلین و پاشانیش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زۆربەی دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست، زەمینەی دروستبوونی حزبی دیموکراتی بەهێز بوونی نەبوو، بۆیە ژینگەیەکی لەبار بۆ دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی دروست بوو، کە دیارترین سەرکردەی پۆپۆلیستی لە دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست ڤلادمیر پۆتین-ی سەرۆکی ئێستای رووسیای فیدراڵییە، لەمەش زیاتر لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا بە شێوەیەک لە شێوەکان لە هەر ١٩ دەوڵەتەکەی ئەمریکای لاتینەوە تا دەگاتە ١٥ کۆمارەکەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و ئەو دەوڵەتانەشی لە ناوەڕاستی ئەوروپا سەر بە بلۆکی سۆشیالیستی بوون، ژینگەیەکی لەبار بوون بۆ دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیسیستی و حزبی پۆپۆلیستی دژەدیموکراتی، هەروەک چۆن بەم دواییە هەردوو وڵاتی پۆلەندا و هەنگاریا کە دوو ئەندامی یەکێتی ئەوروپان، بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر لیبراڵ دیموکراتی راگەیاند.

مامەڵەیەکی دیکەی خراپی ڕۆژئاوا بۆ ئیحتواکردنی کۆمۆنیست و بەرەنگاربوونەوەی سۆڤیەت دوای داگیرکردنی ئەفغانستان، پشتگیریکردنی گرووپ و بزاڤە ئیسلامییە

**لەبەر ئەوەی لە زۆربەی دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست، زەمینەی دروستبوونی حزبی دیموکراتی بەهێز بوونی نەبوو، بۆیە ژینگەیەکی لەبار بۆ دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی دروست بوو، کە دیارترین سەرکردەی پۆپۆلیستی لە دەوڵەتانی پۆست کۆمۆنیست ڤلادمیر پۆتین-ی سەرۆکی ئێستای رووسیای فیدراڵییە**

### • خاڵی هاوبەشی نێوان پۆپۆلیست و تیرۆریست

هەروەك چۆن لە جیهانی ئیسلامیدا رایەکی تەواو بەرچاو هەیە کە کۆمەڵکوژی و کارە دڕندەکانی حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕۆکان بە کاری تیرۆریستی ناو نابەن و هەتا ئێستاش لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی ئیشکالیەتێکی گەورە لەسەر پێناسەی تیرۆریست هەیە، بەهەمان شێوە لە جیهانی ڕۆژئاوا و تێکڕای کۆمەڵگە دیموکراتییەکان، ئیشکالیەتێکی گەورە لەسەر پێناسەکردنی پۆپۆلیست هەیە و بە دەیان و سەدان پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ناسینەوەی ئەم دیاردەیە بوونی هەیە، لەمەش زیاتر چۆن لە جیهانی ئیسلامیدا بۆچوونی بەرچاو هەیە کە دەستخۆشی لە کارە خۆڕییەکانی ڕێکخراو و حزب ئیسلامییە توندڕۆکان دەکەن، بەهەمان شێوە لە ڕۆژئاوا و تەواوی کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا، بۆچوونێکی بەرچاو هەیە کە ڕەفتاری پۆپۆلیستیانە بە کردەوەی دژی دیموکراتی لە قەڵەم نادەن، لەمەش زیاتر ژینگەی دیموکراتی خۆی ڕێگە دەدات کە فیکری پۆپۆلیستی و تیرۆریستی بە ئاسانی گەشە بکات، هەروەك چۆن ژینگەی سیاسیی ئێستای کوردستان بۆتە ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی فیکری پۆپۆلیست و تیرۆریست و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نەك هەر ناتوانێت سنووریان بۆ دابنێت، بەڵکو ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان خۆی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئەم دوو فیکرە زۆر بەئاسانی گەشە بکەن.

توندڕەوەکان بوو لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامی و دابینکردنی چەک و تەقەمەنی و پشتگیری لۆجیستی و مەشق و راهێنان بوو بۆ چەکدارە ئیسلامییە توندڕەوەکان وەک میکانیزمێک بۆ دژایەتیکردنی مەدی کۆمۆنیزم، ئاکامی ئەم سیاسەتە چەوتەش، درووستبوونی رێکخراوی ئەلقاعیدە بوو، کە بووە دایکی تەواوی تەواوی ئەو حزب و گروپە ئیسلامییە توندڕۆیانەی کە لە هەموو دەوڵەتانی ئیسلامی درووستبوون و هەمووشیان جیهادیان لە کاری تیرۆریستیدا بچووک کردەوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە هەر حزبێکی سیاسی ئیسلامی لە تەواوی دەوڵەتانی ئیسلامیدا بە کوردستانیشەوە، کە دروشمی جیهادیان بەرزکردۆتەوە، بەشی هەرە زۆری سەرکردەی ئەو حزبە ئیسلامییە تیرۆریستانە لە سەربازگەکانی قاعیدە لە ئەفغانستان مەشق و راهێنان لەسەر درووستکردنی هەموو جۆرە بۆمبێک –بە بۆمب و پشتێنی خۆکوژەوە–، پێکراوە و فەتوای سەرکردەکانی قاعیدەیان جێبەجێ کردووە.

کەواتە ئەم مێژووە پێمان دەڵێت، پۆپۆلیستی هاوچەرخ و تیرۆریستی هاوچەرخ بەرهەمی سیاسەتی هەڵەی رۆژئاوا بووە بۆ ئیحتواکردنی کۆمۆنیزم، لە ئێستاشدا ئەم دوو دیاردەیە نەک هەر بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئایندەی ئازادی و ئایندەی دیموکراتی لیبڕاڵی، زۆر بە باشییش لە ژینگەی لیبڕاڵ دیموکراتی گەشە دەکەن، لەمەش زیاتر هەردوو دیاردەکە (پۆپۆلیست و تیرۆریست) بوونەتە بەرهەمی خۆڕسکی (homegrown) کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئێستا هەموو جیهان کۆدەنگن لە سەر ئەوەی تیرۆریست هەڕەشەیەکی جددییە لە سەر ئازادی و دیموکراتی، بەڵام سەبارەت بە پۆپۆلیست هێشتا ئەو پرسیارە دەکرێت: ئایا دیاردەی پۆپۆلیستی هەڕەشەیە، یان تەحەددایە بۆ دیموکراتی و وڵاتانی رۆژئاوا چۆن رووبەڕووی دەبنەوە و چۆن وەڵامی ئەم دیاردەیە دەدەنەوە؟

هەر بۆیە ئێستا بۆچوونی هاوبەش لەسەر ئاستی هەموو ئەکادیمیست و بیرمەندانی سیاسی ئەوەیە، لە هەر شوێنێك کۆمەڵگەی دیموکراتی هەبێت، دیاردەی پۆپۆلیستی و هەوڵدان بۆ کاری تیرۆریستی بوونی هەیە، لەمەش خراپتر ئەوەیە ئەم دوو دیاردەیە وەك دوو دیاردەی سەرنجڕاکێش لای هاووڵاتیانی رۆژئاوا بۆتە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی رۆژئاوا لە ناوخۆی خۆیدا دابەش بکات و لێکی بترازێنێت، بەشێك لە هاووڵاتیانی رۆژئاوا خۆیان دەبنە بەشێك لە رێکخراوە ئیسلامییە تیرۆریستییە جۆراوجۆرەکان، بەشێکیان دەبنە ئەندامی حزبە پۆپۆلیستیە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش بەرەو خاڵێکی دیکەی هاوبەشی نێوان پۆپۆلیست و تیرۆریستمان دەبات، ئەویش ئەوەیە چۆن رێکخراو، یان گروپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان یەك حزب، یان یەك رێکخراو، یان یەك مەرجەع نین، بەهەمان شێوە دیاردەی پۆپۆلیستیش تەنیا تایبەت نییە بە فیکری چەپ، یان راست، یان تایبەت نییە بە کەسێك کە دەیەوێت گوتاری ئیستفزازی توند بدات، بەڵکو دیاردەی پۆپۆلیستی چەپ و راستی گرتۆتەوە و ئێستا بۆتە هەڕەشەیەکی جددی لە رۆژئاوادا.

خاڵێکی دیکەی هاوبەشی نێوان پۆپۆلیست و تیرۆریست ئەوەیە، هەردوو لایان دژی سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتین، هەر بۆ نموونە گروپە ئیسلامییە توندڕۆکانی رۆژئاوا ژینگەی لیبڕاڵ دیموکراتی بەکار دەهێنن بۆ رووخاندی سیستمی لیبڕاڵ دیموکراتی، ئەم رێکخراوە ئیسلامییانە کە دەبنە ژێرخان

**پۆپۆلیستی هاوچەرخ و تیرۆریستی هاوچەرخ بەرهەمی سیاسەتی هەڵەی رۆژئاوا بووە بۆ ئیحتواکردنی کۆمۆنیزم، لە ئێستاشدا ئەم دوو دیاردەیە نەک هەر بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئایندەی ئازادی و ئایندەی دیموکراتی لیبڕاڵی، زۆر بە باشیش لە ژینگەی لیبڕاڵ دیموکراتی گەشە دەکەن**

و سەرچاوەی سەرەکی داهات و ناردنی چەکدار بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان، بە ئاشکرا لە وڵاتانی دیموکراتی ڕۆژئاوا و سەرتاسەری جیهان بوونیان هەیە و، بە ئاشکرا و لە میانەی خۆپیشاندان و گوتارە ئیستفزازییەکانیان لە گۆڕەپانەکانی ڕۆژئاوا، دیموکراتی ڕەتدەکەنەوە و بانگێشە بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت دەکەن، بەهەمان ئاست پۆپۆلیستیت هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت، یان ئەوەیە پۆپۆلیستی چەپە و بە بیانووی ڕەخنە گرتن لە دیموکراتی سەرمایەداری و ئابووری بازاڕ بانگەشە بۆ نەمانی دیموکراتی دەکات، یاخود پۆپۆلیستی ڕاستە کە تەواوی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بنەماکانی لیبراڵیزم ژێرپێ دەنێت و دژایەتی موسڵمانان و ڕەشپێست دەکات، هەروەك چۆن ئێستا حزب و سەرکردە پۆپۆلیستە ڕاستەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا بە ئاشکرا دژایەتی هاتنی پەنابەران دەکەن.

سەرەتای سەرهەڵدانی تیرۆریست لەو سەلەفییانەوە دەست پێدەکات کە لە مزگەوتەکانەوە تۆی فیکری تیرۆریستی دەچێنن، سەلەفییەکان لە دەستپێکدا هەموو حزبێکی سیاسی ڕەتدەکەنەوە و ڕایدەگەیەنن کە بڕوایان بە هیچ حزبێکی سیاسی نییە، هەموو خۆشییەکی دنیایی تەرك دەکەن و ریش بەردەدەنەوە بۆ ئەوەی خۆیان واپیشان بدەن بێجگە لە خواپەرستی دەخالەتی هیچ شتێکی دیکە ناکەن،



فەتوا لەسەر کاری خراپ و ناشەرعی نادەن، بەڵام کە تەواو تۆی فیکرە توندڕۆکان گەشەی کرد و جەماوەریان لە دەور کۆبووەوە، ئەوا لە هەنگاوی یەکەمدا لە ناو میحرابی مزگەوتەکانەوە دەست دەکەن بە جاڕدانی توندڕۆیی و پاشان روودەکەنە سەر شەقامەکان و دواتریش دەکەونە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی، بەهەمان شێوە سەرکردە، یان حزبی پۆپۆلیستی سەرەتا خۆی وەك فریادڕەسی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو و پشتگیری لە رەخنە و سەرنجەکانی نووسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان لەسەر دیاردە نەرێنییەکانی کۆمەڵگە دەکات، خەڵکی هەژار و پەراوێزخراوی کۆمەڵگە لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و زۆر بە سەختی دژایەتی خۆی لە میانەی دژایەتیکردنی دەستەبژێرێکی دەسەڵات بۆ دژایەتی سیستمی دیموکراتی بچووك دەکاتەوە، سەرکردەی پۆپۆلیستی ئەگەر خاوەنی حزبی سیاسی نەبێت، گۆڕەپانەکانی شار و کۆڕ و کۆبوونەوەی مەدەنی دەکاتە قوتابخانەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و توندڕەوی سیستمە دیموکراتییەکە، خۆ ئەگەر دیاردەی پۆپۆلیستی لە حزبێکدا رەنگی دایەوە، ئەوە حزبەکە خۆی دەبێتە سەربازگەیەك بۆ مەشق و راهێنانی هەڵسوڕاوانی ئەو حزبە پۆپۆلیستە، چۆن لە سەربازگاکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە سەرکردە و چەکدارانی حزبە ئیسلامییە توندڕۆیەکان مەشقیان پێدەکرێت لەسەر چۆنیەتی دروستکردنی هەموو جۆرە بۆمبە خۆکوژەکان و فێریان دەکەن بەبێ بەزەییانە ئەم بۆمبانە لە شوێنی قەرەباڵغدا بتەقێننەوە، بەهەمان شێوە حزبە پۆپۆلیستییەکان هەڵسوڕاوانی خۆیان لە سەر چۆنیەتی بەرهەمهێنانی جنێو، سووکایەتیکردن، بێ بایەخکردنی رەمز و سیمبولەکانی نەتەوە، دامەزراوە شەرعی و هەڵبژێراوەکانی دەوڵەت مەشق پێدەکەن، شێوازی مەشقپێکردنی حزبی پۆپۆلیستی لەسەر بەرهەمهێنانی جنێو و قسەی سووك، بە جۆرێکە دەبێت سەرنجڕاکێش بێت، خەڵك گوێی لێبگرێت و دووبارەی بکاتەوە. ئامانجی سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستی لە پیادەکردنی ئەم شێوازە، بەهەمان شێوەی ئامانجی رێکخراوی ئەلقاعیدەیە، رێکخراوی ئەلقاعیدە لە شتی زۆر سادە بۆمبی خۆکوژ دروستدەکات، بۆ ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری لە وڵاتدا درووست بکات، بۆ ئەوەی سیستمە دیموکراتییەکە بڕووخێنێت، بەهەمان شێوە ئامانجی پۆپۆلیستیش لە بەرهەمهێنانی قسەی سووك و جنێو بۆ ئەوەیە ئەم قسە و جنێوانە بکاتە بۆمبێك و شیرازەی کۆمەڵایەتی و متمانەی نێوان خەڵك و دەوڵەت تێکبشکێنێت و پاشەگەردانی و ئاژاوە لە کۆمەڵگە درووست بێت و رایەکی گشتی دژی سیستمە سیاسەکە درووست بکات.

**● پۆپۆلیست و تیرۆریست**

**توندڕەوی کۆیان دەکاتەوە نەك ئایدیۆلۆژیا**

لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو کە بە بەرچاوی هەموو کامێرای کەناڵەکانەوە بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەسووتێنران، هەندێك لە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەیانگوت: «پارتی بۆخۆی سەغڵەت دەکات، لە هەر شوێنێك خۆپیشاندان بکرێت، توندوتیژی هەر روودەدات، ماوەیەك لەمەوپێش لە لەندەن خۆپیشاندان کرا و خۆپیشاندەران چەندین ئۆتۆمبیلیان سووتاند و کەسیش قسەی نەکرد»!

ئەگەر سەرنجێکی ورد لەسەر ئەم قسانەی هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان بدەین، هەست بەوە دەکەین کە دەیانەوێت پاکانە بۆ بارەگاسووتاندن بکەن، لەمەش زیاتر ئەگەر سەلمێنرا هەڵسووڕاوانی ئەو بزووتنەوەیە ئەو کارە تێکدەرانەیان ئەنجامداوە، ئەوا لە چوارچێوەی دیاردەیەکی زۆر سادەی کۆمەڵگەی دیموکراتی پێمان بفرۆشنەوە!! راشکاوانەتر گۆڕان دەیەوێت بە هەموو هەوڵی خۆی کاری تێکدان و سووتاندن بە نەریتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە خەڵك تێبگەیەنێت. ئەگەر بەراوردێك لە نێوان ئەم هەڵوێستەی گۆڕان و دەقی ئەو قسە و پاکانانەی داعش لە گۆڤاری (دابق) بکەین کە پاساوی ئەوە بۆ ئەتکردن و بە کۆیلەکردنی کچانی ئێزیدی دێنێتەوە و وای پیشان دەدات ئەم کارە بە دەقی قورئان لە ئیسلامدا رێگەی پێدراوە و ئەوەی ئیسلام بێت، دەبێت بڕوای بە کۆیلەکردن و هەتکردنی کچانی ئێزیدی هەبێت، چ جیاوازییەکی هەیە؟ ئایا جیاوازی نێوان پاکانەکەی داعش بۆ کچانی ئێزیدی و پاکانەکەی گۆڕان بۆ تێکدان و سووتاندن، پەنابردن نییە بۆ ئیسلام و دیموکراتی؟ هەر بۆیە ئەگەر ئەوەی داعش دەیڵێت ئەوە ئیسلام بێت، ئەوا ئەوکات ئەوەی گۆڕانیش دەیڵێت ئەوە دیموکراتییە، بەڵام موسڵمان لە هەر کوێیەکی ئەم زەمینە بن، بە مەرجێك خۆیان بەشێك نەبن لە فیکری داعشی، ئایا روویان دێت بڵێن ئەوەی داعش دەیکات ئیسلامە؟ بەهەمان شێوە کورد و دیموکراتخوازان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بن،

**هەر حزبێکی سیاسی ئیسلامی لە تەواوی دەوڵەتانی ئیسلامیدا بە کوردستانیشەوە، کە دروشمی جیهادیان بەرزکردۆتەوە، بەشی هەرە زۆری سەرکردەی ئەو حزبە ئیسلامییە تیرۆریستانە لە سەربازگەکانی قاعیدە لە ئەفغانستان مەشق و راهێنان لەسەر دروستکردنی هەموو جۆرە بۆمبێک -بە بۆمب و پشتێنی خۆکوژەوە-، پێکراوە و فەتوای سەرکردەکانی قاعیدەیان جێبەجێ کردووە**

**ژینگەی سیاسیی ئێستای کوردستان بۆتە ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی فیکری پۆپۆلیست و تیرۆریست و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نەک هەر ناتوانێت سنووریان بۆ دابنێت، بەڵکو ژینگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان خۆی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئەم دوو فیکرە زۆر بەئاسانی گەشە بکەن**

به مەرجێك ئەندامی ئەو بزووتنەوەیە نەبن، ئایا کاتێك ئەو دیمەنی سووتاندن و تێکدانە دەبینن، روویان دێت بڵێن ئەمە دیموکراتییە؟.

لێرەوە ئەگەر لە سەر شێوازی لایەنگیریکردن بۆ ڕەفتارەکانی داعش و قاعیدە و حزبە ئیسلامییە توندڕەوەکانی دیکە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی و ڕەفتاری توندڕۆیی و تێکدان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هەڵوەستە بکەین و بپرسین، ئایا کێن ئەوانەی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەبنە لایەنگری ڕەفتارەکانی داعش و کێن ئەو کەسانەی کە دەبنە لایەنگری تێکدان و سووتاندن لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە کە هەموو ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەی لە جیهاندا سەرقاڵ کردووە، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی لە سەرانسەری جیهاندا کەم تا زۆر خەڵکانێك هەن پشتگیری کارە تیرۆریستییەکانی داعش و قاعیدە دەکەن، بەهەمان شێوە خەڵکانێکی بەرچاویش هەن، پشتگیری لە کاری توندڕۆیی و تێکدەرانەی پۆپۆلیستەکان دەکەن! کەواتە ئەم بەرەنجامە پێمان دەڵێت: ئەوەی دەبێتە لایەنگیری کارە تیرۆریستەکانی حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکان و ئەوەی دەبێتە لایەنگیری کاری تێکدان و توندڕۆیی پۆپۆلیستەکان، پەیوەندی بە ئایدیۆلۆژیەت، یان شێوازی بیرکردنەوەی ئەم حزب، یان ئەو سەرکردەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بەوەوە هەیە ئایا ئەو ڕەفتارە تیرۆریستییە، یان ئەو کاری تێکدان و توندڕۆییە تاچەند دەبێتە هۆکاری شڵەژان و ناسەقامگیری و کەوتنی سیستمە دیموکراتییەکە، ئەوجا مەرج نییە کە موسڵمانێك دەبێتە لایەنگری کاری تیرۆریستی قاعیدە، یان داعش، یان حزب و ڕێکخراوەکانی دیکە، خۆی بیەوێت ببێتە تیرۆریست و خۆی بتەقێنێتەوە، نەخێر دەوێت لە میانەی لایەنگیریکردنی بۆ ئەو کردەوانە دژایەتی خۆی بۆ سیستمی ئەو وڵاتە دەرببڕێ، بۆیە پاکانە بۆ کارەکانیان دکات. هەر بۆ نموونە لەوانەیە خەڵکانێکی زۆر هەبن کە رقیان لە سیستمەکانی خۆیانە لە دەوڵەتانی کەنداو، یان دەوڵەتانی ئیسلامی، دوای هەر کارێکی تیرۆریستی قاعیدە، یان داعش، خۆشحاڵی خۆیان بە سەرکۆنەکردنی حکومەتەکەی خۆیان پیشان دەدەن و پاکانە بۆ کاری تیرۆریستی دەکەن و دەیخەنە پاڵ کەموکورتییەکانی حکومەتەکانیان، بەهەمان شێوە لەوانەیە دوای کارە تیرۆریستییەکەی شارل ئیبدۆ و تەقینەوەکانی کۆتایی ساڵی ڕابردوو لە پاریس، دەبینین حزب و سەرکردە پۆپۆلیستییەکان ڕاستەوخۆ پشتگیری ئەو کارانەی تیرۆریستان ناکەن، بەڵام ئەو کارە تیرۆریستییانە دەکەنە ئامرازێك بۆ زیاتر شڵەژانی بارودۆخەکە، هەر بۆ نموونە لە دوای ئەو ڕووداوانە پۆپۆلیستی ڕاست لە تەواوی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، ئەم دیاردەیان قۆستۆتەوە و بە ئاشکرا دژایەتی خەڵکانی بیانی، یان کۆچبەرانیان کرد، ئەمە گواستراوەتەوە بۆ ئەمریکا و ئێستا بە تەواوەتی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ڕەنگدانەوەی هەیە. لە بەرامبەردا پۆپۆلیستەکانی دیکەش وە نەبێ لە دژی پۆپۆلیستی ڕاست پشتگیری حکومەتەکەی بکات و هەوڵبدات بارودۆخەکە هێور بکاتەوە، دیسان ئەمانیش بارودۆخە دەقۆزنەوە و بە هەمان شێوەی پۆپۆلیستی ڕاست، دەستیان کردووە بە خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین و پشتگیری لە هاتنی پەنابەران دەکەن، ئەم حاڵەتە زۆر بە ئاشکرا لە یەك دوو مانگی ڕابردوو لە ئەڵمانیا بوونی هەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەو شالاوەی پەنابەرانی سووریا روویانکردە ئەڵمانیا، هەموومان لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانمانەوە بینیمان لە یەك کاتدا دوو جۆر خۆپیشاندان بەرێوەدەچوو، پۆلیسی ئەڵمانیا ناچار هەر ئەوەندەی پێدەکرا بۆ ئەوەی تێکەڵی یەکتری نەبن، هەردوو خۆپیشاندانەکەش ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرایە، دەبووە مایەی ئاژاوە و خوێنڕشتنێکی گەورە لە شەقامەکانی ئەڵمانیادا.

### ● فەزای گشتی و ماسمیدیا
### شوێنی گونجاوی پۆپۆلیست و تیرۆریست

پۆپۆلیست و تیرۆریست هەر کارێك ئەنجامبدەن، ئەوا ئامانجی سەرەکی ئەو کارە ناردنی مەسجێکە، باشترین شوێنیش کە ئەم مەسجە بگەیەنێتە هەموو کەس، فەزای گشتی و ماسمیدیایە بە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیشەوە، بەمەش هەموو کارەکانی پۆپۆلیست جۆرێك لە شێوەی کاری پروپاگەندەیی وەردەگرێت (propaganda of the deed)، پۆپۆلیست و تیرۆریست هێندەی مەبەستیانە بۆ گەیاندنی مەسجەکەیان سوود لە میدیای دیکە (غەیرە میدیای خۆی) وەربگرن، هێندە نایانەوێت لە میدیای خۆیانەوە مەسجەکانیان بنێرن. هەر بۆ نموونە کاتێك تیرۆریستان کارێکی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، مەبەستیانە ئەو کارە لە شوێنی قەرەباڵغ بێت و زۆرترین قوربانی و زیانی لێبکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە سەردێری هەواڵی هەموو ماس میدیای جیهانی، پۆپۆلیستیش کە دەیەوێت دیاردەیەکی کەموکورتی کۆمەڵگە بقۆزێتەوە،

**سەرکردەی پۆپۆلیستی ئەگەر خاوەنی حزبی سیاسی نەبێت، گۆڕەپانەکانی شار و کۆڕ و کۆبوونەوەی مەدەنی دەکاتە قوتابخانەی بەرهەمهێنانی توندوتیژی و توندڕەوی سیستمە دیموکراتییەکە، خۆ ئەگەر دیاردەی پۆپۆلیستی لە حزبێکدا ڕەنگی دایەوە، ئەوە حزبەکە خۆی دەبێتە سەربازگەیەک بۆ مەشق و ڕاهێنانی هەڵسووڕاوانی ئەو حزبە پۆپۆلیستە**

**گۆڕان دەیەوێت بە هەموو هەوڵی خۆی کاری تێکدان و سووتاندن بە نەریتی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە خەڵک تێبگەیێنێت**

**پۆپۆلیست و تیرۆریست هەر کارێک ئەنجامبدەن، ئەوا ئامانجی سەرەکی ئەو کارە ناردنی مەسجێکە، باشترین شوێنیش کە ئەم مەسجە بگەیەنێتە هەموو کەس، فەزای گشتی و ماسمیدیایە بە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیشەوە**

هەوڵدەدات بۆ ئەم قۆزتنەوەیە شێوازی مەدەنی و دیموکراتی بەکار بهێنێت، هەتا لە ناوەندی شاردا، یان سەنتەرێکی گرنگی ئەو شارە قەرەباڵغییەکی گەورە دروست دەکات، لەناو ئەم قەرەباڵغییەدا ئاراستەی خۆپیشاندانەکە بەرەو تێکدان و سووتاندن دەگۆڕێت. ئەمە ئێستا دیاردەیەکی باوە لە جیهان بۆ دژایەتی دیموکراتی و بزووتنەوەی گۆڕان-یش ئەم دیاردەیەی زۆر بە جوانی لە کوردستان پێ ئاشنا کردووین، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم کارە توندوتیژییە زۆرترین زیان و سووتاندنی لێ بکەوێتەوە و پێکدادان لە نێوان پۆلیس و خەڵکدا دروست بکەن، هەڵسووڕاوانی ئەم بزووتنەوەیە دەکەونە شەڕەبەرد و سووتاندنی تایە و هەڵکوتانە سەر پۆلیس و ئەو لایەنانەی ئەرکیانە ئەو کارە تێکدەرییانە خامۆش بکەنەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم حاڵەتەدا حزبی پۆپۆلیستی کەمترین هۆکاری میدیایی خۆی بەکار دەهێنێت. هەر بۆ نموونە لە خۆپیشاندانەکانی ئۆکتۆبەری رابردوو، هەتا ئەو کاتەی خۆپیشاندانەکان رێکخراو و ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بوو بە هێرشکردنە سەر بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان لە رێگەی KNN ـەوە هەموو هەوڵەکانی بۆ هاندان و زەمینەخۆشکردن بوو بۆ تێکدانی بارودۆخەکە، کە بارودۆخەکە تێکچوو، بینیمان شاشەی KNN هیچ دیمەنێکی نەدەگواستەوە و لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانی دیکەی کوردستانیشەوە ئەو هەموو ئاگر و سووتاندنە راستەوخۆ دەگوازرانەوە، دیارە تیرۆریستەکانیش لە ئەنجامی کارە تیرۆریستییەکانیان هەمان مەسجیان هەیە، کاتێك کارێك ئەنجام دەدەن، گرنگ ئەوەیە ئەو کارە ببێتە رووداوێك کە فەزای عام و ماسمیدیا داگیربکات، تەنانەت زۆر جار دوای ئەوەی کارە تیرۆریستییەکە دەبێتە رووداوێکی گەورە، ئینجا ئەو رێکخراوە تیرۆریستییانە رایدەگەیەنن و خۆیان بە خاوەنی کارەکە دەکەن، زۆربەی جاریش پۆپۆلیست هەمان شت دەکات. هەر بۆ نموونە کە لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ ئاراستەی خۆپیشاندەکەیان گۆڕی بۆ هەڵکوتانە سەر لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا نەوشیروان مستەفا-ی رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو هەڵکوتانەی بە کاری تێکدەر و گێرەشێوێنی وەسفکرد، بەڵام کاتێك بۆی دەرکەوت هەوڵەکانی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، خۆی کردە خاوەنی خۆپیشاندانەوە و ماوەی زیاتر لە ١٠٠ رۆژ، کار و کاسبی و ژیانی لە هاووڵاتیانی دەڤەری سلێمانی و گەرمیان تێکدا. ئەم حاڵەتە بۆ هەموو حزب و سەرکردە پۆپۆلیستیەکانی جیهان لە ئەمریکای لاتینەوە هەتا دەگاتە فلیپین راستە و هەموویان ئەم شێوازەیان تاقیکردۆتەوە.

ئەوەی لێرەدا ئاستەنگی سەرەکی بۆ دیموکراتی لیبراڵی دروووست دەکات، ئەوەیە ئایا سیستەمە دیموکراتییەکان دەتوانن دەستبەرداری ماسمیدیای ئازاد و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و خۆپیشاندانەکانی فەزای گشتی بن؟ بێگومان نەخێر. هەر ئەم نەخێرەشە دەبێتە ئۆکسجینی پۆپۆلیست و تیرۆریست و زۆر بە زەحمەت لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا دەتوانرێت رێگە بە تیرۆریست و سەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیستی بگیرێت.

**● هەرێمی کوردستان لە ناو تەنگژەی تیرۆریستان و دیاردەی پۆپۆلیستی**

لەوانەیە هەرێمی کوردستان تەنیا شوێن بێت لەم جیهانەدا کە خاوەنی سیستمێکی دیموکراتی بێت و چوار تەنگژەی مەترسیداریش دەوری دابێت، ناچاریشە مامەڵە لەگەڵ هەر چواریشیان بکات کە بریتین لە:

١. شەڕی راستەوخۆی تیرۆریستانی داعش بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر.

٢. بوونی ژینگەیەکی سیاسی لەبار بۆ گەشەکردنی بەردەوامی فیکری ئیسلامیی توندڕەو.

٣. پەیدابوونی سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستی هەمەچەشنە لە چەپ و ئیسلامی.

٤. هەژموون و باڵادەستیی ساسیەتی پۆپۆلیستی لە میدیا و فەزای عامدا دژی دامەزراوەکانی دەوڵەت.

لە بەرامبەر ئەم چوار تەنگژە ترسناکە، لەوانەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم ئەزموونترین و بێ ئیمکانییەترین حکومەت بێت لە جیهاندا بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم چوار تەنگژەیە. هەر بۆ نموونە لە رووی بەرەنگاربوونەوەی سەربازییانەی پێشمەرگە لەشەڕی دژی داعش، بەراوردی هێزی پێشمەرگە بکەین بە سوپای هەر ٦٧ دەوڵەتەکەی دیکەی هاوپەیمانی دژی داعش، پێشمەرگە لە هەموویان ئیمکانیەتی سەربازی کەمترە لەبەرامبەر ئەم بێ ئیمکانییەتە سەربازییەی پێشمەرگە و بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنانەشی بەدەستی هێناوە، دیارە هەموو لە یادمانە کە سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری دا پێشمەرگە شەڕی سەرتاسەری لەگەڵ داعش بکات و ناوی «شەڕی مان و نەمان»ـی لێنا و خۆی بە

**لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ ئاراستەی خۆپیشاندەکەیان گۆڕی بۆ هەڵکوتانە سەر لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرەتا نەوشیروان مستەفا-ی رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەو هەڵکوتانەی بە کاری تێکدەر و گێرەشێوێنی وەسفکرد، بەڵام کاتێک بۆی دەرکەوت هەوڵەکانی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، خۆی کردە خاوەنی خۆپیشاندانەوە و ماوەی زیاتر لە ١٠٠ رۆژ، کار و کاسبی و ژیانی لە هاووڵاتیانی دەڤەری سلێمانی و گەرمیان تێکدا**

**لە کوردستاندا یاسایەک هەیە بە ناوی یاسای پارتە سیاسییەکان، بەڵام ئەم یاسایە نەیتوانیوە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان وەک حزبی سیاسی هەڵبژاردن و بەرهەمهێنەری دیموکراتی رێکبخاتەوە**

شەخسی هاتە ناو شەڕەکە و لە رووی مەعنەوییەوە ئاراستەی شەڕەکەی گۆڕی، دەنا ئەگەر لە رووی سەربازییەوە بەراوردی ئیمکانیەت و شارەزایی سەربازی چەکدارانی داعش لەگەڵ پێشمەرگە بکەین، هێشتا ئیمکانیەت و شارەزایی چەکدارانی داعش گەورەتر بووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رووبەڕووبوونەوەی داعش ئیمکانییەتی تائێستاش سنووردارە، بەڵام لە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ سێ خاڵەکەی دیکە کەمئەزموونە، هێندەی خۆی گرێداوەتەوە بە شکڵییەتی یاساکان و تەفسیرکردنی بنەماکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ، هێندە لەسەر ئەو پرسانە هەڵوەستەی نەکردووە بە چ جۆرە رێوشوێن و یاسایەك سنوورداریان بکات، لەوانەیە هەندێك لەسەر ئەم رەخنەی ئاراستەی حکومەتی خۆمانی دەکەین، بڵێن: ئایا هیچ وڵاتێکی دیموکراتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو سێ تەنگژەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپی بوونی هەیە، هیچ هەنگاوێکیان هەڵگرتووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێن، هەر وڵاتێکی دیموکراتی لەم جیهانە، وەك کوردستان لەناو ئەو تەنگژە مەترسیدارانە بوایە، راشکاوانە رایدەگەیاند: «ئێمە لە شەڕداین»، ئەوکاتە رێوشوێنی تایبەتی دەگرتەبەر، هەر بۆ نموونە لە دوای تەقینەوەکانی ئەم دواییە لە پاریس، سەرۆکی فەرەنسا بە ئاشکرا رایگەیاند: فەرەنسا لە شەڕدایە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەوڵەتێکی وەك فەرەنسا کە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، رێوشوێنی تایبەتی گرتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تەنگژەیە، ئەوجا لەمەش زیاتر زۆربەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا دوای ئەو تەقینەوانە رێوشوێنی زۆر تایبەتیان گرتەبەر و دەوڵەتێکی وەك بەلژیکا بە ئاشکرا بۆ ماوەیەك دەرگای مزگەوتەکانی داخست و رێگەی نەدا ئیمامی مزگەوتەکان پێشنوێژی بکەن. بەڵام پرسیار ئەوەی ئایا ئەم هەنگاوانە دیموکراتین؟ بێگومان نەخێر، بەڵام وەرگرتنی رێوشوێنی پێویستە بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکی گەورە، بۆیە لەم رووەوە ئەگەر سەرنج بدەین، بە قووڵایی ئەو تەنگژانەدا رۆبچین دەکرێت چەند خاڵێکی گرنگ دەستنیشان بکەین:

١. سەبارەت بە گەشەکردنی فیکری توندڕۆیی ئیسلامی، لەوانەیە زیدەڕۆیی نەبێت کە بڵێین: حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی هەموو ئەو سەرچاوانە دەهێنێتە کوردستان کە دەبنە هەوێنی گەشەکردنی فیکری ئیسلامی، هەر بۆ نموونە هەموو ساڵێك لە پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر گەورەترین پێشانگەی کتێب دەکرێتەوە، کە لانیکەم ٥-٦ هەزار ناونیشانی تێدا کۆدەبێتەوە، ئایا لەم ٥-٦ ناونیشانە، چەند ناونیشانیان خزمەتی کەلتووری دیموکراتی دەکات و چەندیشیان خزمەتی فیکری توندڕۆیی ئیسلامی دەکات؟ بێگومان بە رێژەی ٨٥-٩٠٪ خزمەتی فیکری توندڕۆیی دەکات.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ـەوە، نەیتوانیوە هیچ هاوپەیمانییەك بۆ دروستکردنی حکومەت ئەنجام بدات، کە تیایدا سنوورێك هەبێت و ئۆپۆزیسیۆن و حزبی فەرمانڕەوا لێك جیابکاتەوە، لەوانەیە لە کابینەی شەشەم و حەوتەمدا، چەند لایەنێك هەبوون خۆیان کردبێتە ئۆپۆزسیۆن، بەڵام لە زۆر حاڵەتدا راگەیاندنی (پارتی و یەکێتی)یش وەك ئۆپۆزسیۆن مامەڵەیان لەگەڵ خۆیان کردووە.

٣. لە کوردستاندا یاسایەك هەیە بە ناوی یاسای پارتە سیاسییەکان، بەڵام ئەم یاسایە نەیتوانیوە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان وەك حزبی سیاسی هەڵبژاردن و بەرهەمهێنەری دیموکراتی رێکبخاتەوە. لە زۆر حاڵەتدا حزبەکانی کوردستان بە شێوەیەك رەفتار دەکەن وەك ئەوەی حزبەکە خۆی دەوڵەت بێت، ئەم دیاردەیە لە گەورەترین حزبەوە تا بچووکترین حزب لە کوردستان بوونی هەیە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی شتێکی ئاسایی بێت، حزبی سیاسی یاری شکۆی دەوڵەت، یان دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت بکات، هەروەك چۆن یەك دوو هەفتە لەمەوپێش بە ئاشکرا هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان هەڕەشەیان لە تەقاندنەوەی بۆرییە غازەکانی ناوچەی قادرکەرەم کرد و لە چەند رۆژی رابردوو تەقییەوە. ئەم کارە هەر کەس و لایەنێك کردبێتی، یان تەنانەت ئەگەر تیرۆریستان و دوژمنانی کوردستانیش کردبێتیان، ئەوەمان پێدەڵێت هەمان بیرکردنەوە لای حزبێکی سیاسیی کوردستان بوونی هەبووە و ئامادەبووە یاری بە دەوڵەت و هەڕەشە لە دەوڵەت بکات.

٤. ماسمیدیای کوردستان بە هەر چوار بواری (بینراو، بیستراو نووسراو، ئۆنلاین) بەبێ جیاوازی ئەمەیان سەر بە حزبە سیاسییەکانە و ئەوی دیکەشیان ئەهلی و سەربەخۆیە، بوونەتە باشترین سەرچاوەی زانیاری پێدان بە ناحەزان و دوژمنانی کوردستان

**یەک دوو هەفتە لەمەوپێش بە ئاشکرا هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان هەڕەشەیان لە تەقاندنەوەی بۆرییە غازەکانی ناوچەی قادرکەرەم کرد و لە چەند رۆژی رابردوو تەقییەوە. ئەم کارە هەر کەس و لایەنیک کردبێتی، یان تەنانەت ئەگەر تیرۆریستان و دوژمنانی کوردستانیش کردبێتیان، ئەوەمان پێدەڵێت هەمان بیرکردنەوە لای حزبێکی سیاسیی کوردستان بوونی هەبووە و ئامادەبووە یاری بە دەوڵەت و هەڕەشە لە دەوڵەت بکات**

**پۆپۆلیست و تیرۆریست هێندەی مەبەستیانە بۆ گەیاندنی مەسجەکەیان سوود لە میدیای دیکە (غەیرە میدیای خۆی) وەربگرن، هێندە نایانەوێت لە میدیای خۆیانەوە مەسجەکانیان بنێرن**




و بوونە باشترین هۆکاری پروپاگەندەکردن بۆ ناشرینکردنی کوردستان، هەر بۆ نموونە لە هەفتەی رابردوو مانشێتی سەرەکی رۆژنامەیەکی بەناو ئەهلی (رۆژنامەی ئاوێنە) بریتی بووە لەوەی «قووڵبوونەوەی قەیرانی دارایی هەڵاتن لە ریزەکانی پێشمەرگە زیاد دەکات»!! پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەم مانشێتە خۆی لە خۆیدا پێدانی باشترین زانیاری نییە بە تیرۆریستانی داعش و دوژمنانی کوردستان؟ ئەمەش مانای ئەوەیە سیاسەتی پۆپۆلیستی هەژموونی بەسەر هەموو جومگەکانی سیاسەت و راگەیاندن لە کوردستاندا گرتووە و ئێستا ئامانج لە سیاسەت و کاری رۆژنامەوانی تەنیا ئەوەندەیە چەند کەس دوای دەکەوێت و چەند کەس دەیخوێنێتەوە، ئەمەش مەترسیی راستەقینە لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات.

بۆیە لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین، بێجگە لەوەی ئێستا کوردستان بە قەیرانێکی زۆر سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێت، لەهەمانکاتدا ئەم قەیرانە و نەهامەتییەکانی خەڵک بوونەتە باشترین ئامراز بە دەستی حزبە پۆپۆلیستەکان و ماسمیدیای کوردستانەوە و لە بری ئەوەی ببنە هاوکار بۆ ئەوەی خەڵک و حکومەت پێکەوە شان بدەنە بەر ئەم قەیرانە و پێکەوە تێیپەڕێنن، بوونەتە فاکتەری شڵەژان و درووستکردنی ناسەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم حاڵەتە ئەگەر زووی حکومەت فریای نەکەوێت و ریگە لەوە نەگرێت کە نەهامەتی خەڵک و قەیرانی ئابووری کەرەستە نین بۆ سیاسەتی پۆپۆلیستی و تێکدانی سەقامگیری کوردستان، ئەوا بەدڵنیاییەوە کوردستان دەکەوێتە داوی دیاردەی پۆپۆلیستی، ئاشکراشە ئەو وڵاتانەی دەکەونە تەڵەی سەرکردە و حزبی پۆپۆلیستەوە ئایندەیان بەرەو کوێ دەچێت.



حوسەین یەزدانپەنا بۆ گوڵان:

# ڕۆڵی ئێستای کاک مسعود بارزانی دەرفەتێکە بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی و نابێت ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین

**ئەو بارودۆخەی ئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، بارودۆخێکی سەخت و ئاڵۆز و هەستیارە، لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە لە وەرچەرخانێکی گەورەیدا، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاراستەی رەوتی گۆڕانکارییەکان جۆرێك لە گەشبینی بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستانی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، تەنانەت بەشێك لە میدیا گەورەکانی جیهان ساڵی ٢٠١٦ وەك ساڵی کوردستان ئاماژە پێدەکەن. لەم بارودۆخەدا گرنگە تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیری لە هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بکەن بۆ ئەوەی پرۆسەی سەربەخۆیی سەرکەوتوو بێت. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان، گوڵان دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ حوسەین یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو.**

*** ئێوە وەك حزبێکی رۆژهەڵات لە دەستپێکی شەڕی داعش بۆ سەر کوردستان، بەشداری ئەم شەڕەتان کردووە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئایا داعش لای ئێوە چۆن سەیری دەکرێت و مەترسییەکانی داعش بۆ سەر کوردستان چین؟**

- من وای دەبینم داعش پرۆژە و ئامرازێکی هەرێمی بوو بۆ رێگرتن لە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە باشووری کوردستان، ئەو ریفراندۆمەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەرلەمانی کوردستانی راسپاردبوو بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ بکات، بەڵام هەموو ئەوانەی دژی سەربەخۆیی کوردستانن، داعشیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە سەرنەگرێت، لەم چوارچێوەیەدا من داعش وەك کۆمپانیایەکی فرەلایەن و فرەنەتەوە دەبینم، هەر یەك لەو دەوڵەتانەی پشکیان لەناو ئەم کۆمپانیایە هەیە، بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکاری دەهێنێت. بەڵام ئەوەی بۆتە ئامانجی سەرەکی و بەشی زۆریان پێکەوە کۆدەکاتەوە، دژایەتی هێڵ و رەوتی سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوونی کوردستانە کە بەڕێز کاك مسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکات. هەربۆیە ئەگەر لەم خاڵەوە سەرنج لەو ماوەیە بدەین کە داعش دەرکەوتووە، ئەوا ئێمە لە میانەی ئەم شەڕەدا شتی زۆر سەرنجڕاکێشمان هەست پێکردووە، لەوانە:

١. خۆ بەدەستەوەدانی سوپای عێراق و رادەستکردنی گشت چەك و تەقەمەنی و کەرەستە و ئامێرە سەربازییەکانی لە مووسڵ بە داعش . هەرگیز و بە هیچ پێوەر و زانیارییەك ئەو رووداوە بە هەڵکەوت نەبوو و پلان و پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو بوو.

٢. ساڵی رابردوو لە شەڕەکانی میحوەری رۆژئاوای کەرکووك واتە میحوەری پێنج تیرۆریستانی داعش لەو سنوورە زیانێکی ستراتیژی زۆر گەورەیان پێکەوت. بێجگە لە ئازادکردنی چەندین شوێنی گرنگ لەو میحوەرە، سەدان کەس لە هێزە لێهاتووەکانیان کوژران و چەك و چۆڵێکی زۆریش کەوتە دەست هێزەکانی پێشمەرگە و داعش لە حەوزی حەویجە قەتیس مایەوە. هاوکات لە میحوەرەکانی دیکەش هەر بەو تەرزە زیانی بەرچاوی وێکەوت، بەڵام پاش ماوەیەك لە سیناریۆیەکی دیکەدا ئەرتەشی عێراق شاری رومادی پێشکەشی داعش کرد و لەوێش چەك و جبەخانەیەکی زۆر لەوانە: دەیان تانك و سەدان هامەری ئەمریکییان بۆ بەجێهێشتن. لەم ماوەیەی پێشووش کە بەغدا دڵێ رومادی ئازادکراوە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە تیرۆریستانی داعش خۆیان چۆڵیان کردووە، بۆ ئەوەی گوشار بخەنەوە سەر کوردستان.

**داعش پرۆژە و ئامرازێکی هەرێمی بوو بۆ رێگرتن لە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە باشووری کوردستان، ئەو ریفراندۆمەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەرلەمانی کوردستانی راسپاردبوو بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ بکات**

٣. لە ساڵی ١٩٧٩ـەوە کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران دامەزراوە، هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و دروستکردنی هیلالی شیعی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پرەنسیپێکی سەرەکی بووە لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران، تاران لە رێگای «هێزی قودسی سوپای پاسداران»ـەوە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا سەدان گرووپی توندڕەوی لە ناو شیعەکاندا دروست کردووە و چەندین وڵاتی تووشی ناسەقامگیری کردووە. هەتا گەیشتە ئەو ئاستەی کە جۆرج دەبلیو بوش-ی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، ئێران لە میحوەری شەڕ پۆلێن بکات. ئێستا ئێران مەترسییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ سەر ناوچەکە و وڵاتانی خەلیج. بۆ هەرکام لەم وڵاتانە قەرارگا و هێزێکی سوپای قودس تەرخان کراوە بۆ ئاژاوەنانەوە و دروستکردنی ناسەقامگیری. ئەوەندەی بۆ عێراق دەگەڕێتەوە، عێراق ئێستا بە جۆرێك لەلایان ئێرانەوە داگیرکراوە و بووەتە ناوچەی نفووزی ئێران. ئەم سیاسەت و رەفتارەی ئێران وایکرد کە لە لایەك وەك کاردانەوەیەکی کۆمەڵگای سوننە، ژمارەیەك گرووپ و رەوتی توندڕەوی سوننە سەرهەڵبدەن و بوار بۆ لە دایکبوونی داعش خۆش ببێ و لە لایەکی دیکەوە ئێران بە یارییەکی ورد لەو هاوکێشەیەدا، لە ژێر گوشاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی قورتار بکا و ئەو گرووپانە ببنە ئامانجی دژبەریی ئەمریکا. بۆیە دەبینین

**لە سیناریۆیەکی دیکەدا ئەرتەشی عێراق شاری رومادی پێشکەشی داعش کرد و لەوێش چەک و جبەخانەیەکی زۆر لەوانە: دەیان تانک و سەدان هامەری ئەمریکییان بۆ بەجێهێشتن. لەم ماوەیەی پیشووش کە بەغدا دەڵێ رومادی ئازادکراوە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە تیرۆریستانی داعش خۆیان چۆڵیان کردووە، بۆ ئەوەی گوشار بخەنەوە سەر کوردستان**

**عێراق ئێستا بە جۆرێک لەلایان ئێرانەوە داگیرکراوە و بووەتە ناوچەی نفووزی ئێران. ئەم سیاسەت و رەفتارەی ئێران وایکرد کە لە لایەک وەک کاردانەوەیەکی کۆمەڵگای سوننە، ژمارەیەک گرووپ و رەوتی توندڕەوی سوننە سەرهەڵبدەن و بوار بۆ لە دایکبوونی داعش خۆش ببێ**

سەرهەڵدانی داعش خزمەتێکی گەورەی بە تاران کردووە و کردەوەکانی لە بەرژەوەندی ئێران شکاوەتەوە.

٤. رووداوێکی دیکەی سەلمێنەری ئەرکی داعش بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان، هێرشی شەوی ١٦ی ١٢ی ٢٠١٥بوو. واتە لە بەرەبەری رۆژی ئاڵای کوردستاندا. راست لەو رۆژەدا تیرۆریستان هێرشیان کردە سەر میحوەرەکانی باشیك، زەرتك و ناوەران، بۆ ئەوەی جەژنی ٧٠ ساڵەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان نەکرێتەوە. یان لەو رۆژەدا کورد و رۆڵە پێشمەرگەکانی تووشی خەم و ماتەم بکرێن. لە بەر ئەوەی هێزێکی پارتی ئازادیی کوردستان لە میحوەری باشیکە و یەك لەو هێزانە بوون کە بەر هێرشەکە کەوتن، بە وردی ئاگادارین کە ئەو هێرشەی داعش یەکێ لە هێرشە کەم وێنەکانی بوو. ئەو چەك و تەقەمەنییەی لەم هێرشەدا بەکار هێنرا، پێشتر لە هیچ هێرشێکدا بەکار نەهاتبوو. دەیان سارۆخی گراد لەو شەڕەدا بەکار هێنرا. ئەوەش دەیسەلمێنێ کە داعش بۆ ئەم هێرشە پشتیوانیی هەرێمی بووە و ئەو تەقەمەنییە زۆرە لە لایان دەوڵەت، یان دەوڵەتانێکەوە بۆی دابین کرابوو. بە بڕاوی من ئەو دەوڵەتە دەبێ ئێران بووبێ. با لێرەدا شتێکتان بە بیر بخەمەوە. لە ئەیلوولی ٢٠١٤دا، ماڵپەڕێکی نیوە فەرمیی ئێران، لە پەسنی قاسم سلێمانی فەرماندەی گشتیی هێزی قودس-دا یەکێك لە شانازییەکانی ناوبراوی ئەوە بژاردبوو کە: «قاسم توانیویەتی ئاڕاستەی شەڕ و هێرشەکانی داعش لە بەغداوە بەرەو کوردستان بگۆڕێ».

*** ئەوەی باستان کرد ئەو رووداوانە بوون کە لە میانەی دروستبوونی داعش و شەڕی داعش بۆ سەر کوردستان روویانداوە، بەڵام من دەمەوێت بپرسم، ئێوە وەك پارتی ئازادیی کوردستان، کەی بڕیارتان دا وەك بەشێك لە هێزی پێشمەرگە بەشداری ئەم شەڕە بکەن؟**

- پراکتیکی هەر حزبێکی سیاسی لەسەر بنەمای بیر و ستراتیژ و ئامانجەکانی بینا دەکرێ. دەبێ پراکتیك گونجاو بێ لە گەڵ بیر و پڕۆگرام و ئامانجەکانی ئەو حزبە. PAK لەسەر بنەمایەکی نوێ و لە دەرەوەی تێڕوانینەکانی سەردەمانی شەڕی سارد سەیری جیهان و کوردستان و پرسی کوردی کردووە. بەم میتۆد و خوێندنەوەوە، ئێمە هەر زۆر زوو سیاسەتی پشتگیریی لە باشووری کوردستان و ئەزموونی هەرێمی کوردستانمان گرتە بەر و هەمیشە و سەرەڕای هەموو قەیران و گیر و گرفتەکانی لەو باوەڕەدا بووین کە ئەم ئەزموونە رۆژێك دەگاتە سەربەخۆیی و دەوڵەت. لە بنەما فیکرییەکانی ئێمەدا، کوردستان و کورد یەك نەتەوە و نیشتمانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە هەر کات مەترسی لە سەر هەر پارچەیەکی کوردستان درووست ببێ، یان هەلومەرجی بەشداریمان لە هەڵگرتنی ئەرکە نەتەوەییەکان لە هەر پارچەیەکی کوردستان بۆ بڕەخسێ، ئێمە بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین لەو شوێنە ئامادە بین و بەرگری لە کوردستان بکەین. ئێمە لە ساڵی ٢٠١٢ هەستمان کرد، نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق بە دامەزراندنی فەرماندەیی دیجلە، پلانی ئەوەی هەیە هێرش بکاتە سەر کوردستان . بە کورتی ئیمە پێشبینی هەڵگیرسانی شەڕێکمان دەکرد. لە گەڵ ئەوەدا دوو دڵ نەبووین لەوەی هەر هێرشێك لە هەر لایەکەوە بکرێتە سەر کوردستان، ئیمە شانبەشانی هێزەکانی حکومەتی کوردستان بەشدار دەبین لە بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێك. بۆیە بۆ ئامادەکاری هێزەکانمان مانۆڕێکی سەربازیمان ئەنجامدا. کاتێك لە ئابی ٢٠١٤ دا تیرۆیستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان، ئێمە لە رۆژی ٥ی ئابی ٢٠١٤ بەرەو بەرەکانی شەڕ بەرێ کەوتین. ئامانجی ئێمە ئەوە بوو راستەوخۆ بەرەو شنگال بچین، بەڵام لە شێخان بە هاوڕێیەتی بەڕێز کاك بارام شێروانی کە خۆی و کوڕەکانیشی هاتنە بەرەکانی شەڕەوە، خۆم و ٢٠٠ پێشمەرگە روومان لە فەرماندەیی زێرەڤانی لە باشیك کرد. ئەو شەوە لە باشیك ماینەوە، بو رۆژی ٦ی ئاب چووینە بەرەی پێشەوەی شەڕەکە و لە گوندی گوێگجەلی لە ٤٠٠میتری داعش دامەزراین. بە گەیشتنی هێزەکەی PAK، کاك سەید شکور گەورەدیی فەرماندەی فەوجی یەکی سوپای ٤ی زێرەڤانی و هەڤاڵانی کە وەك شێر بەرانبەر هێزەکانی داعش چەقی بوون، زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردین. هەر ئەو شەوە تیرۆریستانی داعش دوو جار هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ئێمە و هێزەکانی بەر فەرمانی کاك سەید شکور و شەڕێکی قورس قەوما. لەم شەڕانەدا رۆڵەکانی رۆژهەڵات و باشووری نیشتمان، پشتیان بە پشتی یەکەوە دا و لمۆزی هێزەکانی داعشیان هەر دوو جارەکە شکاند.

*** دواتر چۆن هاتنە میحوەری رۆژئاوای کەرکوك، ئایا ئێستا هێزەکانتان لەچەند میحوەرن؟**

- دوای ئەو شەڕانە، گۆڕانکاری لە بەرەکانی شەڕ روویانداو هێزی پێشمەرگە جارێکی دیکە خۆی رێکخستەوە. ئێمە لەو گۆڕانکارییەدا، سەرەتا لە میحوەری خازر دامەزراین و دواتر هێزەکانمان کە چەند قات زیادیان کردبوو، بە مەبەستی زیاترین دەورگێڕان لە بەرەکانی شەڕدا، بە سەر مێحوەرەکانی مەخموور و کەرکووك و باشیك و خازردا دابەش کرد. هاوکات لەگەڵ چوونمان بۆ ئەو بەرەیەی شەڕ، بەرپرسی پێوەندییەکانی پارتی ئازادیی کوردستان لە سلێمانی، لە چاوپێکەوتنی فەرمیی لە گەڵ مەکتەبی پێوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەو برایانەی ئاگادار کرد کە PAK ئامادەیە بڕواتە بەرەی شەڕ لە جەلەولا یان هەر قۆڵ و میحوەرێك کە بە پێویستی دەزانن. پاش بەشداری لە چەندین شەڕ لەو مێحوەرانە، سەرەنجام لە دوومیحوەر جێگیر بووین کە بریتین

لە میحوەکانی ڕۆژئاوای کەرکووك و باشیك.

*** ئایا پێشمەرگەی کچیشتان لەگەڵدایە؟**

- هێزی پێشمەرگەی پارتی ئازادیی کوردستان لە هەر دوو ڕەگەز پێکهاتووە. هەر ئێستا لە بەشێك لە سەنگەرەکانی هێزەکانی ئیمە پێشمەرگە ژنەکان دامەزراون و یەکەم شەیدی هێزەکانیشمان، کچی شۆڕشگێڕ نیگار حوسەینی-یە.

*** هێزێکتان ناوی (هێزی خۆشەوی خەلیل)ـە، ئایا ئەم ناوە بە ڕێککەوت بووە، یان مەغزا و مانایەکی دیکەی لە پشتەوە هەیە؟**

- هەر ناوێك مەغزا و مانایەکی لە پشتەوە نەبێت، ناوێکی بەتاڵە، بۆیە ئێمە بڕوامان وایە لە پشت هەر هێماو سیمبولێکەوە مانا و واتایەکی تایبەتی هەیە، بۆیە ئەگەر ئەم ناوە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی هاودژی درووست بکات، ئەوا حاڵەتێکی خراپە. دانانی ناوی شەهید خۆشەوی خەلیل-یش لەسەر ناوی یەکێ لە هێزەکانی ئێمە، مانایەکی گەورەی لە پشتەوەیە. لەبەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٦ کە تازە کۆماری کوردستان دامەزرابوو، هێزی بارزانییەکان کە لە باشوورەوە بە هانای کۆمارەوە هاتبوون، لەبەرەی سەقز لە قاراوا شەڕێکی سەختیان بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان دژی ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران ئەنجامدا و لەو شەڕەدا خۆشەوی خەلیل شەهید بوو. ئەوجا لەبەر ئەوەی وشەی پێشمەرگە لەگەڵ کۆماری کوردستان لە دایکبووە و خۆشەوی خەلیل یەکەم شەهیدی جەنگی بەرگریی لە کۆمارە، من ڕێگەی گۆڤاری گوڵان-ەوە پێشنیار دەکەم، ڕۆژی شەهیدبوونی خۆشەوی خەلیل بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

*** ئەگەر هەر لەم چوارچێوەیە و سەبارەت بە هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بۆ سەربەخۆیی قسە بکەین، ئایا تاچەند گرنگە ئەزموونی پشتگیریکردنی تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ئەم هەوڵەی سەرۆك بارزانی بەردەوام بێت؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە هەر ڕووداوێکی میللەتان، وانیەکی تایبەتە بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرێن،مـن پشتریش لەو باوەڕەدا بووم ئەگەر فرەلایەنی و فرەحزبی لە هەناوی خۆیدا جۆرێك لە مەرکەزیەتی نیشتمانی و سەرکردەیەکی بەهێز نەبێت کۆیان بکاتەوە، بۆ کورد دەبێتە پارچەپارچەبوونی کوردستان و بەڵا و ماڵوێرانی. بێگومان من لە هەموو ژیانی خۆمدا دژی دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزم بووم، بەڵام ئەگەر فرەحزبی ببێتە هۆکاری ئەوەی نەتەوەی کورد، یان جوگرافیای کوردستان پارچە پارچە بکات، ئەمن لەو حاڵەدا لەگەڵ فرەحزبی و فرەهێزی چەکدار نابم. بۆیە لەم قۆناخە مێژووییەی نەتەوەکەمانی پێدا تێپەڕدەبێت، وەك ئەو قۆناخە مێژووییانەی نەتەوەکانی دیکەش پێیدا تێپەڕبوون، پێویستمان بە سەرۆکێکی شایستە و لێهاتوو و بە هێز هەیە. لە ئێستادا ئەو سەرۆکە بەتوانا و شایستە و لێهاتووە جەنابی کاك مسعود بارزانی-یە، ئێستاش دەرفەتێکە بۆ ئەوەی هەموو کوردستان پشتگیری بکات بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تەمەنی مرۆڤ ماوەیەکە دێت و دەچێت، ئەگەر ئێستا پشتگیری کاك مسعود بارزانی نەکەین بۆ ئەوەی لە پرۆسەی سەربەخۆیی سەرکەوتوو بێت و ببینە خاوەن دەوڵەت و کیانی خۆمان، لەوانەیە ئەم دەرفەتەمان لە کیس بچێت. بۆیە من وای دەبینم ڕۆڵی ئێستای سەرۆك بارزانی دەرفەتێکە بۆ میللەتەکەمان هاتۆتە پێش و نابێ ئەم دەرفەتە لەدەست بدەین.

*** ئەگەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان لەسەر ئاستی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر بکەین، ئاشکرایە ئەم دەوڵەتە خەریکە بە تەواوەتی دەبێتە ئەمری واقیع، لە بەرامبەریشدا ئاگاداری هەڕەشەکانی دەوڵەتانی دژ بە کوردستانین، ئایا لەناو ئەم هاوکێشەیەدا دەوڵەتی کورد چی بەسەر دێت؟**

- بەداخەوە قەدەری کوردستان بەوجۆرە بووە لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەشکراوە، لەمەش خراپتر ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بێجگە لەوەی دڕندە و چەوسێنەر بوون بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، تەنانەت نەشیانتوانیوە دەوڵەتێك درووست بکەن کە گەلەکانی خۆیانیش ئاسوودە بکەن، بۆیە لەو کاتەوەی لە شەڕی چاڵدێران-ەوە کە کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی دابەشکرا، ئەگەر بە درێژایی ئەم ٥٠٠ ساڵە بەشی ئێمەی کورد خەبات و قوربانیدان و ناڕەحەتی بوو بێت، ئەوا بەشی ئەو گەلانەی دیکەش هەر ئەوە بووە، ئەمە درووست وەك بەندی و مائموری بەندیخانەکەیە، کە هەردووکیان لە بەندیخانەن، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە لە دوو شوێنی جیاوازی بەندیخانەکەن، بۆیە لەم غەدرەی کراوە، تەنیا نەتەوەی کورد زەرەری نەکردووە، بەڵکو ئەو نەتەوانەی دیکەش کە کوردیان چەوساندۆتەوە بە هەمان شێوە زیانیان کردووە. ئێستا ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین، سەردەمی هەڵوەشانەوەی ئەو دەوڵەتە دەستکردانەیە کە بە زۆر نەتەوە و پێکهاتەی جیاوازی پێکەوە کۆکردۆتەوە، لەماوەی ٢٥ ساڵی ڕابردووی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، دەوڵەتێکی گەورەی وەك یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە و ١٥ کۆماری تازەی لێ درووست بوو، یوگسلافیا هەڵوەشایەوە و بووە چەند دەوڵەت، کە دەوڵەتێکی ناوەندگەرای گرنگ بوو لە ئەورووپادا، ئێستاش عێراق و سووریا بە کردەیی لەبەر یەك هەڵوەشاونەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە قەیرانی دەوڵەت — نەتەوە بەرۆکی بە هەموو دەوڵەتان گرتووە، بە خودی ئێرانەوە و هیچ هێزێك ناتوانێت خۆی لێ قوتار بکات، هەربۆیە سیاسەتمەدارنی

**داعش پرۆژە و ئامرازێکی هەرێمی بوو بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان، ئەو ڕیفراندۆمەی کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەرلەمانی کوردستانی ڕاسپاردبوو بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ بکات**

**ئێمە هەر زۆر زوو سیاسەتی پشتگیریی لە باشووری کوردستان و ئەزموونی هەرێمی کوردستانمان گرتە بەر و هەمیشە و سەرەڕای هەموو قەیران و گیر و گرفتەکانی لەو باوەڕەدا بووین کە ئەم ئەزموونە ڕۆژێك دەگاتە سەربەخۆیی و دەوڵەت**

**لە ساڵی ١٩٤٦ کە تازە کۆماری کوردستان دامەزرابوو، هێزی بارزانییەکان کە لە باشوورەوە بە هانای کۆمارەوە هاتبوون، لەبەرەی سەقز لە قاراوا شەڕێکی سەختیان بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان دژی ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران ئەنجامدا و لەو شەڕەدا خۆشەوی خەلیل شەهید بوو**

**ئەگەر فرەلایەنی و فرەحزبی لە هەناوی خۆیدا جۆرێک لە مەرکەزیەتی نیشتمانی و سەرکردەیەکی بەهێز نەبێت کۆیان بکاتەوە، بۆ کورد دەبێتە پارچە پارچەبوونی کوردستان و بەڵا و ماڵوێرانی**

ئێران لە بری ئەوەی هەڕەشەی ئەوە بکەن کە ڕێگەنادەن دەوڵەتی کوردستان درووست بکەن و بە حیساب دەیانەوێت پارێزگاری لە مانەوەی یەکپارچەیی عێراق و سووریا بکەن، دەبوو چاو لە گۆڕانکارییە گەورەکانی جیهان بکەن و حاڵەتی چیکۆسلۆڤاکیا لەبەر چاو بگرن بەوەی چۆن توانییان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازنە، خوێنڕشتن و قەیران لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، دەبووا دەستپێشخەری بکەن بۆ دانانان بە مافی ڕەوای نەتەوەی کورد لە ئێران، نەك ئەو مافە بە خۆیان ڕەوا ببینن دەخالەت لە بەشێکی دیکەی کوردستان بکەن. ئەو هەڵەی ئەو دەوڵەتانەی دەیکەن کە کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە و بەردەوامن لە سەری، ئەوەیە بە تێڕوانینی سەردەمانی شەڕی سارد سەیری کوردستان دەکەن، بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچوو، لەوانەیە ئەگەر سەیری سیاسەتی ئێستای تورکیا بکەین و لەگەڵ سیاسەتی ئێستای ئێران بەراوردی بکەین، دەبینین تورکیا بە جۆرێك لە جۆرەکان هەستی بەم گۆڕانکارییە گەورەیە کردووە، من ناڵێم لەناخی دڵیانەوە هەنگاو هەڵدەگرن، بەڵام تورکیا چەند هەنگاوێکی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی بگونجێنێت، بەڵام سیاسەتی ئێران بەداخەوە هەر سیاسەتە کۆنەکەی سەردەمانی شەڕی ساردە.

*** هەر سەبارەت بە دەخالەتکردنی ئێران بۆ ڕێگری لە پرسی سەربەخۆیی، هەست دەکەین هەندێك هێزی سیاسی بۆ نموونە وەك پەکەکە و حزبی دیکەش لە باشووری کوردستان، زۆر ڕاشکاوانە دژایەتی دەوڵەتی کوردستان دەکەن، هەندێك دەڵێن ئەم حزبانە بە پشتی ئێران و بۆ ڕازیکردنی ئێران ئەم کارە دەکەن، لەسەر ئەم پرسە چی دەڵێن؟**

- سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی ئێمە ماوەی ٥٠٠ ساڵە خوێنی بۆ دەڕێژین، بۆیە هەموو شۆڕش و بزووتنەوەکانی کوردستان بە درێژایی ئەم پێنج سەدەیە لەسەر یەك ئامانج درووست بووە، ئەویش ئەوەیە پێویستە کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت، ئەوەی لە دەرەوەی ئەم جوغزە باسی لەسەر دەکرێت ئەو حاڵەتەیە کە لە فەلسەفە پی دەگوترێت، سەفسەتە، یان زۆربڵێیی، بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت پرسی کورد واتە پرسی دەوڵەت، ئەگەر دەوڵەتمان هەبوایە شتێك بەناوی پرسی کورد بوونی نەبوو، بەڵکو شتی دیکە دەبوو، وەك پرسی بێکاری، یان قەیرانی دەوڵەتی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتێکی دیکە، بۆیە بنەمای کێشەی ئێمە نەبوونی دەوڵەتە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا دژایەتیکردنی دەوڵەتی کوردستان، یان پشتگیری نەکردنی ئەم پرۆسەیە، واتە دژایەتی کوردستان و لادان لە کوردبوون، لادانە لە ڕێبازی هەموو ئەو شۆڕش و بزووتنەوانەی لەو پیناوە هەڵگیرساون و شکستیان هێناوە و دەریایەك خوێنمان بۆ ڕشتووە، لێرەوە وایدەبینم ئەوەی برادەرانی پەکەکە باسی دەکەن و دەیانەوێت پرسی دەوڵەت ڕەدبکەنەوە و مودێلێکی دیکە بە ناوی کۆنفیدڕاڵییەتی ئیکۆلۆژی درووست بکەن، ئەمە کۆنفیدڕاڵییەتێکی بەتاڵە لە فیکری نەتەوەیی و تەنیا شتێکی تیۆرییە، ئەم بۆچوونەشیان لە فیکری مارکسییەوە وەرگرتووە، بەڵام یەکێك لە بنەماکانی فیکری مارکس، فیکری ئەڵمانییە، هیگڵ دەڵێت: بەختەوەری مرۆڤ لە بوونی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە منیش دەڵێم: با ئێمە ببین بە دەوڵەت، ئەوکات من یەکەمین کەس دەبم دوادەکەم کۆنفیدراسیۆنێك لە سەر ئاستی هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتە ئاراوە وەك یەکێتی ئەوروپا، لە ئەمرۆدا و هەتا ئێستاش دەوڵەت پایەی سەرەکی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. بۆیە ئەوەی پاساو بۆ ئەوە بێنێتەوە کە کورد پێویستی بە دەوڵەت نییە، یان دەوڵەتی ناوێت، ئەوە لە باشترین حاڵەتدا خزمەتی دوژمنانی کورد و کوردستان دەکات.

*** پێتوانییە ئەمانە ئەجیندای ئەو وڵاتە ئیقلیمییانە جێبەجێ دەکەن کە بە ئاشکرا دژایەتی دەوڵەتی کوردستان دەکەن؟**

- من وتم لە باشترین حاڵەتدا خزمەتی ئەجیندای دوژمنانی کوردستان دەکەن، بەڵام کاتێك پەکەکە، یان هەر حزبێکی کوردستانی ئەجیندای خۆیان بکەن دژایەتی دەوڵەت، یان بڵێن دەوڵەتمان ناوێت، ئەوا دەبێت چاك بزانن هەموو دوژمنانی کورد و کوردستان باوەشیان بۆ دەکاتەوە، ئێستا ئێمە وەك پارتی ئازادیی کوردستان کە لەگەڵ ئێران لە شەڕداین، ئەگەر بڵێین دەوڵەتمان ناوێت، دەستمان دەگوشن باوەشمان بۆ دەکەنەوە.

*** ئەگەر لە ڕەهەندێکی دیکەوە ئەم پرسە سەیر بکەین، هەست دەکەین، دژایەتیکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەندێك حزبەوە تەواو لەگەڵ دژایەتی ئەو دەوڵەتانە یەك دەگرێتەوە. پرسیار ئەوەیە بۆچی لەم کاتەدا ئەم هێرشە دەکرێتە سەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان؟**

- لەو ڕۆژەوە کە بەڕێز کاك مسعود بارزانی لە کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، ئەجیندای سەرەکیی خۆی کارکردن دەبێت بۆ مافی چارەنووس و دەوڵەتی کوردستان، ئەوا شەپۆلێکی بەرفراوانی هێرشی میدیایی لە لایەن میدیاکانی ئێرانەوە دەکرێتە سەر سەرۆك بارزانی، هەروەها ئەم شەپۆلە قازی محەمەد و مەلامستەفا بارزانی-یشی گرتۆتەوە، من هەر ئەو کات تێگەیشتم ئەمە هەوڵێکی سەرەکیی ئێرانە بۆ دژایەتی ڕەوتی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستاندا، ئاشکراشە لەو کاتەوە هەر حزبێکی سیاسی دژایەتی ڕەوتی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان بکات، ئێران زۆر بە گەرمی پشتگیری لێدەکات، بۆیە گرنگە نەك تەنیا پەکەکە، بەڵکو حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان ئەم ڕاستیەیان لا ئاشکرا

بێت و خزمەتی ئەجێندای دەرەکی نەکەن، لەم ماوەیەدا کاك ئازاد جوندیانی بابەتێکی لەسەر سەربەخۆیی بڵاوکردەوە کە کاردانەوەی ئەو هەوڵانەیە کە ئێستا بوونی هەیە.

*** ئەگەر سەرنج لە سیاسەتی پەکەکە بدەین، دەبینین نەك هەر دژایەتی سەربەخۆیی کوردستانە، تەنانەت دژی ئاڵای کوردستانیشە، واتە ئەو ئاڵایەی کە لە کۆماری کوردستان هەڵکراوە، ئایا ڕەدکردنەوەی ئاڵای کوردستان چی دەگەیەنێت؟**

- سەبارەت بە ئاڵای کوردستان من چەند هەقیقەتێك باس دەکەم، پاشانیش چەند ئەگەرێك دەخەمەڕوو. وەك هەقیقەت نەخشەی ئەو ئاڵایە بە نزیکەی ١٠ ساڵ پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان کێشراوە، ئەم ئاڵایە لە ١٧ی ١٢ی ١٩٤٥ لە مەهاباد هەڵکراو و دواتر ناوچە ئازادەکانی دیکەشی گرتەوە. دواتر کە حکومەتی کۆماری کوردستان دامەزرا لە٢٢/١/ ١٩٤٦ حکومەتیش ئارمی تایبەتی خۆی دروستکرد. ئێستا برێك کەس دەڵێن ئاڵای کۆمار ئەوەیە کە من دەڵێم ئارمی حکومەت بووە. بەڵام گریمان ئاڵای کۆماری کوردستان ئەو ئارمەی حکومەتی کۆماری کوردستانە کە دوو گوڵە گەنمەکەی تێدایە، باشە با پەکەکە ئەو ئاڵایە هەڵبکات، نەك ئاڵایەك هەڵبکات کە دەقاودەق ئاڵای دەوڵەتی پۆلیفیایە، من داوا لە گۆڤاری گوڵان دەکەم، ئاڵاکەی پەکەکە و ئاڵای دەوڵەتی پۆلیفیا لەگەڵ ئەم دیمانەیە بڵاو بکاتەوە بۆ ئەوەی خوێنەران بزانن هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئاڵای پۆلیفیا و پەکەکە نییە. پەکەکە دەڵێ ئاڵای کوردستان، ئاڵای پارتی و بنەماڵەی بارزانی- یە. جا پرسیار ئەوەیە، با وای دابنێین وایە؛ ئایا ئاڵایەك نزیك لە حزب و بنەماڵەیەکی خەباتگێڕی کورد باشترە، یان ئاڵایەك وەك ئاڵای وڵاتێکی دیکە؟

*** هەر پرسی ئاڵایە کە بۆتە ڕێگر لە بەردەم سەرکەوتنی کۆنگرەی نەتەوەیی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستی بەوەیە هەموو لایەنەکان لەسەر ئاڵا و هێزێك ڕێکبکەون کە پێشمەرگەیە، بەڵام پەکەکە نەك هەر ئاڵا، بەڵکو ناوی پێشمەرگەشی گۆڕیوە، ئایا چۆن ئەم دوو پرسە چارەسەر دەکرێن؟**

- ڕێککەوتن لەسەر پرسی ئاڵا و ناوی پێشمەرگە کۆنگرەی نەتەوەیی ناوێت، لە بەر ئەوەی پێش دەرکەوتنی حزبە سیاسییەکان ئەمانە هەبوون و پێوەندی بە حزبێکی سیاسییەوە نییە. هەر بۆ نموونە لەوانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان بتوانێت هەموو شانازییەك بە شەهید خۆشەوی خەلیل بکات وەك یەکەم شەهیدی پێشمەرگە کە بۆ کۆماری کوردستان گیانی خۆی بەخت کرد، بەڵام ناتوانیت بڵێت، شەهید خۆشەوی خەلیل تەنیا ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. بۆیە حزبێکی سیاسی دەتوانێت دژی پارتی بێت، بەڵام ناتوانێت دژایەتی شەهید خۆشەوی خەلیل بکات، هەروەها مەسەلەی پێشمەرگە، ئەمە ناوێکە لە کۆماری کوردستان هاتووە و هەموو پێشمەرگەی کوردستان دەگرێتەوە، باشە پەکەکە بۆ ناوی پێشمەرگە دەگۆڕێت بۆ گەریلا، یان شەڕڤان؟ من سەری ڕێز بۆ قارەمانیەتی گەریلا دادەنەوێنم، بەڵام گەریلا وشەیەکی بیانی وەرگیراوە، ئێمە کە وشەیەکی ڕەسەنی خۆمانمان هەبێت بۆ پەنا بەرینە بەر وشەی بێگانە، هەروەها سەبارەت بە سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب، کەس ناتوانێت دژی ئەم سروودە ڕابوەستێ، یان پەڵپ و بیانوو بە شیعرەکەی بگرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە بۆتە سیمبولی نەتەوە، بۆیە من هەتا ئەگەر سەرنجێکم لەسەر شیعرەکەشی هەبێت، لە هەر شوێنێك ئەم سروودە لێ بدرێت، هەڵدەستمە سەرپێ، ئەمە جارێکی دیکە بەئاسانی دروست نابێتەوە و دەبێت بیپارێزین. پرسی ئاڵا و ناوی پێشمەرگەش بەهەمان شێوەیە، پەکەکە دەیەوێت ئەوەی هەمانە بیفەوتێنێت.

*** باست لە سروودی ئەی ڕەقیب کرد، وەك سروودی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام لەناو پەرلەمانی کوردستان ئەم سروودە لێدەدرێت، حزبێکی ئیسلامی هەڵناستێت، ئایا ئەمە ڕەوایە؟**

- ئەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان دەگەڕێتەوە و نازانم لەسەر چ بنەمایەك ئەمە قبووڵ دەکات. دەنا ئەگەر بە دەست من بێ، هەر کەسێك لە هەر پلە و پایەك بێت، ئەگەر لە شوێنێکی حکوومیدا لەبەر سروودی نەتەوەیی هەڵنەستێت، تەنیا مستەحەقی ئەوەیە پشتملی بگریت و بیکەیتە دەرەوە. ئەسڵەن خەڵکی لەو جۆرە دەبێت لە کۆمەڵگەی کوردستان وەدەرنرێن، لەبەر ئەوەی ڕێزنەگرتن لە سروودی ئەی ڕەقیب سووکایەتی کردنە بە موقەدەساتی ئەم میللەتە.


*** دواپرسیارمان با تایبەت بێت بە ساڵی ٢٠١٦، زۆر لە چاودێران و شارەزایان دەڵێن ساڵی ٢٠١٦ ساڵی کوردستانە بۆ سەربەخۆیی، لەمبارەوە چی دەڵێت؟**

- من گەشبینم ئەمساڵ کە ١٠٠ ساڵ بە سەر ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت، ئەم ڕێککەوتنە کۆتایی پێدێت، مەبەستم ئەوە نییە ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێتەوە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ لە کار دەکەوێت، بۆیە لەگەڵ پەککەوتن و بەسەرچوونی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ گەشبینم کە دەوڵەتی کوردستان دادەمەزرێت. لە هەمانکاتدا دەشزانم لە سەر ئاستی دەوروبەر دژایەتییەکی زۆری ئەم دەوڵەتە دەکرێت، بەڵام ئەم دەوڵەتە چ لە ئاکامی ئەو ریفراندۆمە دابمەزرێت کە بڕیارە ئەنجام بدرێت، چ سەرۆك بارزانی لە ناو ئاپۆرای خەڵکی کوردستان ڕایبگەیەنێت، هەروەك چۆن قازی محەمەد لە ناو ئاپۆرای جەماوەردا کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند، هەر لە دایك دەبێ و دێتەدی.

**ئەو هەڵەی ئەو دەوڵەتانەی دەیکەن کە کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە و بەردەوامن لە سەری، ئەوەیە بە تێڕوانینی سەردەمانی شەڕی سارد سەیری کوردستان دەکەن**

**ئەوەی برادەرانی پەکەکە باسی دەکەن و دەیانەوێت پرسی دەوڵەت ڕەدبکەنەوە و مودێلێکی دیکە بە ناوی کۆنفیدراڵییەتی ئیکۆلۆژی دروووست بکەن، ئەمە کۆنفیدراڵییەتێکی بەتاڵە لە فیکری نەتەوەیی و تەنیا شتێکی تیۆرییە**

# بنەمای یەکگرتووی وتاری سەربەخۆی کورد



سەردارشەریف سندی *

لە دوای بگرە و بێنەیەکی زور و درووستبوونی قەیرانی بە ناوی سیاسی و پەکخستنی پەرلەمان بە بێ رەچاوکردنی پرەنسیپەکانی تەوافوقکراو لە سەر لە دەستپێشخەریی سەرۆکی هەرێم لە روژی ٢٦ کانوونی دووەم لە ٢٠١٦ لە هەوڵدان بە رێکخستن و کردنەوەی دەرگای نویێ لە پێناو شکاندنی بەستەڵەکی درووستکراو لە رێگای لایەنە سیاسییەکانی هەرێم کەش و هەوایەکی گونجاو هاتە درووستکردن بو لایەنە سیاسییەکان کە ئەم هەولە جوامێرانە بگوازنەوە و بەشدار بن لە درووستکردنی گوتارێکی یەکگرتووی سیاسی، بە تایبەتی پێوەندیدار بە بابەتی «گشتپرسی» لە پێناو بریاردان لە سەر چارەنووس و داهاتووی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان. هاوتەریب، دەستپێشخەریی سەرۆکی هەرێم بێجگە لەمە دەرگای گفتوگۆکردنی بو لایەنەکان کردەوە لە ژێر رۆشنایی بابەتی ئاماژەپێکراوی سەرەوە، دەرگاکە بە کراوەیی هێڵدراوەیە کە هەوڵێکی جددی بدرێت بو کۆتاییهێنان بە قەیرانی سیاسی چەقبەستوو.

بابەتی ئاماژە پێکراوە، دوای ئەو هەموو رەخنەیە هات لە سەرۆکی هەرێم، کە گوایا پرسی سەربەخۆیی کوردستانی بۆ موزایداتی سیاسی ناوخۆ بەکار دەهێنێت، ئەمەش پێچەوانەی دەرکەوت، بەتایبەتی کە لێدوانەکانی لایەنەکانی بەشداربوو لە کۆبوونەکە هەستیان یان بە جددیبوونی پلانەکە لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە کرد. بویە ئەم بابەتە بە هیچ شێوەیەك سەرناگرێت، ئەگەر زەمینەسازی بۆ گوتار و ستراتیژی سیاسی و راگەیاندنی یەکگرتوو درووست نەکرێت. بۆیە لە رەوانگەی دیدێکی وەها سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان، وەکو عورفێکی شەرعی، سیاسی و یاسایی نێودەوڵەتی، یەکەم هەنگاوی بە رێکخستنی گشتپرسی لە پێناو شەرعییەتدان بە خواستی نەتەوەیەك دەستپێدەکات. لێرەوە ئێستا پەنجەرەیەك بۆ ئەم بابەتە گرینگە بە یەکگرتوویی بونیادنراوە. چوارچێوەی پەنجەرەکە بریتییە لەوەی لایەنەکان کۆك بوون لە سەر پرسی گشتپرسی و ئەمە بۆ خۆی بابەتی جەوهەری و گرینگی دەرهاوێشتەی سیاسییە، کە قوناخی دیکە، بریتی دەبێت لە دارشتنی ستراتیژییەکی هاوبەش بۆ کاروباری دیپلۆماسیی گشتی و سیاسیی ناوخۆ و دەرەکی.

لە ئاماژەپێکردنەکانی سەرۆك بارزانی رووناکییەك لە دوورەوە دیارە، کە لە سەر ئاستی جیهانی و هەرێمایەتی پشتگیرییەك هەیە بۆ وەڵامدانەوە بە خواستی گەلی کورد لە عێراق، ئەگەر هەتا ئێستاش کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و عێراق، ویستی سەربەخۆیی، تەنیا وەکو خواستی سەرۆك بارزانی سەیریان کردووە، لە ئێستاوە، ئەم دەرگایە دەکرێت دابخرێت،، ئەگەر خواستی تاکلایەنەی سەرۆك بارزانی-یش بووبێت، ئەوا ئەو توانیویەتی بە سەر تەحەددییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا زاڵ بێت، واتە یەکەم هەنگاوی عەمەلی لەوە دەستپێدەکات، کە قەناعەت بو لایەنە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێم درووست بکەیت، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی. لەمەدا کۆبوونەوەی ٢٦ کانوونی دووەم، کۆتایی بەوەش هێنا. لە سەر ئاستی عێراق، شەقامی عێراقی و لایەنە سیاسییەکان، بۆیان ئاشکرا بوو مانەوەیان لە گەل هەولێر لە بەرژەوەندییاندا نییە، بەڵکو بوون بە دوو جیران، باشترین بژاردەیە، ئێستا، ئەم شەقامی سیاسییەش، بە هۆی دەرئەنجامی کۆبوونەوەکەی ٢٦ی مانگ، پێداچوونەوەیەك بە بیروبۆچوونەکانی خویاندا دەکەن لە بارەی هەرێم.

لەملاو لەو لاوە، دەنگ ومنگ هەیە کە گوایە ئەم دەوڵەتە لە دژی خواستی کورد و هەرێمی کوردستانە و بانگەشەی ئەوە دەکەن «پروژەیەکی ئیسرائیلی یەهودییە»، هەندێکیش وەکو «خەنجەر لێدانێك لە پشتی عێراق»ی دەزانن و ...تاد، ئەوانە بۆ خۆیان چی دەڵێن، با بیڵێن، گرینگ ئەوەیە هەولێر لەگەڵ بەغدا لە سەر مژارەکە رێککەوتن بکات، بابەتەکەش چون دێتەچارەسەرکردن لە دوای هەڵبژاردن و قوناغەکان چۆن چارەسەر دەکرێت، پێوەندی بە خواستی ئەم و ئەو نییە، بەڵکو خواستی سیاسی بەغدا- هەولێر گرینگە.

دەرهاوێشتەکانی کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم

لەگەڵ سەرۆك و ڕێککەوتن لە سەر « گشتپرسی»، پایتەختەکانی ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە زلهێزەکانی خستۆتە ئامادەباشی. بابەتی هەرە گرینگ لێرەدا ئەوەیە، گشتپرسی هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا دێتەکردن، کە رێك لەو کاتە گەرمەی کایەی سیاسیی ئەمریکایە، واتە هەڵبژاردنەکان بۆ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا. ستراتیژی دیاریکردنی کاتی ئەنجامدانی ڕاپرسیی ریفراندۆم لە چەند ڕوویێکەوە زور گرینگە بۆ کورد، یەکەم: ئەم بابەتە دەبێتە بەشێك لە رۆژەڤی هەڵبژاردنی ئەمریکا و کاریگەری لە سەر لایەنە سیاسییەکان دەکات بو ئەوەی هەڵوێستی خویان دیاری بکەن. لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی هەبوونی پشتگیرییەکی بەرچاو لە هەرێمی کوردستان بە هۆی شەڕی داعش، لە ناو سیاسییەکانی ئەمریکا و خەڵکی ئەمریکا بەگشتی پشتگیرییەکی بەرفراون بۆ هەرێمی کوردستان هاتۆتەئارا، بۆیە دەبێت لەمبارەوە هەرێم بتوانێت وەك باشترین دەرفەت لە ڕێگای تۆڕی پێوەندییەکانی خۆی بە فەرمی و نافەرمی، سیاسی و بازرگانی، لەشکەری و ئاسایشی هەوڵی دەستەبەرکردنی پشتگیرییەکی هەمەلایەن لە خواستەکانی کورد لە عێراق فەراهەم بکات لە دەرئەنجامەکانی گشتپرسی.

هیچ کاتێك وەکو ئێستا کورد نەبووەتە فاکتەرێکی بایەخدار لە روژەڤی سیاسیی ئەمریکا و جێگەی بایەخی پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی لە ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا. کۆی گشتی پاڵێوراوەکان، کوردیان لە ناو روژەڤی سیاسیی خویان جێگیر کردووە، دەبێت هەرێمی کوردستانیش تێگەیشتنی قووڵی بۆی هەبێت و دەکرێت لە ڕێگای دانوستاندن و دیپلۆماسیەتێکی بەرفروان و بەرنامە بۆ دارێژراو لە سەر کایەی سیاسیی پاڵێوراوەکان، هەوڵەکان بۆ هەڵوێستی دیار و شەفافی داهاتووی ئەمریکا سەبارەت بە خواستەکانی هەرێمی کوردستان و شێوازی پێوەندی لە گەڵ عێراق روون و یەکلا بکەنەوە. بگرە دیاربوونی چوارچێوەی روانگە و سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین، کە یەکەم پێنگاو لە ڕێکخستنی گشتپرسی و شەڕعییەتدان بە دەنگ و خواستی هاووڵاتیانی کوردستان دەستپێدەکات، هاوکات خوئامادەکردنە لە گەڵ ڕاستییەکان و دەرهاوێشتەی ڕاپرسی.

بابەتی سەرەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد ئازادانە کیانی سیاسی و داهاتووی خۆی دەستنیشان بکات، کە بریتییە لە ڕێککەوتنێکی نوێ لە گەڵ دەوڵەتی عێراق لە سەر بنەمای «یەکسانی و پێوەندی دۆستانە»ی هاوشان و هاوبەش، چ وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆی جیا لە عێراق، یان دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری و مانەوە لە ناو سنووری ئێستای عێراق بە شێوەی « فدراسیۆن، یان کۆنفیدڕاڵی». ئەمەش واتای ئەوەیە کە کۆتایی بە داگیرکاری تاك و گەلی کورد بێت و کوردیش لە ڕێگای چوارچێوەی یاساکانی نێودەوڵەتی بتوانێت هاوشانی نەتەوەکانی خاوەن کیانی سەربەخۆ مومارسەی مافەکانی خۆی بکات. سەرەڕای ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردنە، لە ڕووی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە جیابوونەوە و مافی چارەی خۆنوسین بابەتێکی « نایاسایی» نییە، بەڵکو ڕێگە پێدراوە، بەڵام، ئەوەی ڕێگری لە سەربەخۆیی، یان جیابوونەوەی نەتەوەکان دەکات، بریتییە لە دەوڵەتی خاوەن سەروەری، کە جیابوونەوە لێی ڕوودەدات. ئەم ڕەوانگەی یاسای نێودەوڵەتییە، کە «سەروەری» کردووەتە بابەتێکی «موقەدەس» کە نەتەوەکان و کەمەنەتەوەکان نابێت خۆیانی لە قەرە بدەن، لە ڕووی یاسا و پرەنسیپەکانی نێودەوڵەتی جێبەجێکردنی «مافی چارەی خۆنوسین» لە ڕێگای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، یان جیابوونەوە، خیلافی قانوون نییە. واتە لێرە ئەوەی هەیە، بریتییە لە درووستکردنی ڕێککەوتنێکی سیاسی. ئەم ڕێککەوتنە دەبێت لەگەڵ کێ بکرێت؟ سروشتییە دەبێت لەگەڵ دەوڵەتی خاوەن سەروەری بێتەکردن و لە عێراقیش ئەم گۆڕانکارییە هاتووەتە ئارا، کە کورد و عەرەب پێویستییان بە ڕێککەوتنێکی نوێ هەیە بۆ پێکەوەژیان، هاوتەریب لە سەر ئاستی نێودەوڵەتییش، ئەم بابەتە بووەتە هۆی دروستبوونی «تەوافوق»ێکی سیاسی.

ئەوەی ئێستا ماوە، پێوەندی بە کورد بۆ خۆیەوە هەیە، نەك هیچ لایەنێکی دیکە. کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم لە رۆژی ٢٦ کانوونی دووەم کوتایی بە نەبوونی «یەکگوتاری» سیاسی کوردی لەم بارەیەوە هێناوە. ئێستاش زور گرینگە پێکەوە هەوڵی ڕێکخستنی ناوماڵی کورد و دروستکردنی ڕەوانگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی یەکگرتوو لەم بوارەوە بدەین، کە ڕاگەیاندنی سیاسیی لایەنەکان رۆڵێکی سەرەکی و جەوهەری لەم بوارە هەیە، بەتایبەتی کە بابەتەکە پێوەندیدارە بە دیاریکردنی چوارچێوەی داهاتووی « مافی چارەی خۆنووسین» بو گەلی کورد لە عێراق. لە لایەکی دیکەوە کێشە پراکتیکییەکان نابێت ببنە بابەتی سەرەکی و ڕێگر لە پێکانی ستراتیژیی سەرەکی، چونکە لە ڕووی جەوهەرییەوە، ئەمانە وەکو بابەتی لاوەکی تەماشا دەکرێن. بەش بەحاڵی خۆم، بژاردەی کۆنفیدڕاڵی لە قۆناغی یەکەم بە باشترین بژاردە لە بەردەستی سەرکردایتی کورد لەگەڵ بەغدا دەزانم. دەبێت ئەم ڕاستییەش لە بەر چاو بگرن، وەکو دەرئەنجام، لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنی بەغدا- هەولێر لە سەر پرۆسە و پرۆژی کۆنفیدڕاڵی، بڕیاری یەکلایەنەی سەربەخۆیی لە لایەن بەرپرسانی هەرێم دەبێتە هۆی شڵەقاندن و خولقاندنی دۆخێکی یەکجار نالەبار بۆ کورد، کە پێویستی بە پێداگیری و خۆڕاگری هەیە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە، دەبێت ڕەچاوی دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی ئیقلیمی و زلهێزەکان یکەین و ڕۆڵیان لە ئاڵوزبوونی بابەتەکە لە بەر چاو بگرین.

---

***توێژەری دکتۆرا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان- زانکۆی دهۆك**

**ئێستا پەنجەرەیەک بۆ ئەم بابەتە گرینگە بە یەکگرتوویی بونیادنراوە. چوارچێوەی پەنجەرەکە بریتییە لەوەی لایەنەکان کۆک بوون لە سەر پرسی گشتپرسی و ئەمە بۆ خۆی بابەتی جەوهەری و گرینگی دەرهاوێشتەی سیاسییە**

**لە ئاماژەپێکردنەکانی سەرۆک بارزانی رووناکییەک لە دوورەوە دیارە، کە لە سەر ئاستی جیهانی و هەرێمایەتی پشتگیرییەک هەیە بۆ وەڵامدانەوە بە خواستی گەلی کورد لە عێراق**

**دەرهاوێشتەکانی کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم لە گەڵ سەرۆک و ڕێککەوتن لە سەر « گشتپرسی»، پایتەختەکانی ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە زلهێزەکانی خستۆتە ئامادەباشی**

**هیچ کاتێک وەکو ئێستا کورد نەبووەتە فاکتەرێکی بایەخدار لە روژەڤی سیاسیی ئەمریکا و جێگەی بایەخی پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی لە ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا**




ئۆفرا بینگیۆ شارەزای کاروباری کورد بۆ گوڵان:

# دەرفەتی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەدەست مەدەن

## بڕیاری سەربەخۆیی ئەمری واقیعێک درووستدەکات کە ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت

**ئۆفرا بینگیۆ توێژەرە لە سەنتەری مۆشێدایان بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا لە زانکۆی تەلئەبیب، تایبەتمەندە لە بواری مێژوویی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی هاوچەرخی عێراق و پێشتر هەر لەهەمان زانکۆ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسی بەدەستهێناوە. گوڵان لە میانەی دیدارێکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ و ئەنجامدانی ڕاپرسی لەلایەن کوردەوە، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانینەکانی خۆی کرد.**

*** ساڵی ١٩١٦ پەیمانی سایکس پیکۆ لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا ئیمزاکرا بۆ دابەشکردنی میراتی ئیمراتۆریەتی عوسمانی، بەپێی ئەو پەیماننامەیە، نەخشەیەکی نوێ بۆ وڵاتانی ناوچەکە دانرا و لەو کاتەوە ئەو دەوڵەتانەی لە ماوەی ١٠٠ ساڵدا بەهۆی ئەم پەیماننامەیەوە دروستکراون،/ بوونەتە چەوسێنەری زۆر لە نەتەوەکان، بەتایبەتی کوردەکان. هەروەها هەمان ئەم دەوڵەتانە بوونەتە هۆکاری ناسەقامگیری و پشێوی لە ناوچەکەدا، بەڕای تۆ تا چەند جیهان گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی ئێستا کاتی کۆتاییهێنان بە سنوورەکانی سایکس پیکۆیە و کاتی ئەوەیە دیسانەوە سنووری ناوچەییەکان بکێشرێتەوە بەشێوەیەك کە ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێنێتەوە؟**

- ناتوانین وەك قەوارەیەك باسی جیهان بکەین. لەوانەیە سەبارەت بەم مەسەلەیە چەند گۆڕانکاری و تێگەیشتنێکی باشتر لە نێو ڕای گشتیدا هەبێت، بەڵام بەگشتی حکومەتەکان سەرجەمیان، بەتایبەتی ئیدارەی ئۆباما نەگەیشتوون بەم دەرئەنجامە و هێشتا باوەڕیان بە ئەگەری هێشتنەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو هەیە.

*** بەپێی نەخشەی سایکس پیکۆ و پاشان لە ناو ڕێککەوتنی سیڤەر-دا لە فەڕەنسا چەند هەوڵێك هەبوون بۆ دروستکردنی دەوڵەتێك بۆ کوردەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی سایکس پیکۆ بەو شێوەیەی کە داڕێژرابوو جێبەجێ نەکرا، موستەفا کەمال ئەتاتورك توانی تورکیا لە نەخشەی سایکس پیکۆ دەربکات و بەم شێوەیە ئەم ڕێککەوتنە بووە ڕاستی پاش جەنگی یەکەمی جیهان لە جیهاندا. پاشان لە ساڵی ١٩٢٣دا لە ڕێی پەیماننامەی لۆزانەوە واقیعێکی دیکە بۆ لەباربردنی دەوڵەتی کوردستان هاتەئاراوە، بەڕای تۆ ئەو فاکتەرانە چی بوون بوونە هۆی گۆڕینی سایکس پیکۆ بۆ ئەنجامی وتوێژەکانی پاش جەنگی یەکەمی جیهان؟**

- نەخشەی سایکس پیکۆ کاریگەری کەم بوو لەسەر ئەوەی چۆن نەخشەکە لە کۆتاییدا کێشرا. گرنگترین فاکتەر سەرکەوتنی ئەتاتورك بوو لە ماوەی شەڕەکەدا و هەروەها پێویستی بەریتانیاش بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنقەرەدا. بەهەمان شێوە ولایەتی موسڵ لکێندرا بە حکومەتی بەغدادەوە، لە بەر ئەوەی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەوکاتەی بەریتانیای دەکرد، هەرچەندە بەڵێنی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکان دابوو، بەڵام جێبەجێی نەکرد، چونکە وای بیر نەدەکردەوە کە هێزێك بن لە گەڵیان ڕێکبکەون.

*** سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکان وۆدرۆو ویلسۆن چواردە خاڵی دەرکرد کە بەپێی ئەوە نەتەوە میراتییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبوایە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرایە. بەپێی ئەو چواردە خاڵە، کورد یەکێك بوو لەو نەتەوانەی کە مافی چارەنووسی خۆی هەیە، بەڵام بەهۆی گۆڕانی هاوکێشەی هێزەوە لە داوی جەنگی یەکەمی جیهان و سەرهەڵدانی واقیعێکی نوێ، ئەم مافە بۆ گەلی کورد بە ڕەوا نەبینرا. ئایا لە ئێستادا تا چەند بارودۆخەکە لەبارە بۆ گەلی کورد کە بڕیار بدەن و ریفراندۆمی سەربەخۆیی بکەن؟ هەروەها تا چەند**

**جیهان پەسەندی دەکات و لەگەڵ ئەنجامەکانی ئەو ریفراندۆمەدا مامەڵەدەکات و رێز لە ویستی گەلی کورد دەگرن؟**

- بەڕای من کاتی ریفراندۆم هاتووە، کوردەکان چەندین دەرفەتی گرنگیان لەدەستداوە و ئەمەش یەکێکی ترە لەو دەرفەتانە. ئەوەی من بزانم سەبارەت بە کاردانەوە جیهانییەکان ئەوەیە کە سەربەخۆیی هەمیشە لەلایەن ئەوانی ترەوە نانرخێندرێت. ئەگەر زەمینە رەخسێندرا، ئەوا وەك شتێك قبوولی دەکەن کە ناتوانن خۆیانی لێ لادەن و بیگۆڕن )(fait accompli)).

*** یەکێك لە یاسا ئینتیدابییەکانی بەریتانیا و فەرەنسا لە سایکس پیکۆدا ئەوە بوو رێیان نەدەدا بە دەوڵەتان کە خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، بۆیە ئینتیدابەکە تا ئەو کاتە بوو کە بتوانن خۆیان حوکم بکەن. لە ناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و تەواوبوونی سایکس پیکۆ، هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە دەتوانێت خۆی حوکم بکات. پێتوانییە ئەمە مەرجێکی بەهێز بێت بۆ جیهان کە دانی پێدا بنێن کوردەکان شایەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن؟**

- پرسیارەکە ئەوە نییە ئاخۆ کوردەکان دەتوانن حوکمی خۆیان بکەن (کە لام وایە دەتوانن)، بەڵکو ئەوەیە تا چەند رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی دراوسێ دەیانەوێت لەگەڵ ئەرزی واقیعدا بسازێن. بۆیە لەوانەیە بەناچاری ئەمە بکەن، ئەگەر بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە دەوڵەتی ئیسلامی، یان وڵاتانی ناوچەکە و ئەوەی لێیان ماوەتەوە خراپترین ئەلتەرناتیڤن. بە رای من هێشتا بەو ئەنجامە نەگەیشتوون.

*** پاش جەنگی یەکەمی جیهان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی رووسی و سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیستی لینین، رووسیا لە هاوپەیمانی رۆژئاواوە بووە دوژمنی رۆژئاوا و لە ئەنجامدا واقیعێکی نوێ لە نێوان هەردوولادا هاتەئاراوە، هەروەها پاش لکاندنی دورگەی قەرم لەلایەن پۆتین-ەوە بە رووسیاوە، دووبارە رووسیا بووەوە مونافیسێکی بەهێزی رۆژئاوا و تێوەگلانەکانیشی لە سووریا ئەم بارەی زیاتر ئاڵۆز کردووە، بەتایبەتی کە رووسیا پاڵپشتیی بەهێزی مانەوەی ئەسەد لە حوکمدا دەکات. تا چەند گۆڕانی پێگەی رووسیا لە هاوپەیمانی رۆژئاواوە بۆ دوژمن دووبارە داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناڕۆشن دەکات؟**

- بێگومان سەرهەڵدانەوەی رووسیا وەك یاریزانێکی سەرەکی لە ناوچەکەدا بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر ئاڵۆز دەکات. «جەنگی سارد» وادەکات قورستربێت چارەیەك بدۆزرێتەوە بۆ کێشە بەیەکداچووەکان کاتێك رۆژئاوا و رووسیا بە ئاڕاستەی جیاوازدا دەڕۆن.

**سەرهەڵدانەوەی رووسیا وەک یاریزانێکی سەرەکی لە ناوچەکەدا بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر ئاڵۆز دەکات**

*** داعش بە راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە سووریا و عێراق یەکەم هێز بوو سنوورەکانی سایکس پیکۆ-ی گۆڕی، هەرچەندە شەرعییەتی نێودەوڵەتی نییە، بەڵام سەرتاپای ناوچەکە لە ئێستادا لەسەر بنەمای دابەشبوونی تائیفی شیعە و سوننە بەش کراوەتەوە و گەیشتووەتە ئاستێك کە دەتوانین بە سادەیی بڵێین: رووسیا پاڵپشتی جەمسەری شیعە و وڵاتەیەکگرتووەکان و رۆژئاواش پاڵپشتی جەمسەری سوننە دەکەن. سەرەڕای هەموو ئەمانە، کوردەکان نەبوونەتە بەشێك لەو دابەشبوونە و تەنیا لە بەرەکانی پێشەوە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان شەڕی دژی داعش دەکەن. تاچەند دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان گرنگە بۆ کورد تا بتوانێت بە بێلایەنی بمێنێتەوە و تەنیا شەڕی تیرۆریزمی داعش بکات، بەبێ تێوەگلان لە ناکۆکی، یان دابەشبوونی سوننە و شیعە؟**

- دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە پێشدا بەرژەوەندی کوردە، بەڵام هەنگاوێکی لەم جۆرە گەرەنتی ئەوە ناکات کە بە بێلایەنی بمێننەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە فشاریان دەخرێتە سەر لەهەر دوو کامپەکەوە. ئەمە هێڵێکی زۆر باش دەکێشێت لە نێوان کامپی سوننی و شیعی و سەرکەوتنی بەندە بەوەی تاچەند کۆمەڵگەی کوردی خۆی لە ئیسلامی سیاسی بەدوور دەگرێت.

*** لە کۆتاییدا دەتوانین پرسیاری ئەوە بکەین پێشبینییەکانتان بۆ دوای سنوورە دەستکردەکانی سایکس پیکۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕستدا چییە؟ کورد چ داهاتوویەکی دەبێت دوای سایکس پیکۆ؟ پێتوایە دەوڵەتی کوردستان ببێتە بەشێك لە واقیعی پاش سایکس پیکۆ؟**

بڕیاردان لەسەر سنوورەکانی سایکس پیکۆ لە دوو ناوەندا لەبەرچاو دەگیرێت: کوردەکان خۆیان و بواری نێودەوڵەتی. ئەگەر کوردەکان دەستپێشخەری بکەن و هێندە ئازا و دانا بن هەوڵی زیاتر بدەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان، لەوانەیە بتوانن ناوندە نێودەوڵەتییەکەش لەگەڵ خۆیاندا رێکبخەن. بەدڵنیاییەوە بەربەستی زۆریش لەسەر رێگاکەیان دەبێت، بەڵام کاتێکی باشتر دروست نابێتەوە بۆ رازیکردنی پاڵپشتیکەرانیان کە لە هەرسێ بژاردەکە: دەوڵەتی ئیسلامی و داڕووخانی دەوڵەتانی سووریا و عێراق، هەروەها دەوڵەتی کوردستان، ئەمەی دواییان کە دەوڵەتی کوردستانە، باشترین بژاردەیە.

**ئەگەر کوردەکان دەستپێشخەری بکەن و هێندە ئازا و دانا بن هەوڵی زیاتر بدەن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان، لەوانەیە بتوانن ناوندە نێودەوڵەتییەکەش لەگەڵ خۆیاندا رێکبخەن**



## هیوا ئەحمەد مستەفا بۆ گوڵان:

# نەخشەی سایکس پیکۆ بە کردەیی لە عێراق و سووریا کۆتایی هاتووە

قسەکردن لەسەر هەلومەرجی نێودەوڵەتی و دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە هەمانکاتدا ١٠٠ ساڵی ڕێك بە سەر نەخشەی سایکس پیکۆ-دا تێدەپەڕێت و نەخشەکەش بە شێوەیەکی کردەیی لە بەشی زۆری ناوچەکە کۆتایی هاتووە، سەبارەت بەم پرسە و پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان، هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی کوردستان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.

*** ئەمساڵ ١٠٠ ساڵی ڕێك بە سەر ڕێككەوتنی -سایكس پیكۆ-دا تێدەپەڕێت، ئەو ڕێككەوتنەی كە سەرلەنوێ نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داڕشتەوە و واقیعێكی داسەپاوی بە سەر كورداندا سەپاند و كوردستانی پارچەپارچە كرد. لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵە كورد قوربانیی ئەم ڕێككەوتنە بووە، بەڵام ئێستا واقیعێكی تازە هاتۆتە پێشەوە و هەموو جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی دەبێت ئەم -سنوورانە چاوی پێدابخشێندرێتەوە، لە ئێستاشدا كوردستان بە هۆی سەركەوتنەكانی پێشمەرگەوە هاوسۆزییەكی گەورەی نێودەوڵەتی بۆ دروستبووە. ئایا چی بكەین بۆ ئەوەی بتوانین لەم هاوكێشە تازەیەدا و ئەو هاوسۆزییە گەورەی بۆ كورد دروست بووە، بیگۆڕین بۆ پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتی كوردستان و سڕینەوەی ئەو غەدرەی كە ڕێككەوتنی سایكس پێكۆ لە كوردی كردووە؟**

- پێشمەرگە بەدەر لە كاریگەری سەربازی و دابینكردنی ئاسایش و ئارامی بۆ خەڵكی كوردستان، لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزەی پێی دەوترێت (داعش) ڕۆڵێكی دیكەی گێڕاوە، كە هەتا مێژووی كوردستان هەیە، دەبێ خۆی بە منەتبار و قەرزداری ئەو هێزە بزانێ. چونكە پێشمەرگە بوو بە ئەو هێزەی توانی گوڕ و تەوژمی سیاسی و دیپلۆماسی بە دۆزی ڕەوای گەلی كوردستان ببەخشێ. ئەوە ناوی پێشمەرگەیە، بووە بە چەمك، بووە بە زاراوەیەكی وێردی سەر زار و زمانان، نەك هەر لەسەر ئاستی كوردستان و عێراق و ناوچەكە، تەنانەت سنوورە نێودەوڵەتییەكانی تێپەڕاند و لەسەر ئاستی جیهان ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیری و میدیاییەكان و سایتەكانی ئەنتەرنێت و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان -ئەوانەی بە سۆشیال میدیا ناو دەبرێن- لە هەموو ئەو ناوەندانە خۆی ناساند. ئێستا لە وڵاتانی ئەوروپا لە شەقامەكان كە وترا: پێشمەرگە، دەزانرێ باسی سوپایەك دەكرێ كە كورد و كوردستانییە و شەڕدەكات لەگەڵ هێزێك كە لە لووتكەی ناشیرینترین ڕەفتاری مرۆڤایەتیدایە لە مێژوودا، ئەویش داعش ـە. جگە لەوەی پێشمەرگە بووەتە كاراكتەرێكی سەرەكی و بكەرێكی بزۆز و چالاك لە بەرەنگاربوونەوەی داعش لەم سەردەمە هاوچەرخەدا، ڕۆژێكیش دادێت شێوازی شەڕی پێشمەرگە لە ناوەندە سەربازییەكانی دنیا لەسەر ئاستی كۆلیژەكان دەخوێندرێت و دەبێت بە بابەتی مەشقی سەربازی. شێوەی سەركەوتنی هێزی پێشمەرگە لە چۆنیەتی ئازادكردنەوەی شەنگال لە ژێر فەرماندەیی ڕێزدار مسعود بارزانی-دا زۆر سەرنجی ناوەندە سەربازییەكانی جیهانی بۆلای خۆی ڕاكێشاوە و چەندین دامودەزگای سەربازی سەرقاڵی توێژینەوە كردووە و وانە و پەند و سوودی لێ وەردەگرن. بۆیە ناكرێ دەوڵەتانی وەك (ئەمریكا، ئەڵمانیا، فەرەنسا) ناوەندە سەربازییەكانیان سەرسام بن بە شێوازی شەڕی پێشمەرگە و هەست بكەن وانەیان لێ فێردەبن، بەڵام ئامادە نەبن پشتیوانی لۆجیكی و ورەیی ئەو هێزە بكەن، خۆ ئەگەر كردیان، ئەوە لەوێ بڕیارەكە گەیشتۆتە ئۆرگان و ناوەندێكی دیكە، كە بڕیاری سیاسییە. ئێمەش بۆ كاری ستراتیژی خۆمان ئیشمان بەو بڕیارە سیاسییەیە، كە پڕۆژەی هەڵوەشانەوەی نەخشەی ڕێككەوتننامەی -سایكس پیكۆ -یە، لانیكەم لەسەر هەرێمی كوردستان. بۆیە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی كە چی بكەین بۆ كەڵك وەرگرتن لە هاوسۆزی بۆ پێشمەرگە؟ دەكرێت بڵێین: پێویستە كارێكی وابكەین هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان تەنیا زمانی سەربازی نەزانن و بە فكر و هزری سیاسی و ڕۆشنبیری لەگەڵ شاندی ئەو وڵاتانەی كە دێن بۆ كوردستان گفتوگۆ بكەن، یان ئەو شاندە سەربازییانەی دەڕۆن بۆ خۆرئاوا و یەكێتی ئەوروپا، نابێ هەر بە زمانی سەربازی بدوێن، بەڵكو پێویستە ئامانج و تەوەرە سەركی و گرنگەكانی وتارەكانیان بە (نووسین) لە سەركردایەتی هەرێمی كوردستان بۆ ڕێكبخرێت، قورسایی پەیامەكە پێش ئەوەی سەربازی بێت، دەبێت سیاسی بێت، ئەوجار داوای ئەوە بكرێ كە پێشمەرگە پێویستی بە پشتیوانی سەربازی خۆرئاوا و جیهان هەیە، بۆ ئەوەی كوردستان ببێتە خاوەنی دەوڵەت، تا خۆی و دەوروبەر لە هەڕەشەكانی داعش بپارێزێت.

**پێویستە حكومەتی هەرێم لەمەولا بە شێوازێک کاربکات کە چیتر نەهێڵێ کۆمەڵێک بازرگانی گەورە سەروەت و سامانی کوردستان بە هەدەر بەرن و لە ڕۆژگارێکی ئاوا سەخت و نالەباریشدا هیچ هەڵوێستیان نەبێت و ئامادە نەبن هاریکاری حکومەتی خۆیان بکەن**

*** هاوكات لەگەڵ ئەم هاوسۆزییە نێودەوڵەتییەی بۆ كوردستان دروست بووە، گرنگە كورد ئەم فرسەتە بقۆزێتەوە و بە زمانێكی ڕاشكاو لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا قسە بكات و بیریان بێنێتەوە ئەوە غەدری ئەوان بووە كە بۆ ماوەی پتر لە سەدەیەكە مێژووی ئەم نەتەوەیەی خەڵتانی خوێن كردووە، ڕای گشتی ڕۆژئاوا بورووژێنێت بەوەی ئێستا نەك كاتی ئەوەیە دان بەو غەدرەدا بنرێت، بەڵكو كاتی ئەوەیە ئەو غەدرە قەرەبوو بكرێتەوە. ئایا ئەگەر هەنگاوێكی لەمجۆرە دەستپێبكەین، تاچەند دەتوانین كاریگەری لەسەر حكومەتەكان و ڕای گشتی ڕۆژئاوا دروست بكەین؟ ئایا تاچەند لە هەلومەرجێكی هاوشێوەی ئێستادا لە پرۆسەیەكی لەوجۆرەدا سەركەوتوو دەبین؟**

- پەنابەرانی كوردستان لە ڕۆژئاوا ئەوەی پێی دەوترێت جالیەی كوردی، یان هەرچی ناوی بنێین، ئەوانەی ئێستا لە دەرەوە ژیان دەبەنەسەر، زۆر گرنگە لایەنی نەرێنی كوردستان وەلابنێن و لایەنی باش و گەشی كوردستان و هەرێمەكەمان بەرنە پێش و برەوی پێ بدەن. زۆر گرنگە لە بازاڕەكان، كارگەكان، شوێنە گشتییەكان، ناوەندە ڕۆشنبیری و ئەكادیمییەكان و ئەو شوێنانەی كوردەكانی دەرەوە كاری خۆیانی تێدا ڕایی دەكەن، لەگەڵ خەڵكی

**ئەم پەرت و بڵاوی و ناسەقامگیرییە سیاسییەی هەرێمی کوردستان هەل و مەرجێکی درووستکردووە، دەست و قاچی دیپلۆماسیەتی کوردی لە زۆر بواردا شەتەک داوە و گرفتی زۆری بۆ درووستکردووە**

بیانی لە وتووێژدا بن و باسی مێژووی غەدرلێکراوی کوردستان بەدەست ئەنجام و ئاکامەکانی -سایکس پیکۆ- وە بکەن، کە جگە لە نەگبەتی بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاشووب و فیتنەکاری بەرهەمێکی دیکەمان لێ نەچنیوەتەوە. وەك دەبینن ئێستا جیهان بەگشتی باجەکەی دەدات. بەڵام لەو حاڵەتانەدا و لە ئێستاشدا میدیای کوردستان، سەتەلایتەکان و رۆژنامە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەرکێکی گرنگییان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویش وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستانە، تا ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین، زانیاری گشتییان هەبێ، بۆ ئەوەی هەموومان وابکەین دنیای دەرەوە جموجووڵ و چالاکی و بزاوتی سیاسی و رۆشنبیری زۆرتری تێ بکەوێ تا داوای پشتیوانی لە گەلانی دنیا بۆ سەربەخۆی کوردستان بکەین. ئەو بزاوت و چالاکییانە بە میتینگ و خۆپێشاندانی هێمنانە و دروشم و لافیتە و دابەشکردنی کارتی جۆراوجۆر لەناو بازاڕ و شەقامەکانی وڵاتانی ئەوروپا بێ بەرامبەر بکرێن، لەناو کارت و مەدالیای بچووکی جوان، داوا بکرێ کوردستان پێویستی بە پشتیوانی ئێوەیە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی سەروەری خۆی، کە مەبەست لێی ئەو کوردستانەیە کە پێشمەرگەی درووست کردووە.

*** لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا هەموو سیاسەتێك لە هەلومەرجی ناوخۆییەوە دەستپێدەکات. بەداخەوە لە ئێستای واقیعی سیاسیی ناوخۆیی کوردستاندا، هەلومەرجی سیاسی بەو ئاستە لەبار نییە کە بڵێین هیچ کێشەیەك لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا بوونی نییە، ئەمە فەرزی دەکات لە سەرمان کە هەنگاوی یەکەم بۆ هەر بڕیار و هەنگاوێك، رێکخستنەوەی نیومالی کورد بێت، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی زەمینەی سیاسیی ناوخۆی کوردستان بۆ بڕیارێکی چارەنووسسازی لەو جۆرە لەبار بکەین؟**

- راستییەکی تاڵ و هۆکارێکی ناخۆش و ئاستەنگێکی گەورە هەیە و نابێ نکۆڵی لێ بکەین، کە بووەتە رێگر لە بەردەم بەرەوپێشچوون لەم دۆخەدا، ئەویش نارێکی و ئاڵۆزی ناومالی خۆمانە وەك هەرێمی کوردستان. ئەم پەرت و بڵاوی و ناسەقامگیرییە سیاسییەی هەرێمی کوردستان هەل و مەرجێکی درووستکردووە، دەست و قاچی دیپلۆماسیەتی کوردی لە زۆر بواردا شەتەك داوە و گرفتی زۆری بۆ درووستکردووە. ئێمە پێشتر باسمان کرد، بۆ بونیادی دەوڵەتی کوردی نابێت رەوەندی کوردی لە ئەوروپا و خۆرئاوا بەگشتی لەبیر بکەین، بەداخەوە لە بەدبەختی و پەرتەوازەیی ناومالی کوردی لە جیاتی ئەوەی بە یەك دەنگ و یەك رەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان خۆپێشاندان بکرێ، کەچی دەبینین هەوڵ و کۆشش هەیە بۆ ئەوەی لە پەرلەمانی ئەوروپا و باڵیۆزخانە و کونسوڵیەتەکان پێچەوانەی ئەوە بخەنەڕوو، واتە هەنگاو بۆ پەرتەوازەیی ناومالی کورد دەهاوێژرێت، هەوڵدەدرێت پێشمەرگە وەك میلیشیا بناسێندرێت، بەوەش ئەوروپییەکان تێدەگەن کورد یەك دەنگ و یەك رەنگ و خاوەن یەك وتاری سیاسی نییە.! ئەوە زۆر زەرەرمان لێ دەدات.دەبێ ئێمە پێش هەر کارێك گرفتە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەین، ئەوجار دەتوانین هەنگاوی گەورە بهاوێژین، بە پێچەوانەی ئەوە ناتوانین ئامانجە سیاسیە گرنگ و گەورەکان بپێکین، پێویستە هەموو شتەکان چاك بکرێن، پەرلەمان وەگەڕ بخرێتەوە و حکومەت کارەکانی خۆی بکات، ئەوەش بە رێککەوتنی تازە دەکرێ، چونکە ئەوانەی پێشتر سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. باشترە کۆبوونەوەکان دوو قۆڵی ئەوجار سێ قۆڵی و چوار قۆڵی و زیاتر و زیاتر بکرێن. لە هیچ شتێکدا نەبوون نییە، ئەوەی پێی دەوترێ (هەرگیز) ئەوە لە سیاسەتدا جێی نابێتەوە، یان نابێ سیاسەت بکەین، یان نابێ خاڵی کۆتایی دابنرێت، چونکە گرفتمان بۆ درووست دەکات. مەبەستی من لەوەیە، ئەگەر بەڕاستی خاوەنی پڕۆژەیەکی دەوڵەتسازی بین، ئەگەر بەنیازیش نەبین، ئەوە هەر چۆن بێ دەتوانین لەگەڵی رابێین. لە پڕۆژەی دەوڵەتخوازیدا چەندی بکرێ و بە هەر شێوەیەك بتوانرێ دەنگەکان یەك بخرێن و رەنگەکان تێك بخزێن و رکابەرەکان کەمتر بکرێنەوە، هێندە لە ئامانجەکان نزیکتر دەبینەوە، بۆ ئەوەش دەبێ یەکەم هەنگاو لە راگەیاندنەکانەوە دەست پێبکەین، ئەگەر لەوێ کۆنترۆڵی زمانی خۆمان نەکەین، جەستە و دەروونمان لەگەڵ یەکتر رێك نایەنەوە و ئاشتی و پێکەوە کارکردن سەرناگرێ، لە پرۆسەیەکی ئاواشدا ناتوانین کارەکان بەبێ ئاستەنگی گەورەی ناوخۆیی بەڕێ بکەین کە دوور نییە لەباربردنێکی تری خەونی کورد و کوردستان بەدوای خۆیدا بێنێ. ئێمە سێ رێگەمان لەبەردەمە، یان تەنازولات لە ئاستی یەکتر بکەین و بگەینە رێککەوتنێکی تازە، یان رەوشەکە ئاوا دەڕوات تا هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجام دەدرێ، یان ئەو چەق بەستوییە بەرەو دوو ئیدارەییەکی نەخوازراومان دەبات.

*** لایەنێکی دیکە لە پرۆسەی دەوڵەتسازی کە رووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەو ژێرخانە ئیداری و سیاسیەیە کە دەبێتە بناخە بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتەی داهاتووی لەسەر رادەگەیەندرێت، دەبێت ژێرخانی ئیداری و سیستمی حوکمڕانی سەرلەنوێ رێکبخرێتەوە و پرۆسەیەکی گۆڕانکاری و چاکسازی گرنگ دەستی پێبکرێت. ئایا پرۆسەی گۆڕانکاری و چاکسازی وەك توخمێك لە نەخشەی رێگا تاچەند بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی گرنگە و تاچەند پێویستی بە ئیرادە و بڕیاری بوێرانە هەیە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە قەیرانێکی

**دەبێ ئێمە پێش هەر کارێك گرفتە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکەین، ئەوجار دەتوانین هەنگاوی گەورە بهاوێژین، بە پێچەوانەی ئەوە ناتوانین ئامانجە سیاسیە گرنگ و گەورەکان بپێکین**

**لە پڕۆژەی دەوڵەتخوازیدا چەندی بکرێ و بە هەر شێوەیەك بتوانرێ دەنگەکان یەك بخرێن و رەنگەکان تێك بخزێن و رکابەرەکان کەمتر بکرێنەوە، هێندە لە ئامانجەکان نزیکتر دەبینەوە**

**حکومەت کەمتەرخەمی و بێ بەرنامەیی هەبووە، بەڵام بەشێکی لە چاکە و میهرەبانی و سۆزی حکومەت بووە بۆ خەڵکی خۆی، لەوەی خەڵک دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی تا رادەیەک ژیانیان ببووژێنێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ بەسەریدا شکاوەتەوە**

زۆر گەورەی دارایی. پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: «سەد کراسی پاك لەبەر بکەی، وەك کراسێکی پیس سەرنجراکێش نابێت»، حکومەت کەمتەرخەمی و بێ بەرنامەیی هەبووە، بەڵام بەشێکی لە چاکە و میهرەبانی و سۆزی حکومەت بووە بۆ خەڵکی خۆی، لەوەی خەڵك دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی تا رادەیەك ژیانیان ببووژێنێتەوە، بەڵام ئەمڕۆ بەسەریدا شکاوەتەوە، جاران چەندی بە شان و باڵی حکومەتمان هەڵدابایە، زۆر پێمان ئاسایی بوو لە شان و دەست و پەنجەمان خۆش دەهاتەوە، ئەدی ئێستا خێرە وا نین، رەوشەکە چی لێ گۆڕاوە؟ هەر ئەوانەی تا دوێنێ سوودمەندی ئەوەڵ و ئاخیر بوون ئێستا ئەوان چۆن بوو، وا بوون بە خاوەن ماڵ و دز خاوەن ماڵی گرت؟ کەمترین بابەت لەسەر بڕینی بوودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە باس دەکرێت، لەکاتێکدا بەئاشکرا دەستیان خستۆتە ناو بینەقاقای خەڵکی کودستان و دەیانەوێ لە برسان بمانکوژن، کەچی هەندێ لایەنی سیاسی هێشتا ئەوتاوانە گەورەی عێراق پەردەپۆش دەکەن، ئەوانەی هەوڵ دەدەن خەڵك دژی حکومەتی هەرێم هان بدەن، ئەدی بۆ ئامادە نەبوون یەك رۆژ بێنە سەرشەقام دژی بەغدا؟ لە کاتێکدا دەبوو بە خۆپیشاندانی کوردستانییان دژی نان بڕینی خەڵکی کوردستان بەغدامان بهەژاندایە.

لێرەدا دەبێت پرسیار بکەین ئایە هەر حکومەتی هەرێم تووشی گرفتی دارایی بۆتەوە؟ ئایا شکان و دابەزینی نرخی نەوت لە ١١٠ دۆلارەوە بۆتە ٢٥ دۆلار هەر حکومەتی هەرێمی گرتۆتەوە؟ یان هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت هەڵەی حکومەتی هەرێمە؟ ئەی ئەگەر وڵاتانی دیکەشی گرتۆتەوە، لەوێش خەڵك تا چەند نیگەران بوون و تا چ رادەیەك کاری کردۆتە سەر ژیانیان؟ ئایا حکومەتەکانیان چۆن رووبەڕووی گرفتەکانیان بوونەتەوە؟ ئەدی دەکرێ ئەو رەوشە تا چەند درێژە بکێشێ؟ ئایا حکومەت هیچ پلانی چارەسەری لایە؟ ئەگەر هەیەتی پلانەکە چۆنە و ئەگەر نەیبێ چی روودەدات؟ ئایا ئەوەی ئەمڕۆ دەتوانرێ بکرێ، سبەی دەتوانین بیکەین، هەر وەك ئەوەی لەدوێنێدا دەتوانرا بکرێ و نەمانکرد و ئەمڕۆ باجەکەی دەدەینەوە؟ بەشێك لەو وڵامانە لای حکومەتە و بەشێکیشیان دەتوانین لەسەری بدوێین. حکومەتی هەرێم خەتایەکی لە داشکاندنی نرخی نەوتدا نییە، بەپێچەوانەوە پێی نیگەرانە و تەنیا وڵاتی ئێمەش تووشی ئەم قەیرانە داراییە نەبۆتەوە، زۆر وڵاتان دووچاری قەیرانی دارایی بوون و خەڵکەکەشیان نیگەرانن لەو ژیان و گوزەرانەی کە بەسەری دەبەن. لێرەشدا دەبێ حەق بدرێ بە هاووڵاتی، چونکە هاووڵاتی کاری بەوە نییە ئەم قەیرانە چەند وڵاتی گرتۆتەوە، هاووڵاتی پێویستی بە ژیان و گوزەران و ئەمن و ئاسایشە، پێویستی بە جێگیربوونی ژیانی خۆیەتی تا بزانێ ئایندەی چۆن دەبێت. هاووڵاتی دەیەوێت کاتێك ئەندامێکی خێزانەکەی نەخۆش دەکەێت، پارەی هەبێت بیبات بۆلای پزیشك و چارەسەری بکات، یان مووچەخۆرێك نەتوانێ کرێی خانووەکەی بدات، چۆن ژیان بەسەر ببات؟ ئەوانە بەڕاستی گرفتن. بەڵام من دەڵێم: دوو ساڵ ژیانکردن لە برسێتی و نەبوونیدا لە دوو کاتژمێر ژیانی ناو شەڕ و ئاژاوە و بگرە و بەردە و چڕەدووکەڵ و کوشت و کوشتار ماڵوێرانی و شەڕی ناوخۆ و ئاوارەبوونی هەندەران باشترە، بەتایبەتی لەو سەرماو سۆڵە و بەستەڵەکەی زستاندا. خەڵکی سووریا خۆپێشاندانیانکرد و ئەنجامەکەی دیارە چۆنە، یەك پارچە بۆتە وێرانە. هەر شەڕ و ئاژاوەیەك تووشی گەورەترین مەترسیمان دەکات کە وەك خۆکوشتن وایە، داعش زۆر نزیکە لێمان! پیشمەرگەکانمان نابێ نیگەرانی ئاسایشی ناو شارەکان بکرێن، ئەگەرنا کاریگەری لەسەر بەرەنگاربوونەوەکانیان دەکات. یەك ملیۆن و ٨٠٠ هەزار ئاوارە لە کوردستانن، کەس نازانێ ئەجیندای ئەوانیش چی تێدایە؟ بابەتی ورووژاندنی خەڵك زۆر ناسك و هەستیارە، نابێ راگەیاندنەکان هەروا بەئاسانی خەڵك هان بدەن چونکە میللەتەکەمان تووشی مەترسیی گەورە دەکەنەوە، دوایی هەر ئێمە نابین وڵاتانی دەوروبەریش دەگرێتەوە. هاوکات زۆر پێویستە حکومەتی هەرێم لەمەولا بە شێوازێك کاربکات کە چیتر نەهێڵێ کۆمەڵێك بازرگانی گەورە سەروەت و سامانی کوردستان بە هەدەر بەرن و لە رۆژگارێکی ئاوا سەخت و نالەباریشدا هیچ هەڵوێستیان نەبێت و ئامادە نەبن هاریکاری حکومەتی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانی (٣-٤)مانگی رابردوو، یان داهاتوو بە پێدانی مووچە ئەگەر بە قەرز و قازانجیش بێ بۆ فەرمانبەران دابین بکەن. گرنگە حکومەت بەپەلە پلان بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی مەڕ و ماڵات و پەلەوەر و گەشتوگوزار و کەرتی پیشەسازی بە کردەوە دابنێت. چونکە ئەو وڵاتانەی پشت بە یەك سەرچاوەی داهات دەبەستن، کە (نەوت)ـە، ئەگەر تا ئێستاش وایان لێ نەهاتبێ، لە ئایندەدا حاڵیان وەك هی ئێمەی لێدێت.

بەداخەوە هەندێ پارتی سیاسی دەستیان بۆ کۆمەڵێك بابەتی زۆر هەستیار برد بە پاساوی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێم) کە ئامانج تێیدا دەرپەڕاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەگەر ئەوە نەبوایە خودی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم دەبوو بە هۆکار و پاڵپشتێکی باش بۆ ئەو پرۆژە چاکسازییانەی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم بانگەشەیان بۆی دەکرد، رەوشە سیاسییەکەش بەو چەقبەستووییە نەدەگەیشت.

**دوو ساڵ ژیانکردن لە برسێتی و نەبوونیدا لە دوو کاتژمێر ژیانی ناو شەڕ و ئاژاوە و بگرە و بەردە و چڕەدووکەڵ و کوشت و کوشتار ماڵوێرانی و شەڕی ناوخۆ و ئاوارەبوونی هەندەران باشترە**

### مارینا ئۆتاوای توێژەری باڵا لەسەنتەری وۆردۆ ولسن بۆ گوڵان:

# دەوڵەت لەسەر بنەمای راستییەکانی ئەرزی واقیع درووست دەبێت و کوردستانیش ئەو راستییانەی بەدیهێناوە



**مارینا ئۆتاوای توێژەری باڵایە لە سەنتەری وودرۆ ویڵسۆن، پێشتریش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ وەك شرۆڤەکارێك لە بواری ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئەفریقیا و بەلکان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری کردووە. حاڵی حازر سەرقاڵی پرۆژەیەکی پەیوەست بە وڵاتانی بەهاری عەرەبی و عێراقە لە سەنتەری ویڵسۆن، پێشتریش لە دامەزراوەی کارنیجی بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی توێژینەوەی لەسەر ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە. هەروەها وانەبێژ بووە لە زانکۆی جۆرج تاوون، قوتابخانەی جۆنز هۆپکینز بۆ توێژینەوەی نێودەوڵەتی، زانکۆی ئەمەریکی لە قاهیرە و چەندین زانکۆی دیکە. گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد لە بارەی رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری گۆڕانی نەخشەی ناوچەکە و پرسی هاتنەئارای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەویش بە باشی زانی بە وتارێکی کورت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.**

سەرەتا دەمەوێت بڵێم نەخشەی ئێستای ناوچەی شام هەمان ئەو نەخشەیە نییە کە لە رێککەوتنی سایکس-پیکۆدا هاتبوو. ئەو رێککەوتنە هەرگیز جێبەجێ نەکرا، لەبەر چەندین هۆکار کە ئەوەندە ئاڵۆزن، لێرەدا بوار نییە باسیان بکەین. هەرچۆنێك بێت، یەکێك لە هۆکارەکان بریتی بوو لە بەرهەڵستیکردنی نەخشە بنەڕەتییەکە لەلایەن دانیشتووانی ناوچەکەوە، وەك ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا، لە نێویاندا فەلەستین، زایۆنیزم، ناسیۆنالیزمی عەلەوی و دروزەکان، هەروەها ناسیۆنالیزمی کوردی ئەگەرچی لە کۆتاییدا کورد سەرکەوتوو نەبوو. ئەمە پرسێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی گەلانی ناوچەکە بەشێك نەبوون لە دارشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای رووخانی عوسمانییەکان. ئەوان دەبنە بەشێك لە دارشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی داهاتوو لە رێی دروستکردنی چەند راستییەك لەسەر ئەرزی واقیع. کەس بڕیار لەوە نادات کە کەی کاتی گۆڕینی نەخشەکە و سەروەختی دارشتنەوەی نەخشەیەکی نوێیە. بەڵام کاتێك گروپە جیاوازەکان هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانیان دەدەن، ئەوا لە ئاکامی ئەمەدا نەخشەیەکی نوێ سەرهەڵدەدات. ئەمجاریان ئەگەری ئەوە هەیە کورد هاتنەدی هەندێ لە خەونەکانی ببینێت، ئەگەرچی ئەو ئەگەرە زۆر زۆر دوورە کە تاکە دەوڵەتێکی کوردی دروست بێت و سەرجەم ناوچە کوردییەکانی تورکیا و عێراق و سووریا و ئێران لە خۆبگرێت.

کاتێك باس لەوە دەکرێت کە چواردە خاڵەکەی -سەرۆکی ئەمەریکا- وۆدرۆ ویڵسۆن بکرێتە بنەما بۆ- دروستکردنی دەوڵەت-، ئەوا دەڵێم کە ئەم خاڵانە پرەنسیپگەلێکی نارۆشن بوون کە هیچ وڵاتێك بە راستی پابەند نەبوو پێیانەوە، لە نێویاندا ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بە یەکجاری دەستی لە بایەخپێدان بە ناوچەکە هەڵگرت.

لەبەر ئەوە هەڵەیەکی جددییە بۆ کورد کە لەسەر بنەمای چواردە خاڵەکەی ویڵسۆن بانگەشەی ئەوە بکات مافی سەربەخۆیی هەیە. بەهێزترین بانگەشە بۆ مافی دەوڵەتداری بریتییە لەو دەستکەوتانەی لەسەر ئەرزی واقیع بەدەستیان هێناوە. کوردی عێراق دەستکەوتگەلێکی زیاتری بەدەست هێناوە بە بەراورد بە کوردی وڵاتانی دیکە. بە دەگمەن رووددات دەوڵەتان لەسەر بناغەی پرەنسیپەکان دروست بن، بەڵکو لەسەر بنچینەی راستییەکانی -سەر ئەرزی واقیع- دروست دەبن، لەم رووەوە کوردی عێراق لە پێگەیەکی بەهێزدایە.

لە پێوەندی بەوەی کە دەوترێت داعش بۆتە هۆی ئەوەی سنوورەکانی ئەم ناوچەیە وەك خۆیان نەمێننەوە، ئەوا من هاوڕا نیم لەگەڵ ئەوەدا کە داعش گۆڕانکاری لە سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێنابێتەئاراوە، بەڵکو ئەو گۆڕانکارییە لەلایەن کوردەوە هێنراوەتەکایەوە، ئەویش کاتێك هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەرییان دامەزراند.

کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە دروستکردنی راستییەکان لەسەر ئەرزی واقیع جیاوازە لەوەی وەك دەوڵەتی دانپێدانانی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت. لەبەر ئەوە نابێت بڕیاردان بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکان لە پێناو بەدەستهێنانی دانپێدانانی نێودەوڵەتیدا تەنیا لەسەر بناغەی پرەنسیپەکان بێت، بەڵکو پێویستە لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنی دۆخە سیاسییەکەش بێت.

# دەسەڵات و دەسەڵاتخوازان!



**د. ڕەشاد میران**

دەسەڵات دیاردەیەکە لەنێو هەموو جۆرە کۆمەڵبوونێکی مرۆییدا دروست دەبێ، تەنانەت ئەگەر ئەو کۆمەڵبوونە چەندکەسێکیش تێپەڕنەکات- وەکو خێزان یان دەستەی هاوڕێیان... کۆمەڵگاش چونکە کۆمەڵبوونێکی گەورەی مرۆییە بێ ئەم دیاردەیە نابێ، بگرە دەسەڵات لێرەدا شێوەی دەزگایەکی بنیادیی وەردەگرێ و لە سەرووی ئەو سستێمەوە دەبێ کە سەرلەبەری کۆمەڵگاکە کۆنترۆڵ دەکا و بەڕێوەی دەبات- بۆیە دەسەڵات دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە.

لەم ڕووەوە، هەر تاکێکی کۆمەڵگا جۆرێک و ئاستێک لە دەسەڵاتی هەیە و کەواتە دەسەڵاتخوازە، لەمەشدا پێویستی بە هەوڵ وجەماوەر و بڕیار نییە، بەڵکو ئەمە مافێکی سروشتی و ئاساییەتی... ئەم جۆرە دەسەڵاتەی تاک بە پلەی یەکەم مەعنەوییە، ئەگەرچی تیایدا توانای ماددیش دەوری دەبێ. لێرەدا ئەو دەسەڵاتەی تاکەکەسیش بنەما و ڕیشاڵی کۆمەڵایەتیی هەن، چونکە سستەمی کۆمەڵایەتی جۆر و بڕ و ئاستی ئەو دەسەڵاتەی تاکی دیارکردووە- هەرچەندە مرۆڤ هەمیشە زێدەڕۆیی دەکات لەو دەسەڵاتەی کۆمەڵگا پێی بەخشیووە.

لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش ، وەکو گوتمان، دەسەڵات دەزگایەکی بنیادیی سستەمە کۆمەڵایەتییەکەیە و ئەرکی کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە؛ ئەم دەزگایە بەگشتی سێ جۆر دەسەڵاتی لەنێوخۆدا کۆکردوونەتەوە :

- دەسەڵاتی سیاسی (حکومەت)
- دەسەڵاتی مەعنەوی ( ئایینی )
- دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی (چینایەتی)

بە گوتەیەکیتر ، ئەم جۆرانەی دەسەڵاتن کە، لەپاڵ هەندێ توخمیتری وەک دەزگاکانی ڕۆشنبیری و هونەری و زانستی، سەرخانی کۆمەڵگا پێکدێنن...

ئەم سێ جۆر دەسەڵاتە دەبێ هەمیشە کۆک و هەماهەنگ بن، چونکە ئەمانەن کە سستەمە کۆمەڵایەتییەکەیان ڕاگرتووە؛ هەر یەکێک لەم دەزگایانەی دەسەڵات بەتەنیا، بەبێ دووەکەیتر، کۆمەڵگای پێ کۆنترۆڵ ناکرێ.

دەسەڵاتی سیاسی ، با جەماوەرێکی حیزبیی فراوانیشی هەبێت، پێویستیی لە ڕادەبەدەری هەیە بە پشتیوانیی دەزگای ئایینی ( مزگەوت و پیاوانی ئایینی و تەکییە و خانەقا و کەنیسە و...) هەروەها چینە کۆمەڵایەتییە دەستڕۆیشتووەکانیش (موڵکدار و دەوڵەمەند و ئاغا و سەرۆک خێڵ و... )- بەبێ پشتگیریی ئەمانە هەرگیز ئارامی و سەقامگیری لە کۆمەڵگادا فەراهەم نابێ

کە ئەمەش ئامانجی یەکەمینی هەموو دەسەڵاتیکی سیاسییە.

دەزگاکانیتری دەسەڵاتیش بە هەمان جۆر- دەزگای ئایینی پێویستی بە پشتگیری و یارمەتیی دەسەڵاتی سیاسی هەیە، لەڕووی بەیاساکردنی هەندێ لە دۆگماکانی و هەروەها بۆ پشتیوانیی ماددی و بۆ پاراستنی؛ ملکەچکردن، یان بەلای خۆدا ڕاکێشانی چینە کۆمەڵایەتییە دەسڕۆیشتووەکان ئەرک و ئامانجی یەکەمینی دەزگای ئایینییە بۆ سوودوەرگرتن لە توانای ماددی و جەماوەرییان. جێگەی سەرنجە کە لە سەرانسەری مێژوودا دەزگای ئایینی ، بە پلەی سەرەکی، پشتی بە چینە «باڵا»کان بەستووە، لەبڕی ئەمەش ئەمانەی دوایی پاداشتکردوون ، ڕەوش و پەرژەوەندییەکانیانی جێگیرکردوون- جاری واش هەیە کە پیرۆزیکردوون و چاوپۆشییکردووە لە پرەنسیپی دادی کۆمەڵایەتی ، وەکو لە ئایەتێکی قورئان دا هاتووە :... و رفعنا بعضهم فوق بعض درجات ليتخذ بعضهم بعضا سخريا- [٣٢ / الزخرف]- بۆیەش کورد بەمانە دەڵێ «خوداپێداوان».

چینە کۆمەڵایەتییەکانیش بێ پشتگیری و پشتیوانیی دوو دەسەڵاتەکەیتر ناتوانن پێگە و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و ماددییەکانیان بپارێزن- نموونەی زۆری ئەوەمان لایە کە دەسەڵاتی سیاسی پێگە و بەرژەوەندی و تەنانەت بنیادی کۆمەڵایەتیی چینە کۆمەڵایەتییەکانیشی هەڵتەکاندوون ، وەکو چۆن سیستەمی سۆسیالیستیی سۆڤیەتی لە ئەنجامی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیا و دواتریش لە وڵاتانیتری سۆسیالیست ئەمەیان کرد... ئەمانە تەنانەت دەزگای ئایینیشیان لەو وڵاتانەدا تا ئەوپەڕی لاوازکرد، بەڵام ئەمە گۆڕینێکی ڕادیکاڵانەی سیستەمی کۆمەڵایەتیی بوو- واتە گۆڕینی سەرلەبەری بنیادی کۆمەڵایەتییە بە هەموو توخم و پێکهاتەکانییەوە و داهێنانی سیستەم و بنیادێکی کۆمەڵایەتیی نوێ لە جێگەی ئەو؛ ئەگەرچی وەکو دەزانین دواتر، لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، لەو وڵاتانە پرۆسەیەکی پێچەوانەی ئەمە ڕوویدا و سەرلەنوێ سیستەمی کۆمەڵایەتی گۆڕانیان بەسەردا هاتەوە.

حاڵەتی واش هەیە کە دەزگای ئایینی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سیاسیی گرتۆتە دەست- وەکو لە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ وە... زۆر پێشتریش کاتێک ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەبی دەوڵەتی ئیسلامیی دامەزراند؛ لە هەردوو حاڵەتدا ، هەروەکو لە ئەوروپاشدا کاتێک دەزگای ئایینیی مەسیحی لە دەوڵەتداریدا باڵادەست بوو و ئێستاش دەوڵەتێکی ئایینی بە ناوی ڤاتیکان هەیە لە ئەوروپا ، دەسەڵاتی سیاسی- ئایینی گرفتێکی لەگەڵ چینە باڵا و دەسڕۆیشتووەکاندا نەبووە. جێگەی سەرنجە کە لە ئیسلامدا هەوڵێک درا بۆ دەسکاریکردنی ڕەوشی دەوڵەمەندەکان، کاتێک لە ئایەتێکی قورئاندا کۆکردنەوە و خەزنکردنی سامان تەحریم کرا /... و الذين يكنزون الذهب و الفضة... فبشرهم بعذاب أليم - التوبة ٣٤/ ؛ بەڵام هەرزوو ئەم ئایەتە نەسخکرا بە ئایەتی (الزكات) /... خذ من أموالهم صدقة تطهرهم و تزكيهم بها- التوبة ١٠٣/... فشاری «خوداپێداوان» لەسەر ئەم دەستوبردەدا بە ئاشکرا دیارە *.

یەکبوونی دەسەڵاتەکانی سیاسی و ئایینی تۆکمەترین و کاریگەرترین جۆری سیستەمی حوکمڕانی فەراهەم دەکات، چونکە ئەم جۆرە سیستەمە هەردوو بوارەکانی ماددی و مەعنەویی بەدەستە و ئەمەش واتە ژێردەستکردن و ملکەچکردنێکی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگا. ئەوەش وەنەبێ ڕەچاونەکرابێ، بەڵکو ئەمە هەر لەکۆنەوە تیۆریزەکراوە لەلایەن فەقیهەکانەوە بگرە (ابوالحسن الماوردي ، ابوبكر الطرطوشي، ابن تيمية...) تا زانایان (ابن خلدون، ابن رشد...) ** - ئەگەرچی لە پراکتیکدا ئەمە هەمووکاتێک جێبەجێ نەبووە و بۆیەش لە مێژوودا پێکدادان لەنێوان ئەو دوو دەسەڵاتە- ئایینی و سیاسی - ڕوویانداوە.

لە ڕاستیدا هەر جۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ ئەوەی بتوانێ لە کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردندا سەرکەوتوو بێت ، دەبێ توانای نواندنی کاریگەریی هەبێت لەسەر لایەنی مەعنەویی ئەندامانی کۆمەڵ ، چونکە ئەزموون دەریخستووە کە هێزی ماددی بە تەنیا بەس نییە بۆ بەڕێوەبردن ، ڕاگرتن ، دامرکاندنەوە و ڕازیکردنی ئەمانە... جا لەبەر ئەمە دەسەڵاتی سیاسی دەبێ خاوەن بەرنامە و فیکرێکی ڕێکخراو بێت، یان بە دەستەواژەیەکیتر- خاوەن ئایدیۆلۆگیا بێت.

مەبەست لە ئایدیۆلۆگیا - بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ هەموو بوار و لایەنەکانی ژیان لەسەر بنەمای سیستەمێکی فیکریی ڕێکخراو و دامەزراندنی دەزگای کارامە و بەتوانا بۆ جێبەجێکردنی.

کاتێک دەسەڵاتی سیاسی بێ ئایدیۆلۆگیا دەبێ ، ئەوا ئایدیۆلۆگیای ئایینی دەوری سەرباشقە دەبینێ و هەڵدەستێ بە پەروەردە و ئاڕاستەکردنی ئەندامانی کۆمەڵگا و ڕێکخستنی ژیانیان بەپێی دۆگما ئایینییەکان؛ ئەم دۆگمایانەش، وەکو لە هەموو ئایینێکدا، ئەوەندە خزمەت بە ژیانی سەرزەمین و خۆشگوزەرانیی خەڵک ناکەن ئەوەندەی کار بۆ مردن و دنیای ئەودیو

دەکەن و مرۆڤ ڕادێنن لە ژیانێکی چەقبەستوو-لەمەشدا چینی دەسڕۆیشتووی موحافیزکار هاوکارێکی بەهێزی دەزگای ئایینی دەبێ.

بەهەر حاڵ، دەسەڵاتی سیاسی پێویستە ، وەکو گوتمان، کاریگەریی مەعنەویی بنوێنێ لەسەر دانیشتوانی وڵات ، ئەو خەڵکەی کە دەبێ ژیانیان ڕێکبخات و گوزەرانیان برەخسێنێ ؛ ئەمەش بۆ ئەوەی، پێش هەموو شتێک ، خەڵکەکە گوێڕایەڵ و هاوکار بن لە بەڕێوەبردنی کاروباری هەر ئەو خەڵکە خۆی... ئەندامانی کۆمەڵ گوێڕایەڵ و هاوکاری چیی بن کە نەزانن دەسەڵات بەتەمای چییە چی لە پلان دایە ؟- لەم حاڵەتانەدا هەمیشە نارەزایی و پشێوی ڕوودەدەن. [ ڕاستە کابینەکانی حکومەت هەمووجارێک بەرنامەی کاریان ڕادەگەینن ، بەڵام ئەم بەرنامانە هەرگیز ناچنە ڕیز نەک هەر ئایدیۆلۆگیا، بگرە لە پلانی تۆکمەش ناچن و تۆسقالێک دڵنیایی و باوەڕبەخۆ و سووربوون و مکوڕییان تیا نییە... پڕن لە دەستەواژەی : هەڵدەدەین، بەپێی توانا ، بایەخ دەدەین...] بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵات دەبێ «فیکرە ڕێکخراوەکەی» خۆی بە ڕوون و ئاشکرا بخزێنێتە نێو دەزگاکانییەوە هەر لە پەروەردەوە تا... ڕاگەیاندن و لە پراکتیکیشدا دەرهاوێشتە و جێبەجێکانی ئەم بەرنامە«ئایدیۆلۆگیا»یە ڕەنگدانەوەی واقیعییان هەبێ لە ژیانی ئەو خەڵکەدا.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی ، لە کوردستانی باشوور، خاوەن ئایدیۆلۆگیای نەتەوەیی بوایە ( لە واقیعیش دەبوایە وابێت چونکە ئێمە ئێستاش هەر لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی داین- با کیانێکی نیمچەسەربەخۆشمان هەبێت! ) ، ئەوا ئەم ئایدیۆلۆگیایە دەبوایە هێزە سیاسییەکان یەکبخات و یەکەیەکەی ئەندامانی کۆمەڵ پەروەردە بکات وجۆشیان بدات بە ڕۆحی نەتەوەپەروەری ، فێری دان بەخۆدا گرتن و لەخۆبووردن، خەبات و کارکردنیان بکات ؛ خاک و نیشتمانیان لا پیرۆز و داکۆکیی لێ بکەن نەک لێی هەڵبێن و کۆچ بکەن... هەموو ئەوەش بە پەروەردەکردنێکی ڕۆحی و مەعنەوییانە دەکرێ ، ئەوەی بەداخەوە بەلامانەوە هەرگیز گرنگ نەبووە. ئەوەی بەسەر ئێمەدا هات ڕێک ئەو حیکمەتەیە کە غاندیی نەمر دەریبڕی : ئەگەر ویستت شۆڕشێک ، بزووتنەوەیەک یان حیزبێک بشێوێنی و تێکی بدەی ، ئەوا پارەی زۆری تێبڕژێنە !.


*هادي العلوي؛ «نظرة مجملة في اقتصاديات الاسلام». الثقافة الجديدة ٢٢٩/ ١٩٩١

** د. علي أومليل؛ « السلطة الثقافية و السلطة السياسية ». مركز دراسات الوحدة العربية ، ط٣، بيروت ٢٠١١

# وەک ئەوەی..

لەم ڕۆژانەدا زۆر جار باسی قسەیەکی (جۆرج دوبی) دەکرێت کە (پییێر بۆردیۆ) خۆشی لێهاتبوو، وێڕای ئەوەی نە بەم سەردەمەی ئێمە وابەستەیە، نە پێوەندیشی بە کۆمەڵگەی ئێمەوە هەیە، بەڵام من پێموایە هێندە لە ئێمەوە دوور نییە و گوزارشت لە واقیعی حاڵەکەشمان دەکات. (دوبی) نووسیویەتی: «ئەگەر دەتەوێ جوامێر بیت، دەبێ تەخشان و پەخشان بکەیت، هەروەها تۆ ناچاری خۆت دەربخەیت و پەڕ و باڵت فش بکەیتەوە، بۆشت نووسراوە کە خۆشگوزەران و دەستبڵاو بژیت. خۆ جیا کردنەوە لە جووتیاران پێویستی بەوە بوو، کە لە رووی چینایەتییەوە لە سەرووی ئەوانەوە بیت، ئەوەش نیشان بدەیت کە لە کەرەم و دەستبڵاویدا تۆ لە سەرووی ئەوانەوەی. وێژەی سەردەمیش ئەوە دەخاتەڕوو. جا ئاخۆ سوارچاکی رەسەن بە چی لە خەڵکی تازە دەوڵەمەندبوو جیا دەکرێتەوە؟ ئەمیان (دەوڵەمەندی تازە) قرچۆك و رەزیلە، کەچی ئەویان (سوارچاك و خانەدان) جوامێرە، چونکە بە خۆشحاڵییەوە هەرچی هەیەتی خەرجی دەکات، هەروەها چونکە شانی لە بن باری قەرزدا کەچ بووە.»

خۆ رەنگە، ئەو کلیل دەستەواژەیەی کە دوو کەڕەت لەم وتەیەدا دێت (خۆدەرخستن) و (خۆفشکردنەوە) بێت. هەڵبەت تێگەیشتن لەم دەستەواژەیە لە چێوەی بەکار هێنانەکەیدا، هەر ئەوەیە کە بایەخێك بە وتەکە دەدات، وەرگرتنەکەشی قووڵایی خۆی هەیە. یەکەمین شت لێرەدا کە دەبێ دووری بخەینەوە، بەوەی خۆدەرخستن حاڵەتێکی ناسازە، هەر دەبێ کاتێك بێت و راستیی کار وەدەرکەوێت. پێموایە دەبێ کارەکە لە دەرەوەی دووانەی (راستی/روالەت)دا لێی بڕوانین. خۆ رەنگە وا پێویست بکات، کە دوور لە میتافیزیکی راستی لێی حاڵی بین، چونکە لێرەدا خۆدەرخستن هەرگیز پێوەندیی بە ناسازییەوە نییە. مرۆڤی جوامێر نە فیشاڵی هەیە و نە ناسازی دەنوێنێ، بەڵکو ئەو «خۆشگوزەرانی و دەستبڵاویی بۆ براوەتەوە»، ئەو ناچارە بەم شێوەیە



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

دەرکەوێت. هیچ دەرەتانێکی نییە هەر دەبێ بەخشندە بێت، تەنانەت دەستبڵاویش بێت، بۆ ئەوەی شایان بە پێگەی خۆی بێت. خۆدەرخستن لێرەدا خۆڕسك و راستەقینەیە، هەر ئەویشە وادەکات، کە جوامێر بەم جۆرە بێت، هەر ئەویشە جیاوازیی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، پێگەیەکیش بە گرووپێکی دیاریکراو دەدات، کە گرووپەکانی دی ناگەنە قولە پێی، تەنانەت ئەگەر «شانی لە بن باری قەرز»یشدا کەچ نەبووبێت.

رەنگە ئەم پرسیارەش بێتە پێشەوە: چ پێویست دەکات باس لە دابەش بوونەکەی جڤاکی ئەوروپای سەدەکانی ناوەند بکەین؟ چ پێویست دەکات ئا لێرەدا قسە لە بارەی خۆدەرخستنەوە بکەین؟

وا دیارە ئەم چەمکەش یەکێکە لە کلیلەکانی تێگەیشتن لە ژیانی هاوچەرخ. جێی خۆیەتی، هەر بۆ روونکردنەوەی پرسەکە، ئەوەی (ژان بۆدریار) لە بارەی ئەم میکانیزمەی خۆی ناوی نابوو (simulation)، بهێنینەوە یاد، زاراوەکەش واتاکەی «خۆفشکردنەوە بە گەنج و سامانێك کە نیمانە»، دەکرێ لە کوردیدا پێی بڵێین (لاساییکردنەوە). لەم رووەوە (بۆدریار) چیرۆکێکی (بۆرخیس) دەهێنێتەوە، کە باسی ئەو لاساییکردنەوە پڕ لە گاڵتەجاڕی و جەفەنگە دەکات، (لاساییکردنەوەی واقیع)، نەخشەکێشەرانی ئیمپراتۆریەتێك نەخشەیەکی ورد دەکێشن، زۆر بە وردی خاکی وشکانی ئیمپراتۆریەتەکە دەگرێتەخۆ. لەگەڵ ئاوابوونی ئیمپراتۆریەتەکەش، ئیدی وردە وردە نەخشەکە پەرت و بڵاو دەبێتەوە. نەخشەکە پەیدۆزی خاکی کرد، وەك ئەوەی بابەتەکە گۆشتێکی گەنیو بێت، کە هەر دەبێ بڕزێت و بگەڕێتەوە سەر مادە رەسەنەکەی خۆی (زەوی: خاك). چیدی نەخشە لاسایی خاك ناکاتەوە، بەڵکوو گۆڕا بە ستراتیژێك بۆ بەرهەمهێنان. «نەخشە وەپێش زەوی دەکەوێت، سنووری زەوی دەکێشێت و دەیهێنێتە بەرهەم.» نەخشە بەوەی بە واقیع دەچێت، بووە واقیعێك کە لە واقیع واقیعیترە، وێك چوون وای لە زەوی و نەخشە کردووە، بۆ ئێمە وەك یەك بن، بە چەشنێك جیاوازیی نێوانبڕی شتان دەسڕێتەوە، پاساویش بۆ هەبوونی رووت و پەتی، نەخشە، خاك، واقیع و وەهمیش، دەهێنێتەوە،

ستراتیژی لاسایی کردنەوە وا دەکات وەهم و واقیع پێك بچن، ئیدی بە لای ئێمەوە وەك یەك دەبن. ئەوە ستراتیژێکە بۆ ئەفراندنی گومان، ئەو قسە هەڵبەستن نییە بۆ واقیع، کە لە چرکەساتی دەرکەوتنی (راستی)دا، پەردەی لە سەر هەڵماڵدرێ، بەڵکوو پێکچوون و لاساییکردنەوەیەکە، ئیدی وا لە واقیع دەکات، کە دەست لە واقیع بوونی خۆی هەڵگرێت، بۆ ئەوەی بچێتە سەرووی خۆیەوە و ببێتە «واقیعێکی ساغ و پتەو»، کە «زادەی نموونەی تەفرەدەرە، لە نێو فەزایەکی بێ چاوگ و بێ چێوەی دەرەکی.»

کەواتە، بەرکاری سەرەکیی ئەم میکانیزمە ئەوەیە، وات لێ دەکات چاوگ لە دەست بدەیت، ئیدی توانای لە یەکدی جیاکردنەوەی وەهم و راستیت نامێنێ، نێوانی واقیع و ئەفسانە، سروشت و ئەو دیوی سروشت. ئیدی هیچت لە بەردەمدا نامێنێتەوە، بێ لەوەی «وەك ئەوەی..» کار بکەیت.

ئەمڕۆ «وەك ئەوەی»، زۆر روونتر لە ژیانی کەلتووریی خۆماندا هەستی پێ دەکەین، نووسەر «وەك ئەوەی» کار دەکات، رەخنەگر «وەك ئەوەی»، وەشانگەر «وەك ئەوەی»، خوێنەریش «وەك ئەوەی» وان. دنیا بووەتە دۆ و دۆشاو و تێکەڵ بە یەکدی بوون، نە پێوەر و نە پێوانە ماوە. رۆماننووسی بە توانا (نەجوا بەرەکات) نووسیویەتی دەڵێ: «ئیدی شتانم لێ تێکەڵ دەبن. خۆ زۆر دەمێکە راستیم لێ تێکەڵ دەبێت، هەڵبەت بە هۆگەلێکەوە کە پێوەندیی بە تەمەن و بێ بڕستیی جەستەمەوە نییە. شتێك دەڵێم، لە پڕ گومان دامدەگرێت، کە نەبادا لە کەسێکی دیکەم وەرگرتبێت. لەوە دەترسم کە بە راستی ئەوە واقیع بێت، بە نائاگایی ئەوەم کردبێت، پاشان بە هۆش خۆم دێمەوە: کێ گوێ بە تۆ دەدات، ئەگەر تەنانەت ئەلیادە و ئۆدیسەش بە دایك و بابیانەوە، درانە پاڵ تۆ؟»

---

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**



## پەرلەمانتار گۆران ئازاد بۆ گوڵان:

# قەیرانی ئابووری لە بڕینی بودجەی کوردستان و شەڕی داعشەوە سەریهەڵداوە و هەموو لایەنەکان بە گۆڕانیشەوە ئەو راستییە دەزانن

**ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵێکی چڕوپڕدایە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە بەهۆی بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن بەغداو شەڕی داعش و بەم دواییەش دابەزینی نرخی نەوتەوە رووبەڕووی بۆتەوە، حکومەت بە کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات دەستی پێکردووە، هەروەها راشیگەیاندووە کە پرۆسەیەکی چاکسازی ریشەیی دەستپێدەکات. سەبارەت بە پرسی چاکسازی یەك دوو مانگ لەمەوپێش هەردوو پەرلەمانتار گۆران ئازاد و د.فرسەت سۆفی پرۆژەیەکی چاکسازییان پێشکەشی حکومەت کرد. سەبارەت بە پرسی چاکسازی و وردەکاری لەم پرۆسەیە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ پەرلەمانتار گۆران ئازاد ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** پێشتر لەگەڵ د. فرسەت سۆفی پرۆژەیەکی چاکسازیتان پێشکەش بە حکومەت کرد، کە بۆ یەکەمجار بوو حکومەت پرۆژەیەکی لەم چەشنە لە پەرلەمانتار وەربگرێت، چۆن بیرۆکەی ئەم کارەتان لا گەڵاڵە بوو؟**

- لەو کاتەدا کە هێشتا دۆخی کوردستان بەم ئاستە نەگەیشتبوو، خەڵکی خەریکی خۆپیشاندان بوون، مووچە نەبوو، لەو ساتەوەختەدا درکمان بەو مەترسییە کرد و بۆمان دەرکەوت کە بەڕاستی هەڕەشەیەکی جددی هەیە لەسەر گوزەران و مووچەی خەڵك. خۆ ئەگەر ئەو کاتە حکومەت دەستی پێبکردایە، ئەوا ڕەنگە لە ئێستادا زووتر دەرئەنجامەکانی دەربکەوتایە، بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر لە ٣٠ سەردانی ڕەسمیمان ئەنجامدا بۆ سەرجەم دامەزراوەکانی حکومەت، جگە لەوەی ڕۆژانە هەردووکمان خەڵکمان دەبینی، لە دەرئەنجامدا هەوڵەکانمان ڕاپۆرتێکی لێ گەڵاڵە بوو و بە ڕەسمی ڕادەستی حکومەتمان کرد.

*** دوای ئەوەی حکومەت پێشوازی لە پڕۆژەکەی ئێوە کرد ئێستا دەستی کردووە بە هەڵگرتنی چەند هەنگاوێك کە هەروەك حکومەت خۆی ڕایگەیاندووە، ئەوە چاکسازی نییە، بەڵکو تەنیا تەقەشوف و کەمکردنەوەی خەرجییەکانە، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- پێش ئەوەی ئێمە ئەو پرۆژەیە پێشکەش بە حکومەت بکەین، حکومەت خۆی ژوورێکی پێکهێنابوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی، بە سەرپەرشتی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی، هەروەها وەزیری دارایی پێشووی حکومەتی لوبنان-یش بانگهێشت کرابوو، بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی چاکسازی ئامادە بکرێت، کە ڕۆژی چوار شەممەی ڕابردوو ڕادەگەیەندرا. کەواتە پێش ئێمەش کار بۆ ئەنجامدانی چاکسازی کراوە و ئێستاش دەبێت بکرێت و لە ئایندەشدا دەبێت درێژەی پێبدرێت. بەڵام ئەوەی مایەی خۆشبەختیە بۆ من و د. فرسەت ئەوەیە ئێستا پرسی چاکسازی بۆتە پرسێکی گشتگیر. ئەمە لە کاتێکدا ئێمە هەردووکمان تۆمەتبار دەکراین بەوەی ئەم کارەمان بۆ مەبەستی شەخسی و دەستکەوتی حزبییە، بەڵام ئەوەتا دەبینین لەو ڕۆژەی حکومەت وۆرکشۆپەکەی کرد، هەموو لایەنە سیاسییەکان و هەموو پارێزگارەکان و مامۆستایانی زانکۆ قسەیان کرد و هاوڕابوون لەسەر ئەوەی ئەنجامدانی چاکسازی لە حکومەتدا کارێکی پێویستە. کەواتە چاکسازی بۆتە پرسێکی نیشتمانی و لێکدانەوەی حزبی بۆ ناکرێت، ئەوەتا یەکگرتووی ئیسلامیش لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریدا پرۆژەی چاکسازی ڕاگەیاند. ئەوەی پەیوەست بێت بە کارەکانی حکومەتەوە لەم چوارچێوەیەدا، ئەوەیە تا ئێستا ٢١ بڕیاری دەرکردووە و بڕیاریشە لەم ماوەیەدا کۆمەڵە بڕیارێکی دیکە دەربکات. سەرەتا ١١ بڕیاری دەرکرد کە دەچوونە خانەی تەقەشوفەوە، لە ڕاستیدا تەقەشوفیش کارێکی پێویستە، ئەگەرچی بەشێکە لە چاکسازی و چاکسازی تەواوەتی نییە، چونکە چاکسازی بریتییە لە شەفافییەت و دادپەروەری و سزادانی کەسانی گەندەڵ و کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات. بەڵام دواتر ١٠ بۆ ١٢ بڕیاری دیکەی دەرکرد کە دەکرێت بڵێین ئەوا دەچنە بواری چاکسازییەوە.

*** لە ئێستادا ڕاگەیاندنەکان نارِوونییەکیان دروستکردووە لە بارەی ئەم پرۆسەی تەقەشوف و چاکسازییەوە، کەوا دیارە حکومەت پێویستی بەوە هەیە گوتارێکی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی هەبێت لەسەر ئەم پرسە، بە تێڕوانینی ئێوە هۆکاری درووستنەبوونی ئەم چەشنە گوتارە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە یەکێکە لەو ڕەخنە جددییانەی کە ئێمە لە حکومەتمان گرتووە و بە شەخسیش کە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان باسمان کردووە. لە بنەڕەتدا بێمتمانەییەك هەیە لە نێوان حکومەت و خەڵکدا، سەرچاوەی ئەم بێمتمانەییەش دەگەڕێتەوە بۆ دووخاڵ، یەکەم: جیاوازی گوتاری لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانتارەکان، دووەم: دەرهاویشتەی ناشەفافییەتە لە هەندێ پرسدا. بۆ گەڕاندنەوەی ئەم متمانەیەش لە نێوان خەڵك و حکومەتدا، پێویستە شەفافییەت بهێنرێتەئاراوە، ئەویش بە ڕوونکردنەوە و قسەکردن دەبێت، ئەوەی ونە لەم نێو ئەم پرسەدا گوتاری حکومەتە، ئەمە لە کاتێکدا حکومەت وتەبێژ و وەزیری هەیە، کەواتە کێشەکە لەوەدایە حکومەت هەر کارێك بکات، ون دەبێت، ئەمەش بۆشاییەك درووستدەکات کە بواری ئەوە دەڕەخسێنێت خەڵکی دیکە بێن و لێدوانی ناڕاست بدەن و گومان درووست بکەن. ئەمەش وایکردووە دابڕانێکی گەورە لە نێوان خەڵك و حکومەتدا درووست بێت. کەواتە سەرکەوتنی پرۆسەی هێنانەدی شەفافییەت و چاکسازی لە لایەن حکومەتەوە لە بنەڕەتدا بەندە بە درووستکردنی متمانەوە، درووستبوونی ئەم متمانەیەش بەوە دەبێت حکومەت بە بەردەوامی و بە زمانی ژمارە و داتا و بەڵگەنامە قسە بکات، چونکە کاتێك کەسێك لێدوانێك دەدات، حکومەت دێت و ڕایدەگەیەنێت ئەو لێدوانێکی ناڕاستە، بەڵام نابێت پێیمان بڵێت ئەمە بە پشتبەستن بە چ بەڵگەیەك ناڕاستە. لەبەر ئەوە حکومەت، یان لێدوان نادات، یان کاتێك لێدوان دەدات، ئەوا دوو ڕستە دەڵێت، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك بخاتەڕوو.

*** بەڵام هەندێ ڕاگەیاندن ئاڕاستەی مەسەلەکان بە ئاقارێکی دیکەدا دەبەن تا ئەو ڕاددەیەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەمە قەیرانێکی درووستکراوە و ڕاستەقینە نییە. با پرسیاری ئەوە بکەین ئایا بە ڕاستی ئەم قەیرانە بوونی هەیە یان نا؟**

- من هەمیشە ئەوەم دووپات کردۆتەوە کە ئەم قەیرانە لە دوای بڕینی بودجەی کوردستان و سەرهەڵدانی داعشەوە هاتۆتەئاراوە. لەو کاتەدا سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لە ناو حکومەتدا بوون، بە بزووتنەوەی گۆڕان-یشەوە کە وەزارەتی داراییان لایە. منیش پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە ئێمە

پارێزگارەکان ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی هەر یەکە لە پارێزگای خۆیدا بڕیاری خۆیان ئامادە بکەن، تاوەکو بتوانرێت نرخەکانی بازاڕیش دابەزێندرێن، بەمەش تا ڕاددەیەک هاوسەنگییەک درووست دەبێتەوە

دەکرێت هەموو لایەک ڕێککەوتن بکەن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، بە مەرجێک وادەیەک دابنێن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتیش ببێتە حکومەتی کاربەڕێکەر

پارتی و یەکێتی دەتوانن دۆخەکە بپارێزن و ئاشتەوایی درووست بکەن و هەر بەوانیش تێکدەچێت و دەشێوێت. چونکە ئەم دوو هێزە مێژووی شەڕیان هەیە لەگەڵ یەکدا و هەردوولا خاوەنی هێزی سەربازین و خۆیان بە خاوەنی ئەو دەستکەوتانە دەزانن کە تا ئێستا بەدیهاتوون

**ئەگەر جددی بین و ڕێگری لە بە هەدەردانی سەروەت و سامان بکەین و کەسە گەندەڵکارەکان سزا بدرێن و پەرلەمان کارا بکەین و هەنگاو بەرەو شەفافیەت هەڵبگرین و گوتاری هاوبەش دروست بێت و یەکریزی نیشتمانی بەدی بهێنین، ئەوا بەئاسانی ئەم قەیرانە تێدەپەڕێنین**

**حکومەت بڕیاری داوە بۆردێکی گەورەتر دروست بکات بۆ داهاتەکان، لە لایەکی دیکەوە بڕیار دراوە لیژنەیەکی دیکە پێکبهێندرێت بۆ پێداچوونەوە و وردبینیکردن لە حیساباتی وەزارەتی دارایی کە پێشتر هەموو ئەم حیساباتانە لای وەزیری سامانە سروشتییەکان بوو. هەروەها لیژنەیەک پێکهاتووە بۆ گۆڕینەوەی دۆلار بۆ دینار لە بانکی کوردستان، هەموو ئەم هەوڵ و هەنگاوانە دەچنە خانەی هێنانەئارای شەفافییەتەوە**

**بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە سەختە سەرەتا پێویستمان بە ئاشتەوایی سیاسی هەیە، هەنگاوی دووەم پێویستمان بە گەڕاندنەوە و بنیادنانەوەی متمانە هەیە لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا، هەنگاوی سێیەمیش دەبێت پەرلەمان کارا بکرێتەوە**

لەسەر زاری وەزیری دارایی — کە گۆڕان بوو- هەستمان بە گەورەبوونی قەیرانەکە کرد. لەبەر ئەوە ناکرێت کاتێك لە ناو پرۆسە سیاسییەکەی، بیت و بڵێیت قەیران هەیە، بەڵام کاتێك چوویتە دەرەوەی پرۆسە سیاسییەکە بانگەشەی ئەوە بکەیت قەیرانەکە دروستکراوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئایا ئەگەر ئەم قەیرانە دروستکراوە بۆچی ئەو لایانە سیاسییانەی دەیانەوێت لەم حکومەتەدا- کە بە تێڕوانینی ئەوان حکومەتێکی قەیرانخوڵقێنەرە- بمێننەوە؟ مەبەستم ئەوەیە ئەگەر دروستکراوە بۆچی ئەم حکومەتە هەڵناوەشێنینەوە؟ ئەگەر دروستکراوە بۆچی پەرلەمان هەڵناوەشێنینەوە؟ کەواتە لێرەدا هەست بە ئیزدواجیەتێك دەکەین، چونکە ئەگەر بە راستی حکومەت پارەی هەیە و نایداتە هاووڵاتیان و قەیرانەکە دروستکراوە، ئەوا لە تێڕوانینی مندا پێداگیری لایەنەکان، بۆ نموونە گۆڕان بۆ ئەوەی لە ناو حکومەتدا بمێنێتەوە، هەروەها مانەوەی یەکێتیش لە ناو حکومەتدا خیانەتە. خۆ ئەگەر بە باوەڕیش وابێت ئەمە قەیرانێکی راستەقینەیە، بەڵام هەوڵی ئەوە بدەیت بە قەیرانێکی دروستکراو بیخەیتەڕوو، دیسان ئەمەش ناڕاست و ناڕەوایە، چونکە جەوهەری راستەقینەی کێشەکە لە خەڵك دەشێوێت، ئەو کاتە پرۆسە چاکسازییەکەش دەشێوێت. بۆیە ئەگەر لە راگەیاندنەکاندا گوتارێکی دیکە پیادە بکەن بۆ رازیکردنی جەماوەری خۆیان، ئەوا ئەمە لەسەر پرۆسە سیاسییەکە کاریگەری مەترسیداری لێدەکەوێتەوە.

*** ئێستا ئەم قەیرانە کاریگەری کردۆتە سەر بژێوی و گوزەرانی خەڵك، کە لە سەروەختێکی وادا پێویستە لایەنەکان دەست لە ناو دەست رووبەڕووی ئەم سەختییە ببنەوە، بەڵام دەکرێت لایەنێکی سیاسی کە خاوەنی کورسیی پەرلەمانی و جەماوەرە، بێت و خەمەکانی خەڵك بە سیاسی بکات و نکۆڵی لە بوونی قەیرانەکە بکات؟**

- هۆکاری گەورەبوونی گرفتەکان لەوەدایە قەیرانی سیاسی هەیە، کە بۆتە هۆکاری لاوازکردنی متمانەی نێوان لایەنە سیاسییەکان و خەڵك. قەیرانە سیاسییەکە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە لە ئێستادا دامەزراوەیەکی گرنگی وەك پەرلەمان ناتوانێت کۆببێتەوە، هەروەها وەزیرەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتدا نەماون، چونکە ئەگەر لە پاڵ کاك نێچیرڤان و کاك قوباد، کاك ڕێباز حەملان-یش ئامادەبوایە، هیچ لایەك نەیدەتوانی گوتاری پێچەوانەی هەبێت. بۆ نموونە، کە جێگری سەرۆکی حکومەت لە یەکێتیە و باسی قەیرانەکە دەکات، ئەوا راگەیاندنی یەکێتی ناتوانێت بڵێت قەیرانەکە بوونی نییە، چونکە ئەگەر وابێت ئەوا دەبێت بانگهێشتی جێگری سەرۆکی حکومەت بکاتەوە و بیکێشێتەوە لە حکومەت. لەبەر ئەوە بوونی وەزیر و پەرلەمانتارەکانی گۆڕان لە ناو حکومەتدا کارێکی پێویست بوو. دوورخستنەوەشیان لە حکومەت بووە هۆی ئەوەی درز و کەلێنێکی سیاسی دروست بێت و لە ئەنجامدا ئەو هێزەش مافی ئەوەی بە خۆیدا بانگەشەی ئەوە بکات ئۆباڵی بەرپرسیارێتی سیاسی ناکەوێتە ئەستۆی ئەو، هەرچەندە ئەو خۆی وا وێنای دەکات، چونکە لەو باوەڕدانیم هیچ هێزێك لە دەرەوەی بەرپرسیارێتی سیاسی بێت. کەواتە بۆ هێنانەدی یەکڕیزی نیشتمانی و چارەسەرکردنی بارودۆخەکە و دروستکردنی گوتارێکی هاوبەش پێویستە پەرلەمان کارا بکرێتەوە و وەزیرەکان بگەڕێنەوە بۆ نێو حکومەت. بە پێچەوانەوە هەر هێزێك لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی بێت، ئەوا گوتاری جیاواز دروست دەبێت.

*** بە حوکمی ئەوەی ئێوە زۆر کارتان لەسەر پرسی چاکسازی کردووە، ئایا چۆن دەتوانرێت ئەم قەیرانە تێپەڕێندرێت؟**

- لە دەرئەنجامی گەڕان و بە دواداچوون و دیراسەتکردنماندا، من و د. فرسەت بەو دەرئەنجامە گەیشتین کە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە سەختە سەرەتا پێویستمان بە ئاشتەوایی سیاسی هەیە، هەنگاوی دووەم پێویستمان بە گەڕاندنەوە و بنیادنانەوەی متمانە هەیە لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتدا، هەنگاوی سێیەمیش دەبێت پەرلەمان کارا بکرێتەوە، بۆچی دەڵێم پەرلەمان کارا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی هەندێجار پێویستت بە بڕیاری حکومەتە و هەندێ جاریش پێویستت بە یاسا هەیە، بۆ نموونە، حاڵی حازر هەموو لایەك هاوڕان لەسەر ئەوەی دەبێت شەفافییەت هەبێت لە کەرتی نەوتدا، ئێستاش سێ کۆمپانیا هەیە، کۆمۆ، کەپکۆ و کۆدۆ، کە دەبێت دروست بکرێ، کە ئەمە بە بێ پەرلەمان ئەنجام نادرێت. هەروەها ئێستا قسە و باسێکی زۆر لە زیادکردنی باج و رسومات دەکرێت، کە ئەم کارەش بە بێ پەرلەمان ناکرێت، بە هەمان شێوە باس لە گەندەڵی دەکرێت لە بواری لێخۆشبوونی گومرگیدا ئەویش بە پێی یاسای ژمارە ١٠ی وەبەرهێنان، کێ دەسەڵاتی هەموارکردنی ئەم یاسایەی هەیە، بێگومان پەرلەمان. کەواتە بۆ ئەوەی چاکسازییەکە بە چڕ و پڕی بکرێت و بۆ ئەوەی کۆدەنگییەکی دروستتر بێتەئاراوە، پێویستە پەرلەمان کارا بکرێتەوە. خاڵێکی دیکە پەیوەستە بە پرسی شەفافییەتەوە، کە حکومەت کاری لەسەر پرسی شەفافییەت لە نەوت و داهاتدا کردووە، هەروەك ئاشکرایە لاتان کە حکومەت بڕیاری داوە بۆردێکی گەورەتر دروست بکات بۆ داهاتەکان، لە لایەکی دیکەوە بڕیار دراوە لیژنەیەکی دیکە پێکبهێندرێت بۆ پێداچوونەوە و وردبینیکردن لە حیساباتی وەزارەتی دارایی کە پێشتر هەموو ئەم حیساباتانە لای وەزیری سامانە سروشتییەکان بوو. هەروەها لیژنەیەك پێکهاتووە بۆ گۆڕینەوەی دۆلار بۆ دینار لە بانکی کوردستان، هەموو ئەم هەوڵ و هەنگاوانە دەچنە خانەی هێنانەئارای شەفافییەتەوە. کەواتە ئەگەر جددی بین و ڕێگری لە بە هەدەردانی سەروەت و سامان بکەین و کەسە گەندەڵکارەکان سزا بدرێن و پەرلەمان کارا بکەین و هەنگاو بەرەو شەفافیەت هەڵبگرین و گوتاری هاوبەش دروست

بێت و یەکڕیزی نیشتمانی بەدی بهێنین، ئەوا بەئاسانی ئەم قەیرانە تێدەپەڕێنین.

*** بەم دواییە یەکێتی نیشتمانی پرۆژەیەکی پێشکەشی پارتی کردووە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ ڕێککەوتنێکی تازە لەسەر هەموو بوارەکانی حوکمڕانی بکرێت. تا چەند لەو باوەڕەدان ئەم پرۆژەیە کێشەی پەرلەمان لەگەڵ پارتی چارەسەر بکات؟**

- پێموایە کێشەی پەرلەمان سەرەتا لە نێوان پارتی و گۆڕاندایە، دواییش لە نێوان پارتی و سەرجەم لایەنەکانی دیکەدایە، چونکە ئێستا ئەوە پارتییە مەرجی ئەوەی داناوە کە دەبێت سەرۆکی پەرلەمان بگۆڕدرێت، لە هەمان کاتدا ئەوە گۆڕانە داوا دەکات دۆخەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ پێش ١٢ی مانگی ١٠، لەوە باوەڕەشدا نیم ئەم دۆخە چارەسەر بکرێت، ئەگەر پارتی دەست لە بەشێك لە خواستەکانی هەڵنەگرێت و گۆڕانیش دەستبەرداری بەشێك لە خواستەکانی نەبێت. چونکە من نەمزانیوە یەکێتی نیازی ئەوەی هەبێت بە بێ گۆڕان و لەگەڵ پارتیدا ڕێککەوتنێکی هاوبەش لە بارەی پەرلەمانەوە واژوو بکات. لە هەمان کاتدا یەکێتی پرۆژەیەکی بۆ گۆڕانیش هەیە، واتە یەکێتی دەڵێت پێویستە هاوسەنگی لە سەرجەم جومگەکاندا دروست بکرێتەوە و دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و بە جددی هەوڵدەدات پەرلەمان بکەوێتەسەر سکەی خۆی، ئەویش بەوە دەکرێت پارتی و گۆڕان دانیشتن و ڕێککەوتن بکەن.

*** پێتانوایە بە بێ ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی ئەم دۆخە ڕاست دەبێتەوە؟**

- ڕاستە پارتی و یەکێتی دەتوانن دۆخەکە بپارێزن و ئاشتەوایی دروست بکەن و هەر بەوانیش تێکدەچێت و دەشێوێت. چونکە ئەم دوو هێزە مێژووی شەڕیان هەیە لەگەڵ یەکدا و هەردووﻻ خاوەنی هێزی سەربازین و خۆیان بە خاوەنی ئەو دەستکەوتانە دەزانن کە تا ئێستا بەدیهاتوون، ئەمەش وادەکات بەرپرسیارێتی گەورە بکەوێتەسەرشانیان. بەڵام من باوەڕم وایە دەرکردنە دەرەوەی هەر هێزێکی سیاسی لە پرۆسە سیاسییەکە کاریگەری خۆی دەبێت. وەك ئەوەی گۆڕان کە ڕێگری لێکراوە لە حکومەت و پەرلەماندا بمێنێتەوە. خۆ ڕاستە شەڕ نەبووە، بەڵام پرۆسەی سیاسی پەکخراوە. هەر بۆیە دەکرێت هەموو لایەك ڕێککەوتن بکەن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، بە مەرجێك وادەیەك دابنێن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتیش ببێتە حکومەتی کاربەڕێکەر.

*** ئێوە لە پرۆژە چاکسازییەکەتاندا زیاتر جەخت لەسەر کەرتی گشتی دەکەنەوە و تەرکیزێکی کەمتر لەسەر کەرتی تایبەت دەکەن، بۆ نموونە، ئێستا حکومەت باس لە پاشەکەوتکردنی بەشێك لە مووچەی فەرمانبەران دەکات، بەڵام ئەگەر کەرتی تایبەت وەك خۆی بێت، ئەوا دۆخە بە کوێ دەگات ئەگەر ئەو ناهاوسەنگییە هەبێت؟**

- کەرتی تایبەت دەتوانێت ڕۆڵی گەورە ببینێت، لە ڕابردووشدا کاریگەرییان هەبووە لەبەرەوپێشبردنی وڵات و خزمەتکردنی خەڵکدا، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییەشمان لەبەرچاو بێت کە کەرتی تایبەت لە سایەی ئاسایش و ئارامی و خوێنی خەڵکدا دەرفەتی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە سەرمایەکانیان کۆبکەنەوە. لەبەر ئەوە پێموایە زۆربەی سەرمایەدارەکانمان کەسانی نانیشتمانی نین، واتە ئەگەر پێویستی بە هاوکاری هەبێت، ئەوا یارمەتیدەر دەبن. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە وۆرکشۆپەکەی حکومەتدا من داوام لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی کرد کە کۆبوونەوەیەکی هاوشێوە لەگەڵ سەرمایەدارەکانیشدا بکات، ئەویش بۆ دوو مەبەست، یەکەمیان: ئایا سەرمایەدارەکان چ ئامادەییەکیان تێدایە و چۆن دەتوانن لە ڕووی داراییەوە هاوکاری حکومەت و خەڵك بکەن. دووەم: ئایا بیرۆکەی ئەو سەرمایەدارانە چییە بۆ ئەوەی حکومەتی پیادەی بکات لە پێناو بووژاندنەوەی کەرتی تایبەت، چونکە لە حاڵەتی بووژاندنەوەی کەرتی تایبەتدا کەسانێکی زۆر دەتوانن بیکەنە سەرچاوەی بژێوی و گوزەرانی خۆیان، کە بڕیارە حکومەت لەگەڵ سەرمایەدارەکاندا دانیشتنێك بکات بۆ ئەم مەبەستە.

*** ئەی سەبارەت بە کەمکردنەوەی نرخی کەلوپەل و شتی دیکە، تاچەند ئەمە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەم کەمکردنەوەی خەرجییەدا گرنگە؟**

- ئەمە دەبێت بەرنامەی حکومەت بێت و ئێمەش داوامان کردووە کە هەموو ئەو ئیلیتزامانە داراییەی لە نێوان خەڵك و کەرتی تایبەتدا دروست بووە لە دۆخێکدا بووە کە خەڵکی داهاتێکی هەبووە، ئیدی بە مووچە بێت، یان لە بازاڕدا بەدەستی هێنابێت، بەڵام ئێستا بازاڕ سست بووە و داهاتی خەڵکیش کەم بۆتەوە، لە دەرئەنجامدا دەبێت ئەو ئیلیتزامانە داراییەی نێوان خەڵك و کەرتی تایبەتیش کەم بکرێتەوە، لە کرێی خانوو لە قیست و بوارەکانی دیکەدا. بۆ ئەم مەبەستەش پارێزگارەکان ڕاسپێردراون بۆ ئەوەی هەر یەکە لە پارێزگای خۆیدا بڕیاری خۆیان ئامادە بکەن، تاوەکو بتوانرێت نرخەکانی بازاڕیش دابەزێندرێن، بەمەش تا ڕادەیەك هاوسەنگییەك دروست دەبێتەوە، لەبەر ئەوە شتێکی حەتمییە کە دەبێت هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵبگیرێت.

*** ئایا بەدەر لە ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە توانامانیدا هەیە قەیرانەکە تێپەڕێنین؟**


- ئەگەر بمانەوێت بە خێرایی ئەم قەیرانە تێپەڕێنین، ئەوا دەبێت نرخی نەوت بەرز ببێتەوە، بەڵام بەدەر لەوە ئێمە کاتێکی زۆرمان پێویستە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە، لەبەر ئەوەی تەنیا سەرچاوەی داهاتی ئێمە تا ئێستا نەوت بووە، بۆیە دەستەبەرکردنی سەرچاوەی داهاتیش بە هەمان شێوە کاتی پێویستە. کەواتە بە بوونی ئیرادەیەکی جددی و بە ئەنجامدانی ئەو هەنگاوانەی ئاماژەم پێکردن و بە ئارامگرتن دەتوانین قەیرانە تێپەڕێنین.

**لە بنەڕەتدا بێمتمانەییەک هەیە لە نێوان حکومەت و خەڵکدا، سەرچاوەی ئەم بێمتمانەییەش دەگەڕێتەوە بۆ دووخاڵ، یەکەم: جیاوازی گوتاری لایەنە سیاسییەکان و پەرلەمانتارەکان، دووەم: دەرهاویشتەی ناشەفافییەتە لە هەندێ پرسدا. بۆ گەڕاندنەوەی ئەم متمانەیەش لە نێوان خەڵک و حکومەتدا، پێویستە شەفافییەت بهێنرێتەئاراوە**

**ئایا ئەگەر ئەم قەیرانە دروستکراوە بۆچی ئەو لایانە سیاسییانەی دەیانەوێت لەم حکومەتەدا- کە بە تێڕوانینی ئەوان حکومەتێکی قەیرانخوڵقێنەرە- بمێننەوە؟**

**ئێمە لەسەر زاری وەزیری دارایی — کە گۆڕان بوو- هەستمان بە گەورەبوونی قەیرانەکە کرد. لەبەر ئەوە ناکرێت کاتێک لە ناو پرۆسە سیاسییەکەی، بیت و بڵێیت قەیران هەیە، بەڵام کاتێک چوویتە دەرەوەی پرۆسە سیاسییەکە بانگەشەی ئەوە بکەیت قەیرانەکە دروستکراوە**

## چەند سەرنجێک لەسەر
# بنەماکانی ئەنجامدانی چاکسازی و بەڕێوەبردنی قەیران لە هەرێمی کوردستاندا



حوسێن کوردنەژاد

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە ژمارەی رابردووی گوڵاندا بابەتێکی پەرلەمانتار د.فرسەت سۆفی بە ناونیشانی (بنەماکانی ئەنجامدانی چاکسازی و بەڕێوەبردنی قەیران لە هەرێمی کوردستاندا) بڵاوکراوەتەوە ، سەرەتا بەر لە نووسینی سەرنجەکانم لە سەر ئەم بابەتە گرنگانە، حەز دەکەم دەستخۆشیی لە کاك فرسەت و هاوکارانی لە پەرلەماندا بکەم بۆ ئەو زەحمەتەی کە کێشاویانە و بۆ ئەو دڵسۆزییەیان کە دەریدەخەن و دەستخۆشییان لێ دەکەم بە ڕێگای خستنەڕووی سەرنجەکانم، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئەم گفتوگۆ چارەنووسسازانە کە ئێستا وڵات پێویستی پێیانە. کاك فرسەت دەنووسێت:
بۆ چارەسەریی قەیران دەبێ چاکسازیی بکرێت و بنەماکانی ئەو چاکسازییەش بریتین لە م خاڵانە کە پێویستن:
- زەمینەی گونجاوی سیاسی.
- پەرلەمانی چالاك.
- کەسی گەندەڵ نا، بەڵکو پاك بن.
- نابێ هیچ کەس و بابەتێك هێڵی سوور بێت.
- ئەوانەی بە سامانی گشتی دەوڵەمەند بوونە سزا بدرێن
- قۆرخکاریی نەمێنێت.
- دەستەڵاتی دادوەریی چالاك بکرێت.
- ڕێکخستنەوەی کەرتی نەوت و کارەبا و باج و وەزیفەی گشتی.
- دەبێ خەڵکی ئەکادیمی و پسپۆڕ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکان و راگەیاندن لەم پرۆسەیە رۆڵیان پێبدرێت.
- ملیاردێر و ملیۆنێرەکان بێنە سەر خەت، بە شێوەی قەرز یان بەخشین بەشێکی سەرمایەی خۆیان بخەنە گەڕ.
- نیوە زیاتر لە ستراکچەری حکومەت زیادەیە لە هەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٩ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی لێیە کە پێویست نین.

خاڵی یەکەمی سەرنجی من: ئەگەر سەیری هەر کام لەم پێشنیارانە بکەین، دەبینین وەك تاقە پێشنیار خۆی شتی چاك و بەجێیە، بەڵام کە گرێی دەدەینەوە بە کۆنتێکستی هەرێمەوە دەبینین کە زۆر ئەمما و ئەگەریان بۆ ساز دەبێ. بۆ نموونە لە پرۆسەی چاکسازییدا پێویستە پەرلەمانی وڵات وەك لایەنی یاسادانان چالاك بێت، ئەمە خۆی وەك پێشنیار دروست و بەجێیە، بەڵام کە سەیری بارودۆخی کوردستان دەکەین، دەزانین کە پەرلەمان لە چ حاڵێکدایە.

خاڵی دووەمی سەرنجی من: گشت ئەم پێشنیارانە وەك لە زۆرێك لە بەرنامەی ستراتیژیی و پلاندانان لە زۆرێك لە وڵاتان، بە تایبەت ئەوانەی لە دۆخی گەشەکردندان، تەواوکەری یەکترین و بۆ ئەوەی کە یەك لەو پێشنیارانە جێبەجێ بکرێت، دەبێ و مەرجە کە پێشنیارێکی تریش جێی خۆی گرتبێتەوە و بۆ ئەوەش مەرجە کە پێشنیار

یـان مەرجی سـێیەم جێبەجـێ بووبێت و ..... هەروا ئەم دەبـێ و دەبـێ و دەبێیـە بەردەوام دەبێت و لە کۆتاییشـدا هیچیان ئەنجام نادرێن. ئەم راسـتییە هەم لە ئەزموونی زۆربەی وڵاتان و هەمیش لەئەزموونی لێکۆڵینەوەیەکی زۆری ئابوورییـدا، دەرکەوتـووە. بـە ئینگلیـزی پێـی دەگوتـرێ کۆمپلیمێنتاریتی، بـەو واتایە کە بۆ ئەوە کە شـتێك بکەی، دەبێ شـتێکی دیکە ئەنجام درابێ و بۆ ئەوەش دەبێ شتێکی سێیەم جێی خۆی گرتبێتەوە .

خاڵی سـێیەمی سـەرنجی من: لەبەر چاو نەگرتنی پرۆسـەی سەردەسـتی ئەکیومولە کردن، کۆمکردنەوەی دەسـتەڵاتی دارایـی و ئیـداری و سیاسـی و نیزامییـە لـەم قۆناخـە مێژووییـەی وڵاتـی ئێمـەدا، وەك گشـت وڵاتانـی دیکـەی جیهان کـە بەم پرۆسـەیەدا تێدەپەڕن. بۆیـە پێشـنیاریی وەك : «کەسـی گەنـدەڵ نـا، بەڵکو پـاك بـن، نابێ هیچ کەس و بابەتێك هێڵی سـوور بێت، ئەوانەی بە سامان گشتی دەوڵەمەند بوونە سزا بدرێن و قۆرخکاریی نەمێنێت « .تەنیا و تەنیا وەك دروشم بەجێن و دەنـا لەبەر دەسترۆیشـتوویی دەسـتەڵاتی دیفاکتۆ لە ستراکچێریی گشـتیی وڵاتی ئێمەدا و گەورەیی بەشی نافۆرماڵی ئابووریی لە ئابووریی کوردستاندا جێبەجێ کردنیان مومکین نین. ئەگەر ئەم پرۆسـەیە لەبەر چاو نەگریـن، ئـەو کات ناتوانیـن هیـچ روونکردنەوەیەکمـان هەبێت بۆ شەڕی ناوخۆو بۆ حکومەتی پەنجا بە پەنجا و بۆ سـەرنەگرتنی یەکخسـتنەوەی هێزی پێشمەرگە و ........تاد.

خاڵـی چوارەمـی سـەرنجی من: راسـتیی ئەزموونی کوردسـتان دەریخسـتووە کـە لاوازیی و نزمیی ئاسـتی کوالیتـی هێـزی کاری کوردسـتان رێـگا نـادات کـە شـتێك بە ناوی پسـپۆر و ئاکادێمیسـیەن و کۆمەڵگای مەدەنـی نـە بوونێکـی راسـتەقینەیان هەبـێ و نە ببنە خـاوەن دەور لـە پرۆسـەی ریفۆرمـدا؛، بۆیە نووسـینی ئـەم پێشـنیارە: « دەبـێ خەڵکـی ئەکادیمی و پسـپۆڕ و رێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و زانکـۆکان و راگەیانـدن لەم پرۆسـەیە رۆڵیـان پێبدرێت،» تەنیا وەك کلێشەیەك دێتە بەرچاو، بۆ نموونە کۆمەڵگای مەدەنی بـە بزاڤێکـی کۆمەڵایەتی دەگوترێ کـە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکی تایبەتی بە پشتبەسـتن بە ناسـنامە و پێناسـەیەکی جیا لە وەی دەسـتەڵاتی فۆرمال بکات، لـە وڵاتـی ئێمەدا (ئێن جی ئۆ ) کان زۆربەیان دەسـتی درێژکراوی حزبە دەستەڵاتدارەکانن و نوێنەرایەتی هیچ بەرژەوەندییەکـی جیاوازتـر ناکـەن، بۆیـە قسـەکردن لـە کۆمەڵـگای مەدەنـی بـێ واتایـە. لە لایەکـی دیکەوە لاوازیـی مێژوویـی هێـزی کار وای کردووە کە پسـپۆر و ئاکادێمیسـیەن خۆیـان نەتوانـن دەور بگێڕیـن تـا بەو ئاسـتە کە لە هێندێك کاتدا بە ئاشـکرا بێ هیوا بوونی حکوومـەت لەمانە کـە بتوانن وەڵامی گرفتێك بدەنەوە دەرکەوتـووە و زۆر بـە هەڵـەش حکوومـەت رووی لـە پسـپۆری دەرەکـی کـردووە ، بۆیـە یەك لـە ئەرکەکانی ریفـۆرم دەبـێ بریتـی بـێ لە گەشـەی هێـز و توانای پسـپۆرانی ناوخۆ تابتوانـن دەور بگێڕین، جاری خۆیان گرفتن.

خاڵـی پێنجەمـی سـەرنجی مـن: «ملیاردێـر و میلیۆنێـرەکان یـان بە بەخشـین یان بە قەرز بەشـداریی پرۆسەی ریفۆرم بن» ئەگەر وایە کە لە وڵاتی ئێمەدا ملیاردێـر و ملیۆنێـر هەیـە ئەو کات دەبێ دلمان خۆش بێ کە وڵاتی ئێمە توانایەکی تێدایە کە بتوانین هەنگاو بنێت بەرەو چارەسـەری گرفتەکان بە دەسـتی خۆمان ، ئەمەیـان هەواڵێکـی خۆشـە، بەڵام نە بـە رێگای قەرز تا پارەکانیان سەرف بکرێ و نە بە رێگای بەخشین تا بخۆین و تەواوی بکەین، بەڵکو رێگای دروست بریتییە لە تێگەیشتن لەو کۆسپانە کە لەبەر دەمیاندایە بۆ کار کـردن، کـە لە ئابوورییدا پێ دەڵێن — ئێکسـتێرنالیتیز- دەبـێ ئێسـتا بـە جیـددی لـە پرۆسـەیەکی دیالۆگـی راسـتەقینەدا لێیـان حاڵـی بین کە بـۆ پارەکانیان وەکار ناخـەن و گرفـت چییـە؟ ئەمـە رێـگای بووژاندنەوەی ئابوورییە و بەشدار کردنی ملیاردێر و ملیۆنێرەکانە.


خاڵـی شەشـەم و کۆتایـی سـەرنجی مـن: پێشـنیار دەکرێـت کـە «نیـوە زیاتـر لـە سـتراکچەری حکومەت زیادەیـە, لـە هـەر پارێزگایەکـی هەرێمـی کوردسـتان زیاتر لە ١٩ بەڕێوەبەرایەتیی گشـتی لێیە کە پێویسـت نیـن» هاوبیریـی تـەواو هەیـە کـە کەرتی گشـتی لە کوردسـتاندا، گەورەیـە، پرۆداکتیڤیتی نزمە، پێویسـتە بچـووك بکرێتـەوە، گشـت راپۆرتەکانی رانـد و بانکی نێودەوڵەتی و یوئێن ئەم قسەیەیان کردووە ، بەڵام هێند گوتـراوە کە وەك کلێشـەیەکی بـێ مانای لێ هاتووە و ئێستا بۆتە فۆرموولێکی نەگۆڕ لە هەر شوێنێك باسی ریفـۆرم بکـرێ هەمـوو کـەس زوو دەڵێن دەبـێ کەرتی گشـتی بچـووك بکرێتـەوە و کەرتی تایبەت گەشـەی پێبدرێـت. بـەڵام کەم راپـۆرت هەیە بڵێت چـۆن؟ بۆیە بە تایبەت لە کات و سـاتی ئێسـتادا دەسـتکاریی ئەم ستراکچەرە تەنیا قەیران زیاد دەکات و نە ئەوەیە گرفتێك چارەسـەر بـکات، هـەر کـەم کردنەوەیـەك لـەم کەرتەدا دەبـێ هەمئاهەنگ و هاوکات بێ لەگەڵ دۆزینەوەی هەلی تازەی کار و پرۆژەی تازەی بەرهەمهێنان، تاکو بتوانیـن ئـەم هێزی کارەی کەرتی گشـتی بگوازینەوە بۆ شۆێنێکی بە بەرهەمهێنەرترەوە.

**گشت ئەم پێشنیارانە وەک لە زۆرێک لە بەرنامەی ستراتیژیی و پلانданان لە زۆرێک لە وڵاتان، بە تایبەت ئەوانەی لە دۆخی گەشەکردندان، تەواوکەری یەکترین و بۆ ئەوەی کە یەک لەو پێشنیارانە جێبەجێ بکرێت، دەبێ و مەرجە کە پێشنیارێکی تریش جێی خۆی گرتبێتەوە**

**کەسی گەندەڵ نا، بەڵکو پاک بن، نابێ هیچ کەس و بابەتێک هێڵی سوور بێت، ئەوانەی بە سامان گشتی دەوڵەمەند بوونە سزا بدرێن و قۆرخکاریی نەمێنێت، تەنیا وەک دروشم بەجێن و دەنا لەبەر دەسترۆیشتوویی دەستەڵاتی دیفاکتۆ جێبەجێ کردنیان مومکین نین**

**لاوازیی مێژوویی هێزی کار وای کردووە کە پسپۆر وئاکادێمیسیەن خۆیان نەتوانن دەور بگێڕین تا بەو ئاستە کە لە هێندێک کاتدا بە ئاشکرا بێ هیوا بوونی حکوومەت لە مانە کە بتوانن وەڵامی گرفتێک بدەنەوە**





بۆ تاوتوێکردنی هۆکارەکانی داکشانی نرخی نەوت و ئەو هەنگاوانەی پێویستن بۆ رووبەڕووبوونەوەی کاریگەرییەکانی و ئەو دەرفەتانەی دەکرێت لەم سەروەختی قەیرانەدا بڕەخسێن بۆ ئەو وڵاتانەی بە رادەیەکی گەورە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن. گوڵان پێوەندی کرد بە بانکی جیهانییەوە، ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە داواکارییەکەی ئێمەیان وەرگرت و دوو لە ئابووریناسەکانی بانکەکەیان راسپارد بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان. کە ئەو دوو ئابووریناسەش بریتین لە فرانزیسکا ئۆنسۆرج و راجو هۆیدرۆم. خاتوو فرانزیسکا ئۆنسۆرج خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری ئابووری لە زانکۆی تۆرینتۆ و پێشتر وەك شارەزایەکی ئابووری لە بانکی ئەورووپی بۆ بنیادنانەوە و گەشەپێدان کاری کردووە، ئێستاش ئابووریناسە لە بانکی جیهانی. بە هەمان شێوە راجو هویدرۆم، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری ئابووریدا کە لە زانکۆی ڤێرجینیا بەدەستی هێناوە، پێشتریش کاری لەگەڵ سندوقی نێودەوڵەتی دراو کردووە و حاڵی حازر وەك ئابووریناس لە بانکی جیهانی کار دەکات، ئەمەش دەقی وەڵامەکانی بانکی جیهانییە بۆ گوڵان.

### فرانزیسکا ئۆنسۆرج و راجو هویدرۆم گەورە ئابووریناسانی بانکی جیهانی:

## ڕێگەی گونجاو بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت، چاکسازی ریشەیی و گێڕانەوەی متمانەیە بۆ وەبەرهێنەران

### بانکی جیهانی لە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵاندا:

# دابەزینی نرخی نەوت وانەیەکە بۆ ئەو وڵاتانەی کە تەنیا پشت بە یەک سەرچاوەی داهات دەبەستن

*** لە ئێستادا بازاڕی وزەی جیهانی ئاڵوگۆڕێکی دراماتیکی بەخۆوە دەبینێت، مەبەستمان لە دابەزین، یان داڕووخانی نرخی نەوتە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم داکشانەی نرخی نەوت چین؟**

- داکشانی نرخی نەوت هەم بۆ خستنەڕوویەکی گەورە و هەم بۆ لاوازبوونی خواست لەسەر نەوت دەگەڕێتەوە لەلایەن ئەو وڵاتە هاوردەکارانەی نەوتەوە کە ئابوورییەکی تازەگەشەکردوویان هەیە و لەسەر رێی رێگای گەیشتنن بە ئابووریەکی پێشکەوتوو. کورتبوونەوەی هاوکێشەی نرخی نەوت لە فاکتەرەکانی خواست و خستنەڕوودا ئەو راستییەمان پێدەڵێت کە داکشانی نرخی نەوت لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ بە دواوە بە رادەیەکی گەورە (نزیکەی ٦٥٪) بۆ فاکتەرەکانی پەیوەست بە خستنەڕوو دەگەڕێتەوە. فاکتەرەکانی خستنەڕوو، پشکە بەرزەکان دەگرنەوە، لە کۆبوونەوەکەیدا لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥دا، رێکخراوی ئۆپێك پابەندبوونی خۆی دووپات کردەوە بە ستراتیژیەتی پشکی بازاڕەوە، لەگەڵ پێشبینییەکانی پەیوەست بە زیادبوونی گەورەی هەناردەی —نەوت- لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، لە کاتی هەڵگرتنی سزاکاندا کە ببوونە هۆکارێك بۆ درووستکردنی ئاستەنگ لە بەردەم وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و هەناردەکردنی نەوت —لەو وڵاتەدا-. لەوەش زیاتر، داکشانی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی ئەمەریکا کەمتر بوو لەوەی چاوەڕوان دەکرا، ئەویش بە هۆی ئەوەی هاوسەنگی نێوان قازانج و تێچوونەکان لە بەرژەوەندیی یەکەمیان بوو . هەرچۆنێك بێت، فشارەکانی سەرچاوەگرتوو لە کەمبوونەوەی خواستەوە بەردەوام لە هەڵکشاندا بوون، لە سەروەختێکدا رەوتی گەشەی ئەو وڵاتانەش سست بوو کە خاوەن ئابوورییەکی تازەگەشەکردوو بوون و لەسەر رێی ئەوە بوون بەرەو ئابوورییەکی پێشکەوتوو هەنگاو بنێن. ئەوەی دۆخەکەی خراپتر کرد ئەوە بوو زستانی ساڵی ٢٠١٥ تا رادەیەك پلەکانی گەرما لە ئاستێکی مامناوەندا بوون لە نیوەدووەمی گۆی زەویدا. لە کاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە نزمی نرخی نەوت یارمەتیدەر بێت بۆ گەشەی ئابووری لە مەودای مامناوەنددا، بەڵام ئەم نزمبوونەوەیە هۆکارێك بوو بۆ ئاڵوگۆڕێکی راستەقینە و گەورە لە داهاتی وڵاتە هەناردەکارەکانی نەوتدا بە ئاراستەی وڵاتە هاوردەکارەکان و بووە مایەی گۆڕانکاری لە تێچووی هەناردەکارانی کاڵادا.

پێشبینییەکانی ئابووریی جیهانی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ و پێشبینییەکانی ئابووریی جیهانی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ کە هەردووکیان لە لایەن بانکی جیهانییەوە دەرکراون، هەندێ لەم تەحەددییانەی دۆکیومێنت کردووە.

*** وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت ڕووبەڕووی دۆخێکی ئابووری و دارایی یەکجار سەخت بوونەتەوە. ئایا سیاسەتی گونجاو و ڕاست و درووست چییە کە پێویستە ئەم وڵاتانە بیگرنەبەر بۆ ئەوەی بتوانن بەسەر ئەم تەحەددیە قورسانەدا زاڵبن؟**

- تا ئەو ڕاددەیەی کە ئەمانە تەحەددیگەلێکی کاتین و بوارێکی زۆر هەیە بۆ داڕشتنی سیاسەت، ئەوا داڕێژەرانی سیاسەت لە وڵاتە هەناردەکارانی نەوتدا دەتوانن پشتیوانی هێنانەئارای جموجوڵ و چالاکی بکەن لە ڕێی خولْقاندنی پاڵنەری داراییەوە. هەناردەکارانی نەوت کاتێك پێیان نایە نێو دۆخی داکشانی نرخی نەوتەوە لە ساڵی ٢٠١٤ کە خاوەنی یەدەگێکی گەورە بوون و قەرزێکی کەمیان لەسەر بوو، (عومان، قەتەر، عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات) کە ڕەنگە بتوانن بە ئاسانی خۆیان بگونجێنن. هەرچۆنێك بێت، لە زۆرێك لە وڵاتە هەناردەکارانی نەوتدا- کە بازاڕێکن و لە سەر ڕێی دەرکەوتندان- لە ئێستادا ئەو یەدەگە گۆڕاوە بۆ کورتهێنانێکی گەورە و هەڵکشانی قەرز. ئەم وڵاتانە دەتوانن دەستکەوتگەلی مەزن بەدەست بێنن لە ئەنجامدانی چاکسازییەکی بونیادی باوەڕپێکراو کە بە شێوەیەك داڕێژرابێت بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، بە چەشنێك لە مەودای کورتدا متمانەی وەبەرهێنەر و هاتنی سەرمایە بەدەست بهێنێتەوە، لە مەودای دووریشدا ئەگەرەکانی گەشەکردنی ببووژێنێتەوە.

*** وڵاتانی هەناردەکاری نەوت دەبێت چی بکەن بۆ ئەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا جێگیر بکەنەوە؟**

- وڵاتە هەناردەکارانی نەوت سەرقاڵی دەست و پەنجە نەرم کردنن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ نرخی نزمی نەوتدا. لە ساڵی ٢٠١٥دا بە ڕاددەیەکی گەورە گەشەی ئابووری لە چەند وڵاتێکدا لاواز بوو کە گەورەترین وڵاتی تازەگەشەکردووی هەناردەکاری نەوت بوون، ئەویش لە کاتێکدا کە کاریگەری خراپبوونی مەرجەکانی بازرگانی لەسەر هەناردەکردن ئەوەندەی دیکە خراپ بوو، بە هۆی توندکردنی سیاسەتی ئابووری گشتی «Macroeconomic» و کەمبوونەوەی متمانەی وەبەرهێنەرەوە. وەڵامدانەوەی حکومەتەکان بۆ کەمبوونەوەی داهاتە داراییەکان لەم سەرچاوەیەوە بریتی بوو لە کەمکردنەوەی خەرجییەکان. بانکە ناوەندییەکان ڕێژەی قازانجیان بەرز کردەوە بۆ ئەوەی هاوکار بن لە خاوکردنەوەی فشارەکان لەسەر ئاڵوگۆڕی دراو، یان ڕێژەکانی هەڵئاوسان. کەمبوونەوەی هاتنی سەرمایە و دابەزینی نرخی دراو بوونە هۆی داکشانی ئەگەرەکانی گەشەکردن و توانای قەرزوەرگر، ئەمەش لە دەرئەنجامدا لاوازبوونی متمانەی وەبەرهێنەری لێکەوتەوە. دەرهاویشتەی ئەم دۆخەش ئەوە بوو کە پێشبینییەکانی پەیوەست بە کەمبوونەوەی شایستەیی لەو ناوچانەدا چڕبوونەوە کە خاوەنی هەناردەکاری گەورەی کاڵان (بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ئاسیای ناوەڕاست و ئەمەریکای لاتین و سەب- سەحارای ئەفریقیا).

*** لە نێوەندی ئەم قەیرانە سەختەدا کە لە دەرئەنجامی داکشانی نرخی نەوتەوە درووست بووە، ئایا ئەو وانە ئازاربەخش و سەختانە چین کە پێویستە ئەو وڵاتانە فێریان بن کە بە ڕاددەیەکی گەورە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن؟**

- نرخە نزمەکانی نەوت لە ئێستادا بیرخەرەوەیەکە بۆ وڵاتانی هەناردەکاری نەوت لە بارەی گرنگیی جۆراوجۆرکردنی ئابوورییەوە «economic diversification» هەروەك لە پێشبینیەکانی ئابووری جیهانی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥دا باسمان کردووە. زۆرێك لە ئابوورییەکانی وڵاتانی هەناردەکارانی کاڵا بە ئاست و ئەندازەیەکی زۆر تەرکیز لەسەر یەك، یان چەند بەرهەمێکی کەم دەکەنەوە. ئەزموونەکانی ڕابردوو ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ڕەوتی جۆراوجۆرکردنی ئابووری خێراتر دەبێت کاتێك داهاتی سەرچاوەکان دەست بە داکشان دەکەن. نموونەکانی سیاسەتی جۆراوجۆرکردنی سەرکەوتوو مەکسیك و مالیزیان. دەکرێت هەوڵەکانی جۆراوجۆرکردن ئەم هەنگاوانەی خوارەوە لە خۆبگرن:

١. بنیادنانی دامەزراوەکان، یان کەمکردنەوەی لەرزۆکیی ئابووری. ئەو ئابوورییانەی لە ڕووی سەرچاوە سروشتیەکانەوە دەوڵەمەندن، ڕووبەڕووی تەحەددی ئیدارەدانی داهاتی سەرچاوەکان دەبنەوە کە داهاتگەلێکی لەرزۆکن. توێژینەوەیەکی پەیوەست بەم بوارە ئەوە دەخاتەڕوو کە ڕێسای دارایی، یان دابینکردنی دارایی بۆ ئەوەی بە باشی دۆخەکە جێگیر بکرێت، یارمەتیدەر دەبن لە چارەسەرکردنی پرسی داهات و جێگیرکردنی خەرجییەکانی حکومەتدا.

٢. گۆڕینی پاڵنەرەکان دوورتر لەو بوارانەی قابیلی بازرگانی پێوەکردن نین (لە نێویاندا دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا). توێژینەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەو ئابوورییانەی دەوڵەمەندن بە سەرچاوە سروشتیەکان، مەیلی ئەوەیان هەیە خەڵکانێکی زۆر لە حکومەتدا دابمەزرێنن و کەرتێکی گەورەیان هەبێت کە قابیلی بازرگانی پێوەکردن نەبێت. خەسڵەتی ئەو کەرتانەی کە قابیلی بازرگانی پێوەکردن نین، ئەوەیە کە گەشەیەکی بەرهەمداری نزمیان هەیە بە بەراورد بەو کەرتەی قابیلی بازرگانی پێوەکردنە،

**مرونەتی بازاڕی کار دەتوانێت سوودەکانی گەشەکردن چەند هێندە بکات بەهۆی چاکسازییە گرێدراوەکان بە نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتەوە لە پیشەسازییەکی دیاریکراو و چاکسازییەکانی بواری بازاڕی بەرهەمدا**

**وەبەرهێنانی حکومەت، لە نێویاندا وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆییدا، هەنگاوێکی تەواوکاری کارا دەبێت بۆ هەوڵەکان خێراترکردنی ڕەوتی گەشەپێدانی بەرهەمهێنان لەو کەرتانەدا کە قابیلی بازرگانی پێوەکردنن. لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، داهاتی کۆمەڵایەتی پەروەردە گرنگتر بووە و ڕەنگە بەرزتر بوو بێت لە داهاتی سەرمایەی ماددی**

بە تایبەتی کارسازی. هەروەها ڕەنگە ئەنجامدانی چاکسازیش بە ئامانجی دەستەبەرکردنی پاڵنەرەکان بازاڕ بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕ دروست بێت لە پشتبەستن بە سەرچاوەکانەوە بۆ ئەو کەرتانەی قابیلی بازرگانین و پشت بە سەرچاوەکان نابەستن، یارمەتیدەر بێت لە هەندێ وڵاتی هەناردەکاری کاڵادا.

٣. هاندانی جۆراوجۆرکردنی هەناردەکردن. توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە جۆراوجۆرکردنی هەناردەکردن هاوشانە بە هاتنەدی گەشەیەکی بەرزتر. دەکرێت سیاسەتی گشتی پشتیوان بێت بۆ جۆراوجۆرکردن و بەرەوپێشبردنی هەناردەکردن، لە ڕێیی باشترکردنی جۆراوجۆرکردنی ستوونی لە کەرتەکانی نەوت و غاز و پترۆکیمیاویەکان، بۆ نموونە، زیادکردنی ڕەوتی پرۆسێسەکردنی ماددە خاوەکان و جۆراوجۆرکردنی ئاسۆیی لە دەرەوەی ئەم کەرتانەدا.

٤. بنیادنانی سەرمایەی مرۆیی. بە گوێرەی توێژینەوەکان، وەبەرهێنانی حکومەت، لە نێویاندا وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆییدا، هەنگاوێکی تەواوکاری کارا دەبێت بۆ هەوڵەکان خێراترکردنی ڕەوتی گەشەپێدانی بەرهەمهێنان لەو کەرتانەدا کە قابیلی بازرگانی پێوەکردنن. لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا، داهاتی کۆمەڵایەتی پەروەردە گرنگتر بووە و ڕەنگە بەرزتر بووبێت لە داهاتی سەرمایەی ماددی.

ڕەنگە بەدەستهێنانی کاریگەرییەك — کە توانای ئەوە هەبێت پێوانە بکرێت- لە ئەنجامی جێبەجێکردنی چاکسازییەوە، هەم لە ڕووی گەشە و هەم لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە، کاتێکی زۆری بوێت بۆ ئەوەی بەدی بێت. تەنانەت لە مەودای کورتیشدا، دەکرێت چاکسازییەکان کاریگەری گەورەیان هەبێت لەسەر جموجوڵ و چالاکییەکان. دەکرێت ئەو سیاسەتانە پیادە بکرێن کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی تێچووەکانی ئەو پرۆسەی گواستنەوەیە لە مەودای کورتدا، بۆ نموونە، لە ڕێی هاوکاریکردنی کرێکارانەوە بۆ ئەوەی بگوازرێنەوە بۆ سەر کاری نوێ و ڕەوتی چاکسازی لە سەرمایەی ئەو دامەزراوانەدا خێراتر بکرێت کە قەرز دەبەخشن. هەندێ لەو کاریگەریانەی ئەگەری ئەوە هەیە لەسەر جموجوڵ و چالاکییەکان دروست بێت بەم شێوەیەی خوارەوەن:

١. ئەو چاکسازییانەی کە وەبەرهێنان لە سەرمایەدا دەکەن، بۆ نموونە، کە ئامانج لێیان چارەسەرکردنی ئەو پێداویستییانەیە کە پەیوەستن بە ژێرخانەوە، دەتوانن لە مەودای کورتدا هاندەری خواستی ناوخۆیی بن.

٢. بە گوێرەی توێژینەوەکان، چاکسازییەکانی پەیوەست بە بازاڕی کارەوە، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان هەیە بە سوودمەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەتوانن کاری زیاتر بخوڵقێنن، بۆ نموونە، کرێکارە بە ساڵاچووەکان، ئەگەرچی ڕەنگە تەنانەت لە مەودای کورتدا داهاتێکی ڕاستەقینە کەم بەرهەم بهێنن. تەنانەت ئەگەر لەمەودای کورتدا شڵەژان دروست بکەن، ئەوا چاکسازییەکانی پەیوەست بە بازاڕی کار دەبێتە توخمێکی تەواوکاری یەکلاکەرەوە بۆ چاکسازییەکانی دیکە. بۆ نموونە، مرونەتی بازاڕی کار دەتوانێت سوودەکانی گەشەکردن چەند هێندە بکات بەهۆی چاکسازییە گرێدراوەکان بە نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتەوە لە پیشەسازیەکی دیاریکراو و چاکسازییەکانی بواری بازاڕی بەرهەمدا.

٣. چاکسازییەکانی بواری بازاڕی بەرهەم (وەك زیادکردنی ئاستی ململانێ، یان نەهێشتنی هاوکاری ئاشکرا و شاراوەی حکومەت کە دەستەبەر دەکرێت بۆ پیشەسازییەکی دیاریکراو بە ئامانجی ئەوەی بتوانێت نرخی خزمەتگوزارییەکان، یان بەرهەمەکان بە نزمی بهێڵێتەوە) کە لە دەرئەنجامی کەمکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی هەندێ کارگەی ناکارا، بۆ نموونە، هەندێ پرۆژەی دەوڵەت، کە بۆی هەیە ئەم دۆخە لە مەودای کورتدا بێکاری بخوڵقێنێت، ئەویش کاتێك کرێکاران دەردەکرێن و کاتێك توانای قەرزبەخشینی نوێ لە لایەن بانکەکانەوە کەم دەبێتەوە، چونکە پێویستی بەوەیە ئەو قەرزانە هەڵبوەشێنێتەوە کە خاوەن قەرزەکە توانای ئەوەی نییە قازانج بدات.

*** وینستۆن چێرچڵ وتەیەکی بە ناوبانگی هەیە کە دەڵێت: «دەرفەتەکان لە سەروەختی قەیرانەکاندا دروست دەبن»، ئایا پێتانوایە لەم دۆخەدا، کە نرخی نەوت داکشاوە، هیچ دەرفەتگەلێك دروست بووبێت بۆ وڵاتانی هەناردەکاری نەوت؟**

داکشانی گەورەی داهاتی سەرچاوەکان بوونەتە هۆی خستنەگەڕی هەوڵەکانی پەیوەست بە توندوتۆڵکردنەوەی داراییەوە لە چەند وڵاتێکی هەناردەکاری نەوتدا. دەکرێت ئەم توندۆڵکردنەوەیە دەرفەتێك بێت بۆ چاکسازی لە داهات و خەرجی گشتی و گەورەدا. بۆ نموونە، چاکسازییەکانی پەیوەست بە هاوکاری حکومەت -کە دەستەبەر دەکرێت بۆ پیشەسازییەکی دیاریکراو بە ئامانجی ئەوەی بتوانێت نرخی خزمەتگوزارییەکان یان بەرهەمەکان بە نزمی بهێڵێتەوە- هاوشان بە چاکسازییەکانی بواری سوودمەندی کۆمەڵایەتی و وەبەرهێنانی گشتی بەرهەمدارەوە بۆ باشترکردنی ئەو دۆخەی تێیدا بەرهەم ناتوانێت هاوشان بێت لەگەڵ ڕەوتی هەڵکشاوی خواستدا. دەکرێت ئەم چاکسازییە داراییانە هاوشان بێت لەگەڵ هەوڵە نوێبووەکانی -جۆراوجۆرکردنی ئابووری- بۆ ئەوەی پەرە بە گەشەیەك بدرێت کە زیاتر مرونەتی هەبێت و بناغەگەلێکی بەرفراوانتری دارایی و بەدەستهێنانی داهات بەهۆی هەناردەکردنەوە دەستەبەر بکرێت.

**نرخە نزمەکانی نەوت لە ئێستادا بیرخەرەوەیەکە بۆ وڵاتانی هەناردەکاری نەوت لە بارەی گرنگیی جۆراوجۆرکردنی ئابوورییەوە**

**ڕێسای دارایی، یان دابینکردنی دارایی بۆ ئەوەی بە باشی دۆخەکە جێگیر بکرێت، یارمەتیدەر دەبن لە چارەسەرکردنی پرسی داهات و جێگیرکردنی خەرجییەکانی حکومەتدا**

**ئەو ئابوورییانەی دەوڵەمەندن بە سەرچاوە سروشتیەکان، مەیلی ئەوەیان هەیە خەڵکانێکی زۆر لە حکومەتدا دابمەزرێنن و کەرتێکی گەورەیان هەبێت کە قابیلی بازرگانی پێوەکردن نەبێت. خەسڵەتی ئەو کەرتانەی کە قابیلی بازرگانی پێوەکردن نین، ئەوەیە کە گەشەیەکی بەرهەمداری نزمیان هەیە بە بەراورد بەو کەرتەی قابیلی بازرگانی پێوەکردنە، بە تایبەتی کارسازی**

### ئێکارت وۆرتز بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی کەنداو بۆ گوڵان:

# سەربەخۆیی کوردستان دەبێتە بەشێک لە چارەسەری سیاسی بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

*** ئەگەر بارودۆخی سووریا وەك خۆی بمێنێتەوە، ئایا تا چ رادەیەك مەترسی دەکەوێتە سەر داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- بە دڵنیاییەوە نەك هەر مەترسی لەسەر ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەبێت، بەڵکو کاریگەری ناسەقامگیریشی دەبێت لەسەر ئەورووپاش، بەهۆی لێشاوی پەنابەرانەوە، بۆیە بەرژەوەندییەکی زۆر هەیە لەوەدا کە بارودۆخەکە ئیحتیوا بکرێت. لەلایەکی ترەوە تورکیا ئێستا وەك کێشەیەك دەبیندرێت، چەند ناکۆکییەك هەیە و تا رادەیەکی دیاریکراو کاردەکەنە سەریەك، بۆیە بەدڵنیاییەوە بارودۆخی سووریا کاریگەری هەیە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چەندین ساڵی داهاتوو، لەبەر ئەوەی بووەتە پەناگەی سەرەکی بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان.

*** هەندێك لە شارەزایان پێیانوایە کاتێك بارودۆخی سووریا یەکەم جار تێکچوو، وڵاتانی ڕۆژئاوا بەگشتی کاردانەوەیان باش نەبوو، بۆیە لەلایەکەوە بووە پەناگەی تیرۆریستان و مەترسی خستەسەر سەقامگیری ئەورووپا و لە لایەکی تریشەوە لێشاوی پەنابەرانی درووستکرد، بۆیە ڕۆژئاوا وەك بەرپرسیار دەبیندرێت لەمەدا، تۆ چۆن ئەمە دەبینی؟**

- وەك دەزانن ئەوە وڵاتی خۆیان نییە، واتە سووریا وڵاتی ڕۆژئاواییەکان نییە و بەرپرسیاریی ئێمەی تیا نییە، ئەگەر شتێك لە وڵاتی من روویدات، بەرپرسیارێتی ئێمەیە، کێشەکانی ئەڵمانیا کێشەی سووریا نییە و هی سووریاش کێشەی ئەڵمانیا نییە، ئەوە کێشەی سووریایە و بەرپرسیارێتی خۆیانە، ئەو خەڵکانەی خۆیان لەناو خۆیاندا دەکوژن، خۆیان بەرپرسیارن لێی، ئاڕاستەیەکی ناتەندروست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە هەموو شتێك دەبەستنەوە بە بیردۆزی موئامەرەوە، هەمیشە ئیسرائیل لۆمە دەکەن و هەرگیز لۆمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی خۆیان ناکەن و داعشیش بە درووستکراوی ڕۆژئاوا دەزانن، بۆیە لە پێشدا خەڵکی سووریا بەرپرسیارە کە وڵاتێکی خاوەن سەروەری نییە، بەگشتی پێموایە یەکەم هەڵوێست لەسەر وڵاتەکەیان دەبێت لە خەڵکی سووریاوە بێت و دووەم لە هێزە هەرێمایەتییەکانەوە وەك تورکیا و سعودیە کە دەست هەڵبگرن لە بەرژەوەندییە تەسکە نەتەوەییەکانیان لە ناوچەکەدا و جۆرێك لە سازش بدۆزنەوە و دەست هەڵبگرن لە شەڕە بەوەکالەتەکانیان لە سەر خاکی سووریا و پاشان رووسیا و ڕۆژئاوا ڕۆڵ دەبینن، یەکەم جاریش نییە لۆمەی ڕۆژئاوا بکرێت و بۆ نەجات و چارەسەریش چاوەڕوانی ڕۆژئاوا بکرێت، بەڵام بۆ نەجاتبوون پێویستە خەڵکی سووریا خۆیان هەوڵ بۆ بدەن.

*** لەبەر ئەوەی لە ئێستادا جەمسەربەندییەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. بۆ نموونە ئێمە وەك کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە جیاوازییەکانی نێوان سوننە و شیعەوە نەگلاوین و شەڕی تیرۆریزم دەکەین و سنوورێکی ١٥٠٠ کیلۆمەتریمان لەگەڵ داعشدا هەیە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری لەم هەرێمە دیموکراتییە دەکەن و لە ئێستادا مشتومڕی ئەوە دەکەن ببنە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەوەی ببنە هیوایەك بۆ تێکشکاندنی داعش، پێتوایە ڕۆژئاوا لەم ویستەی خەڵکی کوردستان تێدەگەن و پشتگیریان دەکەن؟**

- هێزە کوردییەکان زۆر گرنگن و هێزێکی زۆر متمانەپێکراون لەسەر زەمین بۆ شەڕ لە دژی داعش و بەگشتی لای ڕۆژئاواییەکان هێزێکی زۆر متمانەپێکراوترن لەچاو حکومەتەکانی ناوچەکە، سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستانیش ڕۆژئاوا کراوەیە بەرانبەری، بەڵام پێشبینی دەکەم تەنیا باسی بەشەکەی عێراق دەکەن و کێشەکە بەگشتی یەکگرتنی کوردستانە لە ناوچەکانی تورکیا و سووریا و ئێران و پێموایە ئەمە ناکۆکی زیاتر دەکات و جێگەی ڕەزامەندی لایەنە نێودەوڵەتییەکان نییە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی سووریا، دەبینین نەبوونی ناوەندگیرییەکی دیموکراسی وایکردووە بارودۆخەکە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر بێت، بۆ نموونە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا وەك تاوانکاری جەنگە، لەبەر ئەوەی چەندین تاوانی دژی گەلەکەی ئەنجامداوە، لەلایەکی ترەوە ڕۆژئاوا دوودڵە لە رووخانی ئەسەد لە بەر ئەوەی نازانن کێ جێی دەگرێتەوە، ئەگەر داعشیش تێکبشکێندرێت، قۆناغی دوای داعش ململانێی رووسیا و ئەمریکا دەبێت لە ناوچەکەدا، ئایا لەو پشێوی و ناکۆکییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا هەیە، هیچ هیوایەك ە بۆ سەقامگیری ماوە؟**

- من ناکۆکی لە نێوان رووسیا و ئەمریکادا نابینم و لە



**پرۆفیسۆر ئیکارت وۆرتز گەورە توێژەری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە سەنتەری (CIDOB) لە ئیسپانیا و بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی کەنداو بووە لە دوبەی و تایبەتمەندە لەسەر پرسەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وەرچەرخانی سیاسی لە میسردا. بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بارودۆخی سووریا و عێراق وەك مەترسییەك لەسەر دۆخی ناوچەکە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

بەرژەوەندییان نییە بارودۆخەکە بەرەو شەڕی کراوە بەرن، هەروەها داعش و ئەسەد هەردووکیان مەترسین، گەرچی رووسیا و ئێران وابیردەکەنەوە کە لە هەندێك حاڵەتدا پێویستە لەگەڵ بەشار ئەسەد بن، بەڵام لە هەمانکاتدا ئامادەن بۆ سازش و زۆربەی خەڵکی سووریاش لە ژێر سەروەری رژێمەکەی ئەسەد-دان و هەموو خەڵك لەناو ناوچەکانی بەرەی نوسرە و داعشدا نین. بۆ ئەوەی واقیعی بین پێویستە سازش بکرێت لەگەڵ هەموو ئەوانەی تێوەگلاون و هەر چارەسەرێك پێویستی بە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی هەیە و تا رادەیەك وەلاوە خستنی پێشێلکارییە مرۆییەکان و جۆرێك لە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی، بەڵام لە ماوەی کورتخایەندا بارودۆخی سووریا زۆر هیوابەخش نییە.

*** کێشەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە داعش مەترسییە بۆ سنوورەکان لە عێراق و سووریاوە بۆ وڵاتانی کەنداو و باکووری ئەفریقیا و دەستێوەردانێکی زۆری ئێران هەیە لە عێراق و سووریا و باشووری لوبنان و ئەمەش سعودیە زۆر زیاتر لە هەڕەشەکانی داعش بایەخی پێدەدات. ئایا ئەمە دابەشبوونێکی دیکە دروست ناکات؟**

- داعشی لیبیا و سووریا جیاوازن و من داعش وەك دەوڵەتێکی بەهێز نابینم، هاوڕام کە مەترسییە، بەڵام نابێت بکەوینە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەکانی داعشەوە..

*** بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند دەستێوەردانەکانی ئێران زیاتر بارودۆخەکەی ئاڵۆزکردووە و هەوڵەکانی وڵاتانی ناوچەکەی بۆ تێکشکانی تیرۆریزمی داعش کەم کردووەتەوە؟**

- بەڵێ لایەنە هەرێمایەتییەکان ڕۆڵیان هەیە لە بارودۆخی سووریادا و پێویستە بەشێك بن لە چارەسەرەکان و هەر لایەك وازبێنێت لە دەستێوەردان لەکاروباری سووریا و سازش بکات لەگەڵ لایەنەکەی تردا.

*** سەبارەت بەو شەڕە بەوەکالەتەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، شارەزایانی سیاسی پێیانوایە کە دەبێت دەستێوەردانی ئێران سنووردار بکرێت و ئەو شەڕە بەوەکالاتەی ئێران و سعودیە پێویستە کۆتایی بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر داعشیش تێکبشکێت، ئەوا ئێران دەست بەسەر عێراق و سووریادا دەگرێت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی مەزهەبی ئیسلامی، واتە لەجێی داعش دەوڵەتی شیعەی مەزهەبی جێی دەگرێتەوە، ئایا بژاردەی سێیەم وەك وڵاتێکی دیموکراسی و سێکیولار و سەقامگیر لە ناوچەکەدا پێشبینی دەکرێت؟**


- دەبێت وریا بین لەوەی کە حکومەتی شیعە لە بەغدا پێوەندی هەیە بە ئێرانەوە، بەڵام ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها لە سووریاش ئەسەد هەر وایە، هەرچەندە وا باوە لە سعودیە کە ئێران کۆنترۆڵی تەواوی هەیە، بۆیە پێموایە زۆر گرنگە ئایدیۆلۆژیای ئایینی لە دەرەوەی سیاسەت بمێنێتەوە و بە قووڵی لە فەزای گشتی و گفتوگۆی گشتیدا رەگ داکوتێت و هێشتا خەڵك دەبێت بەشوێن ئەلتەرناتیڤدا بگەڕێت کە پێموایە ئەمە زۆر تەندروستە.

*** هەندێك لە شارەزایان پێیانوایە ئەگەر نفوز و دەستێوەردانەکانی ئێران لە عێراق و سووریا و یەمەن و باشووری لوبنان و بەحرەین بەرەوپێش بچێت، ئەوا بەرژەوەندی وڵاتانی عەرەبی سوننە هاوتا دەبێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیسڕائیل و هەندێك پێشبینی ئەوە دەکەن هاوپەیمانییەك دروست بێت کە ئیسڕائیلیش بگرێتەوە و ئەمەش پێشبینی کارەساتی لێدەکرێت، چۆن ئەمە لێکدەدەیتەوە؟**

سعودیە و ئیسڕائیل بەرژەوەندی هاوبەشیان سەبارەت بە ئێران هەیە و بە دڵنیایەوە ئیسڕائیل ئەجێندای خۆی هەیە و وڵاتانی ناوچەکەش دەبێت چارەسەرێك بدۆزنەوە. پێموایە سێکولاریزم زۆر گرنگە و پێموایە پێویستە ناسنامەی تائیفی و ئایینی شتێکی تایبەتی بێت، دەتوانی یادی کەلتوور و ئایینی خۆت بکەیتەوە، بەڵام نابێت ڕێگە بدەیت دەست لە سیاسەت وەربدات و ببێتە بنەمای کینەی یەکتری و ئەمەش پێوەندی بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، سەبارەت بە کوردستانیش هیوادارم کە بگەنە چارەسەری سیاسی بۆ ئەو مەسەلانەی کە ناوخۆیی، یان دەرەکین لە ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژئاوای کوردستان و کوردستانی سووریا و تورکیا بگەنە چارەسەر و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بەشێك دەبێت لەو چارەسەرانە و پێموایە پێویستە زۆر زیاتر بایەخ بە چارەسەری سیاسی بدرێت.

**سعودیە و ئیسڕائیل بەرژەوەندی هاوبەشیان سەبارەت بە ئێران هەیە و بە دڵنیاییەوە ئیسڕائیل ئەجێندای خۆی هەیە و وڵاتانی ناوچەکەش دەبێت چارەسەرێک بدۆزنەوە**

**داعش و ئەسەد هەردووکیان مەترسین، گەرچی رووسیا و ئێران وابیردەکەنەوە کە لە هەندێک حاڵەتدا پێویستە لەگەڵ بەشار ئەسەد بن**




## مەنسووری موعەدەل

تایبەتمەند لە تیرۆر و وەڵامدانەوەی تیرۆریستان بۆ گوڵان:

# هەتا ئێستا ئێران بەشێکە لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک لایەنێک بۆ چارەسەری کێشەکان

پرۆفیسۆر مەنسووری موعەدەل ئوستادی سیسیولۆژییە لە زانکۆی نیشتمانی لە ماریلاند و تایبەتمەندە لە دیراساتی تیرۆر و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی تیرۆریستان. بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تیکەڵاوبوونی کارتەکان لەلایەن سعودیە و ئێران و دەستێوەردانیان لە بارودۆخی ناوچەکە،چەند پرسیاریکمان ئاراستەی کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵان-ی دایەوە.

*** بارودۆخی سووریا گەیشتووەتە ئاستێك كە بە ئامرازە سیاسییەكان چارەسەر ناكرێت، هەرچەندە شەش زلهێزەكەی جیهان هەوڵدەدەن ئەسەد و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بە یەك بگەن، بەڵام وا دەردەكەوێت ئەو هەوڵانە بێئەنجام و بێسوود بێت، هەروەك لە كۆنفرانسی جنێڤ بینیمان. پرسیارەكە ئەوەیە ئەگەر بارودۆخی سووریا وەك خۆی بمێنێتەوە، پێتوا نییە ئەوە بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڕەشەی گەورە دەبێت؟**

- بارودۆخی سووریا تراژیدییە، بەڵام بێ هیوا نییە. ئەوەی لەماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوو لەو وڵاتەدا بینیومانە دەرئەنجامی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەیە كە دەتوانرێت بە تیرۆر حوكمداری بكرێت و هەروەها رژێمێكی تیرۆر لە رێی تیرۆرەوە بڕووخێت. وەك دەبینی ئەنجامەكان ئەوە بوون سەدان هەزار خەڵك ژیانیان لەدەستدا و ملیۆنان ئاوارە بوون، یان ناچاركراون وڵاتیان بەجێ بهێڵن و ژێرخانی ئابووری وڵاتیش تەواو وێران كراوە. بۆیە لەوانەیە چارەسەری سیاسی تەنیا رێگە و تەنیا هیوای گەڕانەوەی سەقامگیریی سیاسی بێت لە وڵاتدا. ئەوەی بەڕاستی هەڕەشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەكات، جەنگی تائیفیی نێوان شیعە توندڕەوەكان بە سەركردایەتی ئێران و سوننە توندڕەوەكانە كە لە لایەن سعودیە و وڵاتانی كەنداوەوە پاڵپشتی دەكرێن، رەفتاری كاراكتەرانی دیكە و لە ناویشیاندا سەركردایەتی تورك و كوردیش گرنگن لە ئاڕاستەكردنی ناوچەكە بەرەو ئاشتی، یان ناكۆكیی بەردەوام. رۆژئاواش دەبێت لە نزیكەوە بایەخ بەو وڵاتانە لە ناوچەكەدا بدات كە دەرفەتی باشتریان هەیە بۆ بنیادنانی دیموكراسییەكی جێگیر. بۆ نموونە تونس یەكێكە لەو وڵاتانە. توێژینەوەكانمان پیشانی دەدەن كە خەڵكی تونس لێبوردەترین خەڵكن لە رووی ئایینییەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقیادا. ئەگەر تونس سەركەوێت لە سەقامگیركردنی وڵات و پێشخستنی بارودۆخی ئابووری، ئەوا دەبێتە مۆدێلێك بۆ سەرجەم ناوچەكە كە لاسایی بكەنەوە. بڕوانە:

http://umdrightnow.umd.edu/news/umd-led-survey-reveals-religious-tolerance-and-declining-extremism-tunisia.

*** نەبوونی دیموكراسی، یان ئەلتەرناتیڤە ناوەندگیرەكان یەكێكە لەو هۆكارانەی كە بارودۆخەكە رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپی دەبات، ئەمەش واتە ئەگەر بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئەوا وەك تاوانباری جەنگ مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، لەبەر ئەوەی سەدان هەزار خەڵكی مەدەنی كوشتووە. ئەگەر رژێمەكەش بڕووخێندرێت، ئەوا نازانین كێ جێی دەگرێتەوە. ئەگەر داعشیش تێكبشكێندرێت، ئەوا قۆناغی پاش داعش قۆناغی ناكۆكی نێوان رۆژئاوا و رووسیا دەبێت. ئایا لەم بارەدا هیچ هیوایەك ماوە؟**

- هەوڵەكان لە سووریادا بۆ سەقامگیركردنی وڵات دەبێت لەسەر ستراتیژێكی دوولایەنە بێت. یەكەم هەوڵێكی سیستەماتیكی و بەردەوامە بۆ شەڕكردن لەگەڵ ئیسلامییە توندڕەوەكان و تێكشكانی داعش بەتایبەتی. دووەمیشیان گەڕانە بە شوێن ئەلتەرناتیڤێك بۆ رژێمی ئەسەد كە لەكارلابردن و دادگاییكردنی بەشار ئەسەدیش بگرێتەوە.

*** بۆ دوو ساڵە داعش سێ یەكی عێراق و سووریای داگیركردووە و ئەو دوو وڵاتە چیتر سەروەرییان نەماوە و بەم داگیركارییەی داعشیش سوننە و شیعەكان ناتوانن چیتر بە یەكەوە بژین، لەو دۆخەدا تا چەند پێداگریی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر یەكگرتوویی عێراق و سووریا دەبێتە هۆی كۆمەڵكوژی گەورە لە نێوان سوننە و شیعەكان لە ناوچەكەدا؟**

- عەرەبە سوننەكانی عێراق دەبێت ئۆتۆنۆمییەكی بەرچاویان هەبێت و ئیعترافیان پێ بكرێت لەلایەن سەركردایەتی شیعەوە بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن وەك هاوبەشێكی بەرچاو بن بۆ شەڕ لە دژی داعش.

*** لە سەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، داعش هەڕەشەیە بۆ سنوورەكان لە سووریا و عێراقەوە بگرە تا دەگاتە دەوڵەتانی كەنداو و باكووری ئەفریقیا، لەهەمانكاتدا دەستێوەردانێكی زۆری ئێرانی هەیە كە سعودیەی زۆر نیگەرانتر كردووە لە هەڕەشەكانی داعش، بەڵام وڵاتانی باكووری ئەفریقیا وەك میسر و تونس و لیبیا داعش وەك هەڕەشەی سەرەكی دەبینن. تا چەند دەستێوەردانی ئێران زیاتر بارودۆخەكەی ئاڵۆزكردووە و هەوڵەكانی وڵاتانی ناوچەكەی بۆ تێكشكانی داعش كەم كردووەتەوە؟**

- بەداخەوە ئێران تا ئێستا بەشێك بووە لە كێشەكان، نەك چارەسەرەكان.

*** شارەزایانی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیانوایە دەستێوەردانی ئێران پێویستە سنووردار بكرێت و شەڕە بەوەكالەتەكان كۆتایی پێ بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر تەنانەت داعشیش تێكبشكێت، ئەوا ئێران دەوڵەتێكی ئیسلامی مەزهەبی لە سووریا و عێراقدا دروستدەكات كە جێی داعش بگرێتەوە، بەڕای تۆ دەكرێت بژاردەی سێیەم بێتە ئاراوە كە دەوڵەتێكی سێكیولار و دیموكراسی بێت؟**

- ناتوانرێت داعش تێكبشكێندرێت بەبێ سەیركردنی ئاواتە ناوچەییەكانی تاران. مەرجەكانی تێكشكانی داعش لەوەدایە كە رۆڵی وێرانكەری باڵی توندڕەوی حكومەتی ئێرانی لاوازبكرێت، بەتایبەتی رۆڵی گاردی شۆڕشگێرانی ئیسلامی ئێران.

**ئەوەی بەڕاستی هەڕەشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەكات، جەنگی تائیفیی نێوان شیعە توندڕەوەكان بە سەركردایەتی ئێران و سوننە توندڕەوەكانە كە لە لایەن سعودیە و وڵاتانی كەنداوەوە پاڵپشتی دەكرێن**